


# کورد وئەرمەن

پەیوەندیە مێژوویيەکان



ناوی کتێب بەکوردی: کورد و ئەرمەن، پەیوەندییە مێژووییەکان



# کوردو ئەرمەن
## پەیوەندییە مێژووییەکان

نووسینی: فارس عوسمان
وەرگێڕانی خالید عەزیز












--------------------------

## پێشکەشە..

بەو کەسانەی لێم تێدەگەن ....! !

-----------------------------

## پێشەکی

--------

ئەرمەن ئەو گەلەی کارەساتی مەرگ وجینۆساید بوە فاکتەری رزگاربونیان ، بە گوێرەی نوسینی مێژونوسە بیانی وئەرمەنیەکان وەکو هیرۆدۆتس وسترابۆ دە بێ ئەم نەتەوەیە لە ساڵەکانی 1200 بەر لە زاینی لە بەلکانەوە لە رێگەی بسفۆر ودە ردەنیلەوە بەرەو رۆژهەلاَت هاتبن ، بەر لەوانیش ئەوشوێنەی لێی دەگیرسێنەوە دیارە ئۆرارتۆکان دەوڵەتیان لەو ناوچانە هەبوە کە بە هالدی یا خالدی دەناسران ئیتر ئەوان لەسەر کەلاوەی ئەم دەولەتە دادەکوتن .

بۆ رە چەلەکی ئە رمەنەکان تائێستا مێژوو نوسە کان لە سەر ئەوە کۆکن کە لە نەژادی ئەوروپی وئاری بوبن . دوای بلاَو بونە وەی ئاینی کریستی پادشای ئ ەرمەنەکان یەکەم پادشای دونیا بوە بڕوای بە ئاینی کریستی هێناوەو ئەم ئاینەشی بە فەرمی کردەو بە ئاینی دەوڵەت ، ئەوسا کوردەکان زەردەشتی بون بەلاَم هیچ ناکۆکیەکی ئاینی لە نێوانیاندا سەری هەڵنەداوە جگە لە نەخشەی دوژمنان دەنا نە کورد نە ئەرمەن هیچ کاتێک بەرنامەی دژی یەکتریان لەسەر ئاستی دەسەلاَتدارانیان بۆ یەکتریان دانە رشتوە .

دیارە لەم پەرتوکەش ئاماژە بە ژیانی ئابوری وسیاسی وکۆمە لیەتیی ئەو دوو نە تەوە دراوسێیە دەدا کە خاڵە هاوبەشەکانیان زۆر لە خاڵە ناکۆکەکان زیاترن ، جگە لەمەش هاوکاری ودۆستایەتیە کانیان لە دێر زەمانەوە ئەوە دەسەڵمێنێ کە نیازپاکی تاکی گە لی ئەرمەنی وکورد دۆستایەتی ودراوسێیەتیەکی پاک وبێ گەرد بوە ، دەکرێ هۆکاری درێژە پێدانی ئەم دۆستایەتیە بۆ ئەو هاودۆخە ی هە ردوکیان بگێرینە وە کە تا ساڵەکانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و بەتەواوەتیش تا پەیماننامەی سیڤەر هاو کێشەو هاو گرفت وهاو هەلوێست بون بەلاَم کاتێک لەو کۆنگرانەی لە سەروبەند ودوای جەنگی یەکەمی جیهانی دەبەسترێن بە هۆی کارە ساتەکانی جینۆسایدی ئە رمەنەکان وهە ندێک هۆکاری تریش گەلێک لە دەولەتە زلهێزەکان هە ستیان بە شەرمەزاریەکی مێژویی دە کرد کە لە کاتی پێویست بە هانای ئە رمەنەکانەوە نەهاتون بۆیە دەبینین لە وماوەیە لەگەڵ داواکانی ئەرمەنەکان زیاتر لە هی کوردەکان هاوسۆز دە بن و بریارو پشتگیری لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئە رمەنی دە کەن بۆ قە رەبوکردنەوەی ئە و زیانانە ی لە و ماوە یە لە ئەنجامی جینۆساید لێیان کە وتبو کە لەسەر دەستی عوسمانی وکە مالیستەکانەوە ئەنجام درابوون ، بریتی بون لە 4 ئۆپەراسیۆنی کۆکوژی لە ماوە کەمتر لە 25 سال کە تەنها لە یەک ئۆپەراسیۆندا ملیۆنێک ونیو کە سی سڤیلی ئەرمەنی تیاچون وگوند وشارە کانیان لێ خاپور کران وئەوانی تریش دەربەدەر وراگواسترانەوە .

ئەم پە رتوکە وێرای باسکردن لە پەیوەندیەکانی هە ردوو نە تەوەی دراوسێ و دۆست کەمێکیش دێتە سەر مێژوی ئەم نەتەوەیە . بە دیدی من شارەزا بوون لە مێژوی دەورو بەر

شارەزا بونە لە جوگرافیا ومێژوی خۆت و گەلەکەت هەر بۆیە بە وەرگێرانی ئەم پەرتوکە مەبەستم بوە خوێنەری کورد لەم زانیاریانە بێبەش نەبن .
لەم روانگەیەوە من پێم وایە مرۆڤ ناتوانێ بە تەواوەتی ئەو مەرامە بپێکی کە کاری بۆ دەکا ئەگەر نەزانی پێگەو روداوەکانی دەورو بەری چین وچۆن بەم ئاستە گەییون ، گەلی ئەرمەنی گەلێکی خەباتگێر وقوربانی بەخشە ، جارێک بەهۆی جیاوازی ئاینەوەو جارێک بەهۆی یەکنەگرتنەوەی بەرژەوەندیەکانی ولاتە زلهێزەکانەوە ژێردەست بوەو ولاتەکەیان بۆتە ململانێی یەکلا کردنەوەی هاوکێشەکان لە نێوان ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی ورۆمانی وسەفەوی وعەباسی و ئەخمینی و ساسانی و دواتر عوسمانی وروس وئەو وروپیەکانەوە ، دوای ئەوەی بە داگیر کردن بۆیان نەچوە سەر پیلان ونەخشە گەرمەکانیان بریتی بوون لە بەگژیەکدا بردنی ئەرمەن ونەتەوەکانی تر بە تایبەتیش کورد . بەلام وا دە بینین کە ئەم هەموو بەرنامەو پیلانانە سەرناگرن وئەقلیەتی تاک وسەرکردەکانی ئەوسای هەردووک نەتەوە لەم پیلانانە وشیارتر بوەو ئەوەی لە مێژو بۆ مان دەگێڕێتەوە تەنها دۆستایەتی وهاوکاری وتەبایی بوە لە نێوانیان ، ئەوانی تر هەمویان دەچنە ناو سەبەتەی هەولە نەزۆکەکانەوە .

خالید هەرکی ......2009/06/22 هەولێر

[www.serben.com](http://www.serben.com)
[khalidherki@chello.nl](mailto:khalidherki@chello.nl)

---------------------------------

پانۆرامای مێژووی ئەرمەنی

---------------------------------

کۆماری ئەرمینیا دەکەوێتە خواروی زنجیرە چیای قەوقاسی مەزن لە هەرێمی پشتی قەوقاسی ئاسیایی یە وە و لە خواروی رۆژئاوای کشوەری ئاسیاوە یە ، کە دەکاتە رۆژهەلاتی تورکیاو رۆژئاوای ئازەربایجان وخواروی گورجستان و باکوری ئێرانەوە.
لە نێوان هێلەکانی 38.52 و 41.18 پلەی پانی وباکوری هێلی ئستیوا ، لە نێوان هێلی درێژی 31،43 و 37،46 رۆژهەلاتی گرینچ. ( ئەم ولاتە یەکەیەکی جوگرافیی تایبەتیی هەیە جیاوازە لەگەل هەموو ولاتە دراوسێکانی )

ئەم ناوچەیە ناوچەیەکی شاخاویی سەختە لە خوارەوە بەرەو ڕۆژهەڵات درێژ دەبێتەوە ، چەند گردۆلکەو پیادەرێی سەخت و دە شتایی تێکەوتوە ، چیاکان بەرزاییان لە سەر ڕوی زەویەوە لە نێوان 2500 تا 5500 پێ بەرز دەبێ ، جگە لەمە چەند پێدەشت ودارستان وروبارێکی بە ناوبانگی لێ هە ڵکەوتوە کە زۆربەی ناوچە بەپیتەکانی دە کەونە دۆڵی روباری ئاراس کە لە بەناوبانگترین روبارەکانی ئەرمینیا یە .

بەهۆی بەرزیی لە روی زەمینەوە ئاوو هەواکەی زستانی ساردو وشک ، هاوینیشی گەرم ووشکە.

لەگەڵ بوونی جیاوازیی زۆر لە نێوان هەندێک ناوچەو هەرێمەکانیەوە لەگەڵ ئەوەش هاوینێکی درێژ ووشک وگە رمی هەیە بە زستانێکی فرە جۆرەوە . دەشتاییەکانی بارانی کەمە ، زۆربەی بارانەکانی لە وەرزی پایزدا دەبارن .

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە کەش وهەواکەی بە پێچەوانەی کەش و هەوای دەوروبەریەتی لە گۆمی فوراتی خ وارو و ئاوو هە وا مامناوەندیی هەرێمی کەنارەکانی دەریای رەش .

ناوچە گردۆلەکانی زستانێکی دورو درێژی هە یە کە ماوەی هەشت مانگ دە خایەنێ لەم ماوەیە کەش و هە وایەکی ساردو وشکی دە بێ هاوینیشی گە رم وکورتە کە تەنها دوو مانگێک دەخایەنێ .

سەرەڕای سەختی باری ژیانی سروشتیی ئەرمینیا لە ڕوی دانیشتوانەوە لە وڵاتە چڕەکان دەژمێردرێت بۆ هە ر 1کم ی چوارگۆشە 126 کەسی بەردەکەوێ ، رێژەی سەرژمێریی بەپێی سەرژمێری ساڵی 2001 دەگاتە 3336100 هاوڵاتی . ئەرمەنەکان لەم وڵاتە رێژەی لە 88% پێک دەهێنن ، لەگەڵیان چەند کەمە نەتەوایەتیەک دەژین وەکو ، ئازەریەکان لە 6.1% ، روسەکان لە 3.2% ، کورد لە 1.5% ، هەندێکیش لە ئۆکرانی وگورجی و تورک وفارس وئاشوری وهە ندێکی تر . بە رێژەی لە 96% ی دانیشتوانی کۆمار بە ئەرمەنی دەدوێن لە 2% بە روسی و لە 2% زمانەکانی ترن .

ئەرمینیا بەسەر 10 هەرێمدا دابەش دەبێ ئەوانیش : ئاراگاتسۆتن ، ئارارات ، ئارماڤیر ، گیگهارکونیک ، کۆتایک ، لۆری ، شیراک ، سیونیک ، تاڤوش ، ڤایۆتس دزور . لەگەڵ شاری یەریڤانی پایتەخت .

لەدێر زەمانەوە و لە چەرخی کۆنەوە رەگەزێک لەو ناوچەیە ژیاوە کە نە ئاری ونە سامی بون ئەویش نەوەیەک بون پێیان دە وتن ( خالدی ) دواتر بەو هەرێمە وترا هالدی بە هۆی ئەوەی ئەوسا ئەمان دەوڵەتێکی بەهێز بوون لە دەوروبەری دەریاچەی ئارجیش کە نزیکەی 250 ساڵ ئەم دەوڵەتە بەردەوامی بووە کە لە ساڵەکانی دوو هەزاری بەر لە زاینی لەسەر کاولی دە وڵەتی خالدی دروست بوو، پێی دە وترا میرنشینی (ئۆرارتۆ) لە گردۆڵکەکانی ئەرمینیاو دەریاچەی وان ئە م دەوڵەتە بونی بووە لە بەهێزترین دەوڵەتی ڕۆژئاوای ئاسیا بووە ، پادشاکانی سنوری دە سەڵاتی خۆیان فراوان پێکرد تا ئە وناوچانەی گرتەوە کە ( لە باکوریەوە قەوقاس بوو تاخواروی دە ریاچەی وان لە خوارویەوە ، لە رۆژ هەڵاتیشیەوە دەریاچەی ورمێ تا روباری فورات لە رۆژئاوای گرتەوە ).

ئەم دەوڵەتە دوای ئەوەی لە سەرەتای دامەزراندنی لە سەدەی هەشتەمی پێش زاینی چەند سەرکەوتنێکی بەرانبەر بە رکابەرەکەی لە ناوچەی ئیمپراتۆری ئاشوری وە دەست هێنابو، گەشەی بەخۆوە بینی . هەربۆیە لە باکوری روباری زابی سەرەوە لە ناوچەی موسامسیر ناوچەیەکی دروست کردبو بۆ بە رپەرچدانەوەی هێرشی ئاشوریە کان و وە کو بنکەیەکی هەرەشەکردنیش لە دەوڵەتی ئاشوریە کان ، بە ڵام ئە مە نەبوە رێگر لە بەردەم هێرشی ئاشوریەکان کە دواتر توانیان لە ئۆرارتۆوە هێرش بکە نە سەریان وشارو پێگە کانیان تەفروتونا بکەن ، باشترین بەڵگەش بۆ راستی روداوەکان و چارەنوسی ئۆرارتۆی پادشای ئەرمەنیەکان ئەو نوسین ویادەوەریانەن کە (شلمەنسری سێیەم 859 – 925 پ.ز) پادشای ئاشوریەکان لە سەبەتەی رەشدا نوسیبونی لە شاری بلوات دەستی بەسەردا گیرا ئێستاش لە مۆزەخانەی بە ریتانی لە لەندەن پارێزراوە ، لە نوسینەکانیدا شلمەنسر دەڵێ ( هێزی چەکەکانم ئەرمینیای ئۆراردیی تۆقاند ، کە ئە رزاسکونی پایتەختیان پێ جێهێشتن و رایان کردە چیای ئەدرودی ، وازم لێیان نە هێناو شەرم لەگەڵدا کردن تا توانیم بیان بە زێنم و بە 3400 سەربازیشەوەی بە دیل بگرم ، دە ستم گرت بە سەر هەموو موڵک و ماڵە کانی وبەتاڵانم برد هە رچی مۆڵگەو بنکە ی هەبوون کاولم کرد پشت بە هێزە زەبەلاحەکەمەوە توانیم وەکو گای کیوی بکە ومە ناو وڵاتەکەی وکاولی کە م و بیسوتێنم ، هە ر لە دەروازە شارەکانیان سێدارەم داخست وبە زیندویێتی خەڵکم هەڵواسی .

لە نیوەی دووەمی سەدەی حەوتەمی پ.ز یەوە ئۆرارتۆ لاواز دەبێ ، بەڵام لەگەڵ ئەوەی دەوڵەتی ئاشوری لە ساڵی 612 پ.ز تیادەچێ دەوڵەتی ئۆرارتۆ وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ بەردەوام دەبێ تا ساڵی 609 پ.ز ئەوکاتەی لەسەر دەستی میدیەکان کۆتایی پێدێ ، ئە م لەناوچونە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەرمەنەکان بۆ گردۆلکە کانی ئەرمینیا کۆچ بکە ن ولەوێ نیشتەجێ بن دواتر دەوڵەتی ئەرمینیای یەکەم دابمەزرێنن .

بۆ رەچەڵەکی ئەرمەنیەکان مێژوو نوسی یۆنانی هیرۆدتس دەلێ ئەرمەنەکان یەکەم جار لە بەلقان نیشتەجێ بون بە تەواوەتیش لە (تراقیا) کە یەکێکن لە هۆزەکانی (فەریجی)ی ئەو ناوچەیە کە لە سەدەی 12 ی پ.ز لە رێگەی بەسفۆرد ودەردەنیلەوە بۆ ناوچەکانی ئاسیا کۆچیان کردوە لە فریجیا جێنیش دە بن دواتر بە قۆناغ بەرەو رۆژهەڵات کۆچ دە کەن بەم شێوەیە تا لە سەدەی 7 پ.ز کاتێک دە ولەتی ئۆراردی تیادە چێ لە ئەرمینیا دەگیرسێنەوەو جێگیر دەبن .

سترابونی مێژوونوس دە ڵێ ئەرمەنەکان لە هۆزی تراکۆ – فیریجیە ن کە لە ناوچەی تسلیای باکوری یۆنانستانن ، لە رێگەی بولگاریاوە بۆ ئاسیای بچوک کۆچیان کردوە و تا دواجار لە ئەرزنجان و دە وروبەری گۆمی فورات وزابی مە زن جێگیر دە بن ، دواتر بەرەو رۆژهەڵات تا ناوچەکانی قالیقلا و ئە دیادین دەچن تا دەگەنە ئەرمینیا و گردۆلەکانی داگیر دەکەن و لێی دادەکوتن.

زۆربەی مێژوو نوسانی ئەرمەنی ئەو بیردۆزە دەسەلمێنن کە رەچەڵەکی ئەرمەنەکان لە ئەوروپیەکانەوەیە ، واتە بیردۆزی هیرۆدۆتس و سترابون کە هەمویان لەسەر ئەورایە کۆکن کە شەپۆلی ئەرمەنەکان لە بەلقانەوە بەرەو رۆژهەڵات هاتوون سە رەتا لە ناوچەی نێوان روباری هالیس ودجلە و فورات جێگیر بونە ئەو ناوچە یەی دە بوە رۆژهەڵاتی ناوچەی ژێر دە سەڵاتی ئیمپراتۆریی (حەسیس) کە بە (هایاسا ) دەناسرا دواتر خە ڵکە کۆچەرەکە لەگەڵ خەڵکە دانیشتوانە رەسەنەکان لە حەسیەو وهۆریە ومیتانیەکان تێکەڵ بون

، دوای روخانی ئیمپراتۆریه  تی حه سیه  ناوچەکە  بەتەواوەتی راده ستی خه ڵکه  نوێکه کرایەوه کە (ئەرمەن)ەکان بوون  بە م شێوەیە تا ماوەیەک ناوی هایاسا وون دە بێ تا دواتر وەکو ناوێکی هاوتای ئەرمەنەکان دێتەوه مەیدان .

هەندێک لە مێژوو نوسانی ئەرمەنی بەتایبەت مێژوو نووس مۆسیس خۆرینی دە رکەوتنی یەکەم دەوڵەت یا میرنشینی ئە رمەنی بۆ سەردەمی پادشای ئەرمەنی (هایک) دەگەڕێنێتەوە بێ ئەوەی پشت بە بەڵگە یا داکۆمێنتێکی مێژوویی ببەستێ .

بەڵام ئەوەی گومانی تیا نیە  ئەوەیە کە ئەرمەنەکان لێرەو لەوێ خاوەنی میرنشینی بچوک بوون کە  لە ژێر سایە ی ئاشوریە کان لە لایەن ئە رمەنەکان خۆیانە وە بەڕێوە دەبردران ، دوای ئەوەی میدیەکان بە  هاوکاری بابلیەکان ئیمپراتۆریەتی ئاشوریەکان لە ساڵی 612 ی پ.ز لەناو دەبەن سامان وناوچە کانیان دابە شی سەرخۆیان دەکەن بەم پێیە  لەو ساڵەوە ( 612 تا 550 پ.ز )ئەرمینیا  راستە وخۆ دە کەوێتە ژێر دە سەڵاتی میدیە کان کە  ئەوان حوکمڕانێ ئەرمەنیان بۆ دادە مەزراندن  بە مەرجی دانی جزیە  بە دەوڵەتی میدیەکان و بە سنوردار کردنی دەسەڵاتی ئیداریانەوە.

دوای ئە وەی  (کۆرش  )  دەوڵەتی میدیە کان لە ناودەباو ئیمپراتۆریە تی  ئەخمینیەکان دادەمەزرێنێ کە  هەروەها بە  ئیمپراتۆریەتی ئە خمینیی میدیش دە ناسرا ، ئە وسا ئە رمینیا دەبێتە  هەرێمی سیانزە مین لە  ئیمپراتۆریەتی ئەخمینیی نوێ  . ئەمەو پادشا  کانی ئەخمینی پابەندی ئە و رێککە وتنەی میدی  –  ئەرمەنی بوون بە    هێشتنەوەی مافی دیاری کردنی رێبەرانی ئە رمەنی بۆ میرنشینە  کانیان لە وانەی کە   دلسۆزی پادشاکانن   .  لەم روە وە پەیوەندیی باش لە  نێوان پادشای فارسەکان (کۆرۆش ) ی دامەزرێنەری دەوڵەتی ئەخمینی وحاکمی ئەرمەنەکان (پیرەوانت ) دا هەبوو *{ئیمپراتۆریەتی ئەخمینی لە  ساڵی 590 پ.ز لەسەر دە ستی کۆرش دادە مەزرێ زیاتر لە   دوو سە دە و نیو   حوکمڕانێ دەکا سە رچاوە فارسیەکان بە  دەوڵەتێ کیانی ناوی دە  بەن بەڵام سەرچاوە  یۆنانیەکان بە  ئیمپراتۆریەتی ئەخمینی – میدی ناوی دەبەن لە  بەناوبانگترین پادشاکلفی کۆرش – قەمبیز ، دارای یە کەم داریۆش دەبن کە  ئەسکەندەری مەقەدۆنی لەناوی دەبا لە  ساڵی 331 پ.ز }* ( کۆرش بە هاوکاری پێرەوانت چەندین قەڵاو ناوچەی ستراتیجیان لە ئەرمینیا دروست کرد ، هەروەها سوپایەکی بە هێز وئیدارە یەکی پتەویان دامەزراند . لەگەڵ دیاری کردنی هێلە  سنوریەکان وچەند هەنگاوێکی سەرکەوتوویان نا  لە پێناو پێشوەچونی کۆمەلگای ئەرمەنی  .

دوای ئەوەی ئەسکەندەری مەقەدۆنی ئیمپراتۆریەتی ئەخمینی لە ساڵی 331 پ.ز لەناو دەبا ئەرمینیا دەبێتە بەشێک لە مومتەلەکاتی فاتحی یۆنانی کە دواتر حوکمڕانیەکە بە (مەهران ) ی هاوپەیمانە ئەرمەنەکەی دەسپێرێ ئەو  هاوپەیمانەی لە رۆژە تەنگەکاندا هاوشانی وەستاو هاوکاریی کرد لە    شەڕەکانی هە ولێر لە   ساڵی  331  ی پ .ز کە   دژی پادشای فارسی داریۆشی سێیەم بوو ..

دوای مردنی ئەسکەندەر لە 323 پ.ز  بۆ حوکمڕانی ئەرمینیا وکوردستان وئێران  وڵاتی رافیدەین وشام  سە   رکردەیەکی بە ناوی سلۆقس ی یە   کەم جێی دە  گرێتەوە  کە  هەوڵی دەستگرتن بە سەر تە واوی ناوچە کانی ئە رمینیای دا    .  لەژێر سایە ی دە وڵەتی سلوقیە کان یەکەم دە وڵەتی سە ربەخۆی ئە رمەنی لە    ماوەی  331  تا  189  پ.ز دادە مەزرێ کە  بە میرنشینی ئە رمەنیی یە کەم دە ناسرێ.  ئەمەش ئە وکاتە  دەبێ کە   میر مە هران سود  لە دەرفەتی شە ڕی نێوان دە    وڵەتی سلوقیە  کان وئیمپراتۆریە  تی رۆمانی وە   ردەگرێ و

سەربەخۆبونی دەوڵەتەکەی رادەگەیەنێ . ئەو سەردەمە لە مێژوی ئەرمەنەکان پێشوەچونی زۆر گرنگی بەخۆیەوە بینی لە بواری کۆمەلایەتی وئاوەدانکردنەوەدا .

لە ساڵی 189 – 160 پ.ز ئەردەشێری یەکەم میرنشینێکی بە هێزی دامەزراند کە لە هەموو رویێکەوە لەسەرپێ و بەهێز بوو ناونرا بە میرنشینی ئەرمەنیی دووەم ، دوای ئەو کوڕ ونەوەکانی ئەم میرنشینە یان برد بە ڕێوە ، لە بەناوبانگترین پادشاکانی ( دیکرانی دووەم بو کە بە دیکرانی مەزن دەناسرا لە ساڵی 94 – 55 پ.ز حوکمڕانیی کرد ) ئەم پادشایە توانیی هەموو ئەرمینیا رزگار بکاوو رێبازی ئەرداشیش بۆ فراوانخوازی پیادە بکا ، ئەوەبو خواروی وڵاتی نێوان دوو روبارە کە (مابين النهرين) ی بە ئەرمینیاوە لکاند تا گەیشتە سور و سەیدا لە سوریا ، دوای ئەوە کابدۆکیەی لە ئاسیای بچوک داگیر کرد تا وای لێهات لە ساڵی 70 ی پ.ز بوو بە یەکەم حاکمی ناوچەی خۆر هەلات ، بەهۆیەوە کۆنسۆلی رۆمانی ( شیشرۆن ناوینابو ( پادشای ئاسیای مەزن ) جونکە سنوری ئیمپراتۆریەکەی لە رۆژهەڵاتەوە دەریای قەزوینەوە تا دەریای سپیی ناوەڕاست، لە رۆژئاوا و لە باکوڕیشەوە قەوقاس تا کیلیکیا وفەلەستین لە باشور دەگرتە خۆ .

بەهۆی ئەو سەرکەوتێ وفراوانبونە یەوە دیکرانی دووەم پادشای ئەم ووڵاتە هەڵسا بە دروست کردنی پایتەختێکی نوێ لە ناوەڕاستی ئیمپراتۆریەتەکەی ناوینا ( تیکرانا کیرتا ) کەوتبوە سەر کەناری روباری دیجلە وە کە ئێستا پێی دە وترێ ( میافارقین ) بۆ ئێستا دەکەوێتە نزیک شاری دیاربەکر لەسەر چیای تۆرۆس .

بەڵام رۆمانیەکان بە چاوێکی ترسەوە سەیری هەنگاوەکانی تیکرانی دووەمیان دەکرد بۆیە لەگەڵی کەوتنە شەڕ . فەرماندەی رۆمانی (لۆگۆس ) دوای ئەویش ( بۆمبی) توانیان شکست بە ئەرمەنەکان بێنن و بە زۆر پەیماننامەیەک مەرجەکانی رۆمانی بەسەرتیکراندا بسەپێنن ، لە وکاتەی بۆمبی پێشوازی لە تیکران دەکا زۆر بەڕێزەوە پێشوازیی لێ دەکاو هەموو نیشانەکانی پادشایەتیی بۆ دەگێرێتەوە بەڵام هەموو دەسەڵاتەکانی لە سوریاو لوبنان و کیلیکیا و کە بدوکیا وکوردستانی لێسەندەوە تەنها دەسەڵاتی لە ئەرمینیا پێ بەخشی کە سنورەکەی سنوری ئەرمینیای کۆن بوو .

تیکران پادشا دوای خۆی دە سەڵاتی بۆ ئاردامستی دووەم جێهێشت کە دەیکردە کوڕی دووەمی تیکران پادشای یەکەم بەڵام ئەویش بەرانبەر بە رۆمانیەکان شکست دەخوا دوای ئەو کە بە کوشتن لەناو دەچێ کورەکەی (ئەردەشێری دووەم ) دێتە شوێنی ئەویش دژی ئیمپراتۆریەتی رۆمانیەکان لە گەڵ برثیەکان *{ دەوڵەتی باراثی / فەرتی/ یا فەرثی لە ساڵی 248پ.ز – 226 ز حوکمیان گێراوە لە سەرچاوە عەرەبیەکان بە دەوڵەتی تایفەکان دەناسرێ بەڵام سەرچاوە فارسیەکان بە دەوڵەتی برثیەکان ناوی دەبەن یەکەم ئەرشاک پادشا لە 248 پ.ز – 246 پ.ز ئەم دەوڵەتەی دامەزراندوە بەناوبانگ ترین پادشاکانی میهردادی یەکەم بوو کە بە مەزن دەناسرا لە 171 – 138 حوکمی کرد }* هاوپەیمانی دەبەستێ ، دواتر بە هاوکاری سوپای برثیەکان شۆڕشی میدیەکان لەناودەبا دژی پادشای برثیە کان (فەرهادی چوارەم ) کە بەهۆیەوە پاداشتی ئەوەی دەدرێتێ بکرێتە پادشای ئەرمینیا ، دوای گەڕانەوەی توانیی دەستبەسەر زۆربەی پادگاکانی رۆمانیەکان دا بگرێ .

لە ئەنجامی هاوپەیمانێتیی پادشا ئەردەشێری دووەم و برثەکان، رۆمانەکان هەوڵی نانەوەی دوبەرەکیان دا بۆیە توانیان لە ناوەوە چەند گێچەل وناکۆکیەک بنێنەوە .

لەسەرەتای سەدەی یەکەمی زاینیدا ئەرمینیا روبەڕوی چەدن هێرشێکی داگیرکاری لە لایەن فارس و رۆمان وگورجیەکان بوەوە ، بۆیە دەبینین لە ناوەڕاستی سەدەی یەکەم کاتێک پێشەنگەکانی سوپای رۆمانیەکان دەگەنە میسر و سوریا وئاسیای بچوک ، لە گەڵ دەستپێکردنی ململانێکانی نێوان فارس و رۆمانیەکان ئەرمینیا دەبێتە مەیدانی ململانێی نێوان رۆمانی و فارسەکان بە هۆیەوە وڵات بەسەر دوو بەرەدا دابەش دەبێ ، بەکیان لایەنگری فارسەکان دەکەن ئەوی تریشیان لایەنگری رۆمانەکان ، ئەوە بو هیچ لایەک بە تەنیایی لە توانایدا نابێ حوکمڕانی لە ئەرمینیا بکات . دوای مردنی پادشای ئەرمینیا ( ئەریۆ بارزان ) کە بە رەگەز کورد بوو - میدی - ئەوەی دوای سەرکەوتنیان بەسەر سوپای رۆمانەکاندا ئەلبرث بە پادشای ئەرمینیای دامەزراند ، لە ساڵی 66 رێککەوتنێک لە نێوان فارس ورۆمەکان ئەنجام درا ناویان نا پەیماننامەی (رهاندیا ) تایبەت بوو بە چەک داماڵین لە ئەرمینیا بە پێیەوە (هەردووک ئیمپراتۆریەت دان بە سەروەری ئەرمەنەکان دەنێن لە وڵاتەکەیاندا بە مەرجێک بارثیا پادشای ئەرمینیا دەستنیشان بکا بەرانبەر بەمە رۆمەکان دەبێ پیرۆزباییان لێ بکەن .
ئەوەبوو لە ساڵی 66 بارثیا یەکەم ترداد ی وەکو پادشای ئەرمینیا دامەزراند بە گەیشتنی ئەو میرنشینی سێیەمی ئەرمینیا دادەمەزرێ لە ژێر ناوی ( میرنشینی خانەوادەی ئەرشاگۆنی ) کە لە ساڵی 66 تا 429 درێژەی هەبوو ، بەڵام هەندێک لە مێژوو نوسان رایان وایە کە ئەم سەردەمە نابێ بە سەردەمی حوکمڕانیەکی ئەرمەنیی رەها بناسرێ چونکە زۆربەی حاکمەکان ئەرمەنی نەبوون ، ئەوەتا یەکەم پادشایان ترداد پادشا فارس بوو کە فارسەکان خۆیان پالاوتبویان ولە رۆماشەوە نیرۆن ئیمپراتۆر هاتبوو .
لەسەردەمی پادشای ئەرمەنیەکان خەسرۆفی یەکەمی گەورە 217 – 238 دەوڵەتی بارثی بە کوشتنی دوا پادشاکەیان ( ئەردەوان ) بەدەستی میری ساسانیەکان ( ئەردەشێر ) لە 226 دەروخێ ، لەوکاتەوە دەوڵەتی ساسانی دادەمەزرێ *{ ئیمپراتۆریەتی ساسانی لە سەردەستی یەکەم ئەردەشێر پادشا لە 226 دادەمەزرێ کە لە ( 226 تا 651 ) حوکمڕانی دەکەن ، ئەمەش بۆیە وا ناونراوە بەهۆی پیاوە ئاینیەکەی زەردەشتیەکانەوەبو کە ناوی ساسان بوو باپیرەی ئەردەشێر بوو ، حوکمڕانیی ساسانیەکان نزیکەی چوارسەدە و نیو دەخایەنێ لەو ماوەیەدا 30 ئیمپراتۆر حوکم دەکەن دواینیان سێیەم ئەزدەجر دەبێ کە لە ساڵی 651 لە شەڕی قادسیە دەکوژرێ }*
ئەو ململانێیەی نێوان برثیەکان وساسانیەکاندا هەبوو کاری کردبوە سەر ئەرمینیا چونکە پادشای ئەرمینیا خەسرۆفی یەکەمی گەورە دەیکردە برای (ئەردەلان ) ی پادشای برثیەکان ، کە توانیی بە هاوکاری یەکێک لە تیپەکانی سوپای رۆمانیەکان تۆلەی براکەی (ئەردەوان) لە ساسانیەکان بکاتەوەو بگاتە (تیسفۆن)ی پایتەختی ساسانیەکان و ئەردەشێر وەدەرنێ ، بەڵام ئەردەشێر دوای ئەوەی خەسرۆف ئەوێ جێ دەهێڵێ دەتوانێ بگەڕێتەوە سەر تەختی حوکم و دەسەڵات بگرێتەوە دەست .
دوای سەربەخۆییەکی تەواوی ماوەی دە ساڵ و رزگار بوون لە ژێر رکێفی بێزەنتی وساسانیەکان و دوای ئەوەی ململانێ دوبارە دەکەوێتە نێوان هەردوو دەوڵەت ، ئەرمینیا بەهۆی گرنگی جوگرافیاکەیەوە دەبێتەوە مەیدانی ململانێ و بەگژیەکدا چوون ، بەڵام ماوە ماوە ئەم وڵاتە هەندێک باری ئارامی وئاسودەیی بەخۆوە دەبینی ، ئەوەتا لەم کات وساتە ناسکەداو لە کاتی شەڕو پێکدادانی نێوان ساسانی فارس وبێزەنتیی رۆمانیەکاندا ئەرمینیا دەبێتە یەکەم دەوڵەت لە سەرتاسەری دونیا کە بە شێوەیەکی فەرمی بڕوا بە ئاینی کریستی

دەهێنێ وئاینی کریستی دە بێتە ئاینی فەرمی وڵات ( ئەمە ئەوکاتە دەبێ کە تررداد پادشای سێیەم لە 250 لەژێر کاریگەری قەشە (گریگۆرئاناک) دەچێتە سەر ئاینی کریستی وبڕوای پێ دەهێنێ لە 310 کریستی دەکا بە ئاینی فەرمیی وڵات ئەم گریگۆرە بە روناککەرەوە ناسرا دواتر هەر ئەو بوو کرایە سەرۆکی باڵای کەلیسای ئەرمەنی بە پلەی (جاسلیق) ، ئەوکاتە بو ئیتر تررداد پادشا بەو بۆنەیەوە شارێک بەناوی شاری (ئێچمیازین) دروست دەکا بۆئەوەی بیکا بە کاتدرائی و بارەگای سەرەکیی کەلیسای ئەرمەنیی جاثلیق.
پاش بڕوا هێنانی ئە رمەنیەکان بە ئاینی کریستی و لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی تیۆدۆسیۆس دا دوای ئە وەی ئیمپراتۆر بڕوا بە ئاینی کریستی دە هێنێ لە 380 کێشەی نێوان رۆمانی وساسا نیەکان گە رمتر دە بێ بە و راگە یاندنەی رۆمانیە کان کە ووتیان پاراستنی هەموو کریستەکانی دونیا لە خۆمان دەگرین بەڵام ململانێکان ئە وەندە درێژەیان نەخایاند تا لە ساڵی 378 هەردووک دەوڵەتی ساسانی وبیزە نتی گەیشتنە هاوپەیمانێتیەکی ئاشتەوایی کە بەو پێیە ئەرمینیا دابەشی دوو دەوڵەت بکەن یەکێکیان سەربە ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی بێ و ئەویتریان سەربە ئیمپراتۆریەتی ساسانیەکان بێ بەشی شێر لە خاکی ئەرمینیا بەر بەشی دووەم کەوت .
بە مردنی چوارەم ئەردەشیش پادشا لە 429 ئەرمینیا راستەوخۆ دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ساسانیەکانەوە ، ئەوەبو کە والیی فارسیان بۆ دامەزراند ، بەم شێوەیە دەسەڵاتی فارسەکان لە ئەرمینیا بەردەوام دەبێ ماوەی دوو سەدە تا ساڵی 640 ئەوکاتەی لە سەردەمی عومەر کوڕی خەتاب سوپای عەرەبی بە سەرکردایەتی (عیاض بن غنم ) دەگاتە ئەوێ کاتێک لە توانایدا نابێ بە تەواوەتی داگیری بکا سەرانە بەسەر حاکمەکانیدا دەسەپێنێ . لە ساڵی 642 سەرکردەی عەرەب ( سوراقە بن عەمرو ) دەگاتە دەریای قەزوین ، دوای زیاتر لە دەساڵێک واتە لە 653 پەیمانێکی ئاشتە وایی لە نێوان ئە و حاکمی ئە رمەنیی سەربەدەوڵەتی ساسانیە کان دە بەسترێ بە و مە رجەی والیە کی عە رەب بۆ ئە رمینیا دابمەزرێ ویاریدە دەرەکەشی ئەرمەنیی خە ڵکی ناوچە کە بێ . ئەم دۆخە بەم شێوە یە بەردەوام دە بێ تا ئە وکاتەی ( معاویەی کوڕی ئە بی سوفیان ) خیلافەتتی ئە مەویەکان دەگرێتە دەست لە ساڵی 661 کە ( بانگخوازی ئەرمەنیەکانی کرد بۆئە وەی سەرانە بدەن وگوێڕایەڵی ئەو بن ) ئەرمەنەکان زاتی ئە وەیان نەکرد ئەم بانگخوازە رەت کەنەوە بۆیە حاکمی ئەرمینیای ئەو سەردەم ( گریگۆر مامیگۆنیا ) سەردانی دیمەشقی کرد ومعاویە ش زۆر بەرێزەوە پێشوازیی لێکرد بەم شێوەیە پەیوەندیەکانی عەرەبی وئەرمەنی لەسەردەمی معاویە زۆر بە خۆشی بەڕێ دەچن .
بەڵام گێڕانە وەی مێژوو نوسی ئە رمەنی (سبیوس) لە گێڕانەوەی مێژوو نوسە عەرەبەکان ناچێ ئەو دەگێڕێتەوە دەڵێ: لە 642 لە ڕێگەی چیای ئەراراتەوە لەشکرێکی عەرەبی هێرش دە کاتە سەر ئە رمینیا و داگیری دە کا دوای ئە وەی دبیل ی پایتە خت داگیردەکا بە 35 هەزار دیلەوە بەهەمان ڕێگەی کە لێیەوە هاتبوو دەگەڕێتەوە. دوای ئەو مێژوە بە ساڵێک موسلمانە ئازەربایجانیەکان دە ست بە سەر چیا ی ئە رارات دا دە گرن وئەوانیش تا دە گەنە کەرەج هێرش دە بەن بە ڵام بە هۆی شکست خواردنی (تیۆدۆری رەشتونی )ی میرەکەیان پاشەکشە دەکەن . ئیتردوای کەمێکی تر ئیمپراتۆری بێزە نتیەکان قوستەنتینی سێیەم میر تیۆدۆر بە سەرکردەی لەشکری ئەرمەنیەکان دادەمەزرێنێ و ئیتر

وڵات دە کەوێتە ژێر دە سەڵاتی بێزە نتیەکان دوای ئە وەی بۆماوە یەک لە سەردەمی عەرەبەکان ئازادی بەخۆوە دەبینێ.

پاش ئە وەی هاوپە یمانێتیەکەی نێوا ن ئیمپراتۆریە تی بێزە نتی ودە وڵەتە عەرەبە موسولمانەکان لە 653 کۆتایی دێ میر تیۆدۆر ئە رمینیا رادەستی عەرەبەکان دەکاتەوە ، دواتر لە گەڵ معاویە ی کوڕی ئە بی سوفیان پە یماننامەیەک لە بەرژەوەندی ئە رمەنەکان ئیمزا دەکا کە هیچ مەرجێک بەسەر ئەرمەنەکاندا ناسەپێنێ جگە لە داننان پێیانەوە بەڵام لە هەمان ساڵدا سێیە م قوستەنتین ئیمپراتۆری بێزە نتیەکان توانیی ئەرمینیا و کە رەچ بۆ ژێر دەسەڵاتی خۆی بگێڕێتە وە ، هە مان ساڵ هێزە کانی عە رەبی لە 655 دەتوانن دە سەڵاتی خۆیان بەسەر زۆربەی ئەرمینیا دا زاڵکەن دەست بگرن بەسەر شاری (گرین) ی پایتەختی بێزەنتیەکان لە ئەرمینیا . بەڵام دوای دوو ساڵ عە رەبەکان بە هۆی هەلگیرسانی جەنگ لە نێوان ئەبی سوفیان وعەلی کوڕی ئەبی تالیب لە 657 ناچار دەبن لەو ووڵاتە بکشێنەوە ، ئەمە لەوکاتەدا دە بێ کە ئەبی سوفیان ناچاردە بێ سوپاکە ی لە ئەرمینیا بکێشێتە وە ئیتر ئەرەمینیا دوبارە دەکەوێتەوە ژێر دەسەڵاتی بێزەنتیەکان .

پەیوەندیەکانی ئە رمەنیی عە رەبی لە سەردەمی هە ردوو دە وڵەتی ئە مەوی وعە باسیدا بە چەند قۆناغێکی نا جێگیرلە نێوان ئاشتی وشەڕدا تێپەردەبێ . هەندێک جار گەیشتۆتە ئاستی شۆڕش هە لگیرسان ویاخی بون . (شۆڕشی ئە رمەنیەکان کەلە ساڵی 849 هەلگیرسا لە 852 دامرکایەوە ئەمەش بە مەزنترین شۆڕش و ترسناکترین شۆڕش ی دژی دە وڵەتی عەبباسی دێتە ئەژمار کە لە سەردەمی حوکمڕانی متوکل هە لگیرسابێ ) دوای ئە وەی بەسەر شۆڕشەکەدا زالدەبن خەلیفەی عەبباسی متوکل ، سە رکردەی ئەرمەنی (ئەشوەت ) دەکا بە حاکمی ئەرمینیا ، کە زۆر بە توانایی تا ساڵی 885 حوکمڕانیەکەی دەبرد بەرێوەو هەمو میرو سە رکردە ئەرمەنیەکانیشی ناچار کردن تا داوا لە خەلیفەی عەبباسی بکەن بۆ ئەوەی ئەشوەت بکا بە پادشای ئەرمینیا ، ئە وەبو خە لیفەی عەباسیش گوێی بۆ داواکە یان راگرت وتاجی پادشایە تیی بۆ ئەشوەتی کوڕی سە مبات نارد وە کو پادشای ئە رمینیا هاتە ناسین بەناوی (ئەشوەتی یەکەم) .

ئیتر لەو رۆژەوە لە 885 میرنشینی چوارە می ئە رمەنیەکان دامە زرا ، ئە شوەت پادشا هەموو هەوڵەکانی خستنە گەڕ بۆئەوەی لە ململانێکەی نێوان عەرەب وبێزەنتیەکان بێلایەن بوەستێ ، ئەمەش توانرا بەو ئاستە کارەکان رابگیرێ جگە لە هەندێک ووردە ئاژاوە نەبی تا ساڵی 1042 کاتێک سەلجوقیە تورکەکان وەکو گەردەلولە بەرەو رۆژ هەڵات شاڵاویان برد گە مارۆی ناوچە بێزەنتیەکانیان داو ئە رمینیایان داگیر کرد خۆیان خزاندە ناو ناوچەکانی ئاسیای بچوکی بێزەنتیەکان .

لە سەرەتا رۆم وبێزە نتیەکان بە هۆی بونی قە ڵای پۆڵا یینەوە توانیان بە رپەرچی هێرشەکانیان بدە نەوە بەڵام دوای روبە روو بونە وەیێکی توندی نێوان سە لجوقی ومیری ئەرمەنیەکان ناچاردە بن دە ست لە هەندێک دە سەڵاتی خۆیان هە ڵگرن بۆ بیزە نتیەکان لەبەرانبەر پاراستنیان لە هێرشی سەلجوقیەکان ( بەڵام ئەوەندەی نەبرد کە لە 1071 لە شەڕی (مەلازگر) کە تیایدا بە سەرۆکایەتی (ئەلب ئە رسەلان ) بەسەر ئیمپراتۆری بێزەنتیەکان (چوارەم رۆمانوس ) سەردەکەوێ سە لجوقیەکان شاری (ئانی ) و دواتر ( قارس) یان داگیر کرد ئە وکات هەموو وڵاتی ئە رمینیای بێزەنتی دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی

سەلجوقیەکان ، ئە رمینیا بۆسە ر چە ند میرنشینێکی سە لجوقی دا دابە ش دە بێ وە کو :
میرنشینی خەلات و سەلماس وخوی وساسۆن ) .
دوای جە نگی مە لازگر میرنشینی چوارە می ئەرمەنیەکان دەروخێ .بەمەش ژمارە یەکی زۆری ئە رمەنیەکان ناچاردە بن بۆ کیلیکیا کۆچ بکە ن کە لە دێر زە مانەوە هەندێک لە خانەوادەی ئەرمەنی لەوێ نیشتەجێ ببون .
بەڵام میر رۆبینی یەکەم دوای کە متر لە دەساڵ لە روخانی میرنشینی چوارە می ئەرمەنیەکان توانیی لە کیلیکیا میرنشینێک دابمە زرێنێ ئە و شارە ی کە ئەرمەنەکان لە ترسی هێرشی سە لجوقیەکان پەنایان بۆ بردبوو ئە مە دوای ئەوەی قوستەنتینی کوڕی لە هەلمەتی یەکەمی سەلیبیەکان اهوکاریی کردبوو . میر تۆرۆسی یە کەم (1100 – 1123 توانیی سنوری میرنشینە کەی ئەوەندە فراوان بکا کە زۆربەی کیلیکیا بگرێتە وەو بە ناوی وڵاتی تۆرۆسی ناونا ، لە و ماوەیەدا و لە سەردەمی خەلیفەکانی تۆرۆسدا پە یوەندیەکانی نێوان ئەرمەن و بێزە نتیەکان گرژیان تێکە وتبوئەمە دەبێتە هاندەر بۆئەوەی لە 1199 میر لیۆنی کوڕی توروسی دووە م میرنشینەکە بکا بە پادشانشین ، خۆیشی کرد بە پادشاو بە نازناوی پادشای لیۆنی دووە م کە لەسەر حسابی میرنشینی ئە نتاکیە فراوانی بە سنوری پادشانشینەکەی خۆی دا . جێگرەوەکەی هیتۆم پادشا هاوپەیمانیی لەگەڵ فەرماندەی مەغۆلی جەنگیزخان بەست بۆئەوەی مەترسیەکانی جەنگ لە وڵات دورکاتەوە ، ئەم هاوپەیمانێتیە بوە مایەی نارەحەتی پادشاکانی شام ومیسر بۆیە ژمارەیەک هێرش دەکەنە سەر پادشا نشینە کەیان بەڵام هیچیان سەرکەوتو نابن .
ئەوەبو کە ئەرمەنەکان لە سەدەی دوانزە وە تا سە دەی پانزە هەم بە بەردەوام روبە ڕوی هێرشی تورانیە کان( سەلجوقی و مە گۆلی و تورکمانی ) دەبنەوە تا ئەوکاتەی لە لایەن عوسمانیەکانەوە لە 1473 لە سەردەمی سوڵتان مەحەمەدی دووەم دا داگیر دەکرێ .
دوای دروست بونی دە وڵەتی سە فەوی لە سەردەمی شا ئیسماعیلی سە فەوی فارسە کان توانیان کەناری رۆژ هە ڵاتی ئەرمینیا داگیرکەن ، دوبارە ئەرمینیا دەبێتەوە مەیدانی شەڕو جەنگ بە ڵام ئە مجارەیان جە نگی نێوان فارس وعوسمانیە کان ، وادە بوو کە فارسەکان ئەرمینیایان داگیردەکرد دوای ماوەیەکی تر عوسمانیەکان لێیان دەسەندنەوەو دەکەوتەوە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکان ، تا ساڵی 1627 ئەوکاتەی شای ئێران ناچار دەبێ بۆ بەرژەوەندی عوسمانیەکان دە ست لە ئەرمینیا وگورجستان هە لدەگرێ ( نادرشا شای ئێران کە بۆ ماوەیەکی کورت ئەرمینیای خستەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی نەیتوانی ئەم گێڕانەوەیە بپارێزێ بۆیە ئەرکی پاراستنی ئەرمینیای بۆ روسیا جێهێشت ، ئە وەبو کە روسەکان دەستیان بەسەر ئەم سامان و سە روەتەداگرت ئە وسا دوای ئە وەی نادرشا دە ست لە ئەرمینیا هە لدەگرێ روسە قەیسەریەکان دەسەڵاتی تەواوەتیان بەسەر ئەوناوچەیەدا سەپاند .
بەدەرکەوتنی لایە نێکی تربۆ ململانێکە کە روسەکان بوون لایە نێکی تریش زیاد دە بێ ئەوان ماوەیەکی زۆر بو لەو هەوڵەدابون کە بونی خۆیان لەو ناوچانە بسەلمێنن ، ئەوسا لە رێککەوتنی ئاشتەوایی تورکمان شای ساڵی 1828 دا دەکەونە رێککەتنێک کە بەهۆیەوە هەمو گورجستان وبەشێک لە ئەرمینیا ( هەرێمی قەرەباغ و ولایەتی یەریڤان ونەخجیوان ) دەبنە بەشی روسیا هەروەها ئەم پەیماننامەیە مافی بە ئەرمەنەکانی ئێران دا کە بگەڕینەوە ناوچەکانی خۆیان لە ژێر دە سەڵاتی رو سیا بە م بڕیارە نزیکەی 25 هەزار ئە رمەنی لە دانیشتوانی پارێزگای ورمێی سەربە ئێران گەڕانەوە ئەرمینیا .

دوای ئەوەی روسەکان بە تەواوەتی دەستیان بەسەر ناوچەی قەوقاسدا گرت چاویان بڕیە ئەوەی بگەنە ئاوە گەرمەکەو بەنداوەکانی بسفۆرودەردەنیل بۆیە دەبوایە شەڕێک لەنێوان ئەوان ودەوڵەتی عوسمانی روبدا ، ئە وەبو دوای هاتنی سوڵتان عە بدولحەمیدی دووەم بۆ سەر حوکم جەنگێکی روسیی عوسمانی لە 1878 هەلگیرسا کە بە سەرکەوتنی روسەکان بەسەر عوسمانیەکاندا تەواو بوو لە ئەنجام روسەکان پەیماننامەیەکیان بەسەریاندا سەپاند ناونرا پەیماننامەی (سان ستیڤانۆ) ئەرتیکلی (مادەی) 16 لە پەیماننامەکە دەڵێ :

کشانەوەی هێزەکانی روسی لەو هەرێمانەی کە داگیری کردون لە ئەرمینیا ( رۆژئاوای تورکیا) کە دواتر بۆ تورکیایان دە گێڕێتەوە دەبێتە مایەی دروست بونی کێشە و ناکۆکی لەئەنجام کاردانەوەی خەراپیان لەسەر پەیوەندیەکانمان دەبێ بۆیە دەبێ (باب ی عالی) بەبێ سستی چاکسازی و گۆڕانکاریە پێویستەکان لەو ناوچانە ئەنجام بدا لەگەڵ پاراستنی دوارۆژ وئاشتەواییان.

وڵاتە ئەوروپیەکان بەتایبەتی فەرەنساو ئینگلتەرا و ئیتاليا بە دڵەراوکێوە سەیری ئەم سەرکەوتنانەی روسیا و پەیماننامەی سان ستیڤانۆ یان دەکرد کە روسیا بەئاسانی بەهۆیەوە دەگاتە بەنداوەکانی بسفۆرو دەردەنیل ودەبنە کارئاسانیش بۆ لەناوبردنی دەوڵەتی عوسمانی ، بە ئەنجام دانی ئەم ئامانجانەشی هەڕەشە لەسەر بەرژەوەندیەکانی وڵاتەکان دروست دەبێ ،بۆیە دەبینین کە ئینگلتەرا لە ژێرەوە لەگەڵ سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم رێک دەکەوێ بۆ هەموارکردنی پەیماننامەی سان ستیڤانۆ کە هەرنەبێ ئەرک وفەرمانەکانی سەر سوڵتانی عوسمانی سوک بکرێنەوە ، ئەمەش لە بەرانبەر ئەوە دەکرێ کە سوڵتان دەست لە دورگەی قوبرس هەلگرێ بۆ ئینگلتەرا. دوای ئەوەی سوڵتانی عوسمانی بەم پێشنیارانە رازی دەبێ راستەوخۆ لەسەر داوای بەریتانیا لەهەمان ساڵدا کۆنگرەی بەرلین دەبەسترێ . ئەوەبو کە کۆنگرە توانیی ئەرتیکلی(مادەی) 16 ی پەیماننامەی سان ستیڤانۆی بگۆرێ لە شوێن ئەو ئەرتیکلی(مادەی) 61 لە پەیماننامەی بەرلین جێی گرتەوە کە دەڵێ :

( بابی عالی پەیمان دەدا راستەوخۆ چاکسازی لەو ناوچانە بکا کە ئەرمەن نشینن لەگەڵ پاراستنی باری ئاسایشیان هەروەها دەبێ بە شێوەیەکی دەوری لەو چاکسازی وپێویستیانەی ئەو ناوچانە دەوڵەتان ئاگادار بکاتە وە و بواری ئە وەیان بۆ برە خسێنێ کە چاوەدێری جێبەجێکردنی ئەم پەیمانە بکەن ) .

بۆیەکەم جار بوو کە هەردوو پەیماننامەی سان ستیڤانۆ و بەرلین کێشەی ئەرمەنەکانیان لە کێشەی ناوەخۆ گواستەوە بۆ کێشەیەکی عوسمانیی نێودەوڵەتی و سوڵتانی عوسمانیش ئە و پەیمانەی دا کە چاکسازی لەو ناوچانە بکات کە ئەرمەن نشینن بەڵام ئەم گفت و پەیمانانەی سوڵتانی عوسمانی روناکیان نە دی لەجیات چاکسازی ئە و کوشتارگەیەی ئەنجام دا کە لە ساڵی 1894 دژی ئەرمەنەکان لە شاری ساسۆن رویدا و ئۆپەراسیۆنی کۆکوژیی بۆ وەگەر خستن ئەم کارە نارەوایەی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بوە مایەی نارەزایی وبێزاریەکی زۆری خەڵک هەر ئەوەش بو کاری کردە سەر جەماوەر تا کودەتاکەی ساڵی 1908 ئەنجام بدرێ کە پارتی (اتحاد وتەرەقی ) پێی هەڵسا و بوە هۆی ئەوەی دەستورێکی نوێ بەسەر وڵاتدا بسەپێنرێ . ئەم کودەتایە هەمو گەلانی ژێر د ەسەڵاتی عوسمانیی پێ خۆشحاڵ بون چونکە دروشمی کودەتاکە بریتی بوو ( ئازادی وبرایەتی ویەکسانی ) بەڵام وەکو پراکتیک بە پێچەوانە دەرچو ، بە هزرو بۆچونی ئە وان ئیترئە وان لە چەرخی دواکە وتویی وگۆشەگیری دە رچون چە وسانەوەو کۆکوژی نامێنێ بە ڵام ئەوەندەی نە برد کە هەمو

ئومێدەکانیان رمان کاتێک پارتی اتحاد وتە رەقی دروشمی دروست کردنی ئیمپراتۆریە تی تۆرانیان بەرزکردەوە کە سنورەکەی لە رۆژهەڵاتەوە بە مەنگۆلیا دەست پێدەکا تا رۆژئاوا لە دەوروبەری بەلکان ) وێڕای ئەوەش سیاسەتی بە تورککردنیان لە ناوچەکە پیادە دەکرد .

گەلی ئەرمەنیش وەکو هەموو گە لانی ئەو ناوچەیە سەرەتا دڵیان بە هاتنی پارتی اتحاد وتەرەقی خۆش بوو بەڵام ئەوان لە ریزی گەلانی قوربانیی دەستی اتحاد و تەرەقی دا بوون لە زەرەرمەندترین گە لی ئەو ناوچەیە بوون کە لە ئەنجامی هەڵمەتی جینۆسایدی ساڵی 1915 ی کە تیایدا زیاتر لە ملیۆن ونیوێک کەسی تیا چوو.

لە میانەی جەنگی یەکەمی جیهانی کێشە ی ئەرمینیا هاتەوە سەر مێز بە تایبەتی دوای ئەوەی هێزەکانی روسی توانیان بگەنە باکوری رۆژهەڵاتی تورکیاو پانتاییەکی زۆری هەرێمەکانی ئەرمینیاو کوردستان یان داگیر کرد ، بەڵام ئەوەندەی نە برد بە هۆی هەلگیرسانی شۆڕشی ئۆکتۆبەری سۆشیالیزمی 1917 ەوە روسیا بۆ کپ کردنی ئاگری شۆڕش هێزەکانی خۆی لەو ناوچانە کێشایەوە ، ئەوەبو هێزەکانی ئەرمەنی ناچاربون بچنە ژێرباری تێکچونی هاوکێشەکە و بەرگری لە وولاتەکەیان بکەن ، ئەم دۆخە تا ئەوکات بەردەوام دەبێ کە حکومەتی بترۆگراد لە لایەن کرنسکیەوە دادەمەزرێ کە ئیتر ئەو لیژنەیەکی باڵا پێک دەهێنێ بۆ کاروباری قەوقاس ئەرکی بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانە دەگرێتە ئەستۆ ئەم لیژنەیەش لە 5 ئەندام پێک دەهات یەکێکیان روسی دەبێ کە سەرۆکی لێژنەکەیە و دوو ئەندامی لە گورجیەکان دەبن یەکێکیان ئەرمەنی وئەویتریان ئازەری ، وێڕای بونی چەند ناکۆکیەک لە نێوان ئەندامانی ئەو لیژنەیە بەڵام گەیشتنە ئەو رێککەوتنە کە سوپایەکی ئەرمەنی دابمەزرێنن بە سەرۆکایەتی جەنەرال نازار پیکۆف و لە 25 ی ئەیلولی 1917 حکومەتی کیرنسکی دانی بە مافی چارەی خۆنوسینی گەلی ئەرمەنی نا ،دوای ئەوە ئیتر رێپێدراوی گەلی سۆڤیەتیش لە 2 ی تشرینی دووەمی 1917 کە دوای وازهێنان کیرنسکی دامەزرابوو ئەوانیش دانیان پێنا . ئەوەبو لە 11 ی کانونی یەکەمی 1917 حکومەتی سۆڤیەتی بڕیارێکی تایبەتی سەبارەت بە ئەرمینیای تورکی دەرکدر کە ئمزای هەریەک لە لینین وستالینی لەسەر بو ئەمەش دەقی بڕیارەکەیە :

( ئەنجومەنی رێگە پێدراو رادە گەیەنێ کە حکومەتی کرێکارو جوتیاران لە روسیا پشتگیری لە کێشەومافی ئەرمەنەکانی تورکیا دەکات کە روسیا داگیری کردوە ئەو بوارەشیان بۆ دەرەخسێنێ کە حکومەتی خۆیان دروست بکەن و رزگاریان جێگیرکەن ) .

دوای ئەوەی حکومەتی سۆڤیەتی پشتی ئەرمەنەکانی گرت رێگە ی پێدان وهاوکاریشی کردن تا سوپایەکی سەربەخۆ پێک بهێنن بۆئەوەی لە مەترسیەکانیان بپارێزێ ، وێڕای ئەمەش مافی گەڕانەوەی ئاوارەکانی ئەرمەنیی دا کە بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان لە ئەرمینیای تورکی ، بەڵام ئەوەندەی نەبرد کە ئەم ئومێد وئاواتانە هەموویان بە پەیماننامەی ئاشتەوایی (بریست لیتۆفسک ) هەلوەشایەوە کە روسیا بە پێی ئەو رێککەوتنە هێزەکانی خۆی کێشایەوەو ئەرمینیای رادەستی تورکیا کرد .

بەڵام ئەرمەنەکان دانیان بەم رێککەوتنە نەنا وتوانیان بە هۆی سوپاکەیانەوە بەرگری لە وڵاتەکەیان بکەن لە 1918 پێشیان لە هێرشەکانی عوسمانی گرت وبەسەریاندا زاڵ بوون ، ئەوەبوو کۆمەڵەی نیشتمانیی ئەرمەنی سەربەخۆیی کۆماری ئەرمینیای لە 28 ی ئایاری 1918 راگەیاند و شاری یەریڤانیشیان کرد بە پایتەخت ، بۆیە حکومەتی عوسمانی ناچار

دەبێ لە 4 ی حوزەیرانی 1918 بە پێی پەیماننامەی باتوم دان بە سەربەخۆیی ئەرمینیا بنێ
.
دوای ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی بە پێی پەیمانامەی مودورس لە 30 ی تشرینی یە کەمی 1918 خۆی دەدا بەدەستەوە شاندێکی ئەرمەنی لە پەیماننامەی ئاشتەوایی پاریس بە شدار دەبێ کە لە 25 ی شوباتی 1919 دەبەستراو یاداشتێک دەدا بە سەرۆکایەتی کۆنگرە تیایدا داوا لە هاوپەیمانان دەکا کە دان بە حکومەتی ئەرمینیا بنێن ووەکو دەوڵەتێکی سەرکەوتو لە جەنگی یە کەمی جیهاندا مامە ڵەی لە گەڵدا بکرێ ، لە گەڵ ئە وەی هاوپە یمانەکان لە پەیماننامەی سیڤەر لە 1920 دان بە سەربەخۆیی ئەرمینیا دەنێن کە بەشێک لە ئومێدەکانی ئەوانی جێبەجێ کرد کە بریتی بوو لە دامەزراندنی دەوڵەتیکی سەربەخۆ لە روسیاو تورکیا بۆ ئەرمەنەکان بەڵام حکومەتی روسیا هانی هەندێک لایەنی دا بەناوی لیژنەی رزگاری کە کودەتایەکیان ئەنجام دا دژی ئە و حکومەتە ساوایە بە سەرۆکایەتی ( سیمۆن فراتیان ) لە 18 ی شوباتی 1921 ئەو کودەتایەیان بە ئەنجام گەیاندوحکومەتێکیان لە شوێن حکومەتی نیشتمانی دامە زراند کە ئەوەندەی نە خایاند دوای ئە وەی حکو مەتی یە کیەتی سوڤیەت بە تەواوەتی دەکەوێتە سەرپێ و دە ست دەگرێ بەسەر هەموو ناوچەکانی روسیای قە یسەری کە لەوانە ناوچەی قەوقاسیشی دەگرتەوە ، رو لە یەریڤان دەکا ولە 31 ی کانونی یەکەمی 1921 داگیری دەکاو رایگەیاند کە ئەرمینیا بەشێکە لە یەکیەتی سۆڤیەتی .
ئەوەبو دامە زراندنی حکومە تی دوای قە وقاسی راگە یاند کە بریتی بو لە ئەرمینیا وئازەربایجان وگورجستان ، لە 1926 لە دەستوری نوێی وڵات بە تەواوەتی هەڵوەشایەوە ناونرا بە - یاسای بنەڕەتی دەوڵەتی سۆڤیەتی – کە بەوپێیە دەوڵەتی سۆڤیەتی راگەیەندرا وئەرمینیاش لە بچوکترین ئەو 15 دەوڵەتە بوو کە یەکیەتی سۆڤیەت یان پێک دەهێنا ، ناوەکەشی بوو بە کۆماری ئەرمینیای سۆڤیەتیی سۆشیالیست .
لەگەڵ ئەوەی بچوکترین دەوڵەتی یەکیەتی سۆڤیەت دەبێ بەڵام رۆلێکی مەزن لەو یەکیەتیە دەبینێ ، ئەوەتا لە 15 ی تەموزی 1964 ( ئەناتاتیس میکۆیان ) بە سەرۆکی کۆمارەکانی یەکیەتی سۆڤیەت هەڵدەبژێردرێت ( ئەم سەرۆکە بەهۆی دەستپاکی ودلسۆزیەوە لەلایەن هاوڵاتیانی سۆڤیەتەوە ریز وپایەیەکی تایبەتی پەیدا دەکا) یەکێک لە خزمانی دەستی هەبوو لە گەشە پێدانی پیشەسازیی ووڵات (ئەردیم میکۆیان) بە هاوکاری دۆستێکی تری کە ناوی میخائیل یوسفدڤیچ گرۆڤیچ بوو یە کەم فڕۆکەی شەڕکەریان داهێنا بەناوی فڕۆکەی (میگ) کە ناوەکەش پێکهاتوە لە یەکەم پیت لەناوی هەریەکەیان .
ئەرمینیا لەژێر سیستەمی نەخشەی ئابوریی سۆڤیە تی توانیی پە رە بە کەرتی پیشەسازیی خۆی بدات وبەر هەمی پیشەسازی بۆ سەرجەم وڵاتەکانی سۆڤیەت بنێرێ لە بەرانبەریش دا کەرەسەی خاویان لێ وە رگرێ بۆ سود وە رگرتن لە دروست کردنی کاڵاو کە لوپەلی پیشەسازی و کشتوکاڵی دا . دوای ئازادی ئە رمینیا بە ئاراستەیەکی تەسکەوە روی لە کشتوکاڵ کرد بەڵام نەک وەکو کۆمارەکانی تری سۆڤیەتی لە رێگەی هەرەوەزی کشتوکاڵی و پیشەسازیی مەزن.
ئێستاش ئە رمینیا لە و وڵاتانە دەژمێردرێت کە پشت بە هاوردەکردنی کە رەستەی خواردەمەنی دەبەستن لەگەڵ کەمی عەمباری کانزا وەکو زێر وبۆکسێت .

کێشەی نێوان ئە رمینیا وئازە ربایجان لە هەرێمی ناگۆرنۆ کاراباغ کاری خە راپی کردۆتەسەر رەوشی ئابوریی ئەو وڵاتەو سیستەمی مەرکەزیی سۆڤیەتیش .
لە سەرەتاکانی نە وەدی سە دەی رابردوو و لە 1994 ئەرمینیا بە رنامەیەکی ئابوریی توکمەکراوی ئامادە کرد ئە مەش بە سەرپەرشتی سە ندوقی کاشی نێودە وڵەتی بوو کە بەهۆیەوە داهاتی تاکی ئە رمەنی بە رێژەیەکی بە رچاو گۆڕانی ئە رێنیی تێ کە وت ، ئەوەبوو لە ساڵەکانی نێوان 1995 تا 2000 توانیی کەرتە تایبەتیەکان بە تایبەتمەندی بکا و ئەو کەلێنە شی پڕکردەوە کە لە بواری کەرتی وزەی ئەتۆمی دا هە بیوو کە لە میتسابۆر دروستی کردبوو ، بە ڵام کە رتی بازرگانی بە هۆی قە یرانی سامانیە وە زیانی پێکە وت سەرباری ناڕێکی بودجە ی ساڵانەی ، چونکە ئەرمینیا سێ بەقەدەر ناردن هاوردە ی هەیە بەڵام هاوکاریە نێودەوڵەتیەکان کەمێک لە نەهامەتیە کانیان کەم کردونەتەوە .
ئێستا لە گرنگترین پیشە سازیەکانی ئە رمینیا بریتیە لە : دروست کردنی کە لوپەلی رێکخستی کانزاو مۆتۆڕی کارە باو تایەی ئۆتۆمبیل وجلوبە رگ و کاڵای تری ئارموش و پارچەی تر جگە لە مادەی کیمیاوی و پیشەسازیی ئەلەکترۆنیی وورد و ...هتد گەشەبونی بەرهەمی پیشە سازی بە پێی مە زندەکانی ساڵی 2000 دەگاتە 5% ئەمە رێژەیەکی باشە ئەگەر لەگەڵ وڵاتە تازە جیابوەکانی تری یەکیەتی سۆڤیەت بەراورد پێ بکەین .

*                *                *

## پەیوەندیە مێژوویی یەکانی کوردی – ئەرمەنی

---

هەر لەکاتی گەیشتنی کاروانی کۆچبەرانی تیرەی ئاری بۆ گردۆلکەکانی ئێرانی وئەرمەنی لە ناوچەی قەوقاس لە کۆتایی سەدەی دووەم و سە رەتای سەدەی یەکەمی پێش زاینی دا ، کورد وئەرمەن بەشێکی گرنگی دانیشتوانی ئەو ناوچەیان پێکهێناوە ، بەهۆی نەبونی سنور لە نێوان ئەو تیرەو نەتەوانەدا لەو ناوچانە هامشۆی بێ سانسۆر وپە یوەندیی کۆمە لایەتی وئابوریان هەبوە وبەهۆی ئەوەی هە مویان لە ژێر دەسەڵاتی یەک دەوڵەتەوە حوکمڕان کراون بەتایبەت لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ئاشوری ، دە بینین ئەم گەلانە لە زۆر روی کۆمەلایەتی وکەلتوری وئابوری لەیەک دەچن .
دیارە بونی ئەم شێوە جوگرافیایەی ئەو ناوچەیەش کاریگەرو رێخۆشکەر بوە بۆ بەستنی پەیوەندیی کۆمە لایەتی و ئابوری لە نێوانی گە لانی ناوچە کە هەندێک جاریش وا ڕێک

کەوتوە کە پەیوەندیی سیاسیی نارەوا لە نێوانیاندا دروست بونە ، چۆن هە ندێک فاکتەر هەبونە بۆ لە یەک نزیک بونە وەی گە لانی ئە و ناوچە یە ئاوەهاش فاکتە ری لە یەک دورکردنەوەی هەندێک لە چینەکانی گەلانی ناوچەکەش بونیان بووە .
ئەم گە لانەش وە کو گە لانی دراوسێیان پە یوەندیەکانیان بە چەند قۆناغێک دا تێپە ریون هەندێک جار بەخۆشی بووەوهەندێک جاریش بە ناخۆشی ، ئەوکاتانەی پەیوەندیەکانیان بە دۆخێکی گرژی وناکۆکدا تێدە پەرین دیارە کە هۆکاری ئابوری وسیاسی هۆکاری سەرەکی بونە لەم ناکۆکیانە یەکنەگرتنەوەی بەرژەوەندیەکان دەبونە مایەی لەیەکترازانیان .
مێژوو نوسی ئە رمەنی موسا خورینی کە لەسەدەی پێنج وسە رەتاکانی سە دەی شە ش دا ژیاوە ئاماژە بەوە دەکات کە مار واتە میدیەکان واتە کورد لە دەوروبەری روباری ئاراکس لە سەردەمی دیکران پادشای مە زن لە 140- 55 پ.ز بونیان هە بوە ، ناوبراو ئە و ناوچانەی دەست نیشان کردوە کە کوردەکان لێی ژیاون ، زۆر بە ڕونی دەڵێ ئەو کەسانە ( مەبەستی کوردە- وەرگێر ) لە ڕوی رۆژ هە ڵاتی چیای ئارارات دەژیان هە ندێکیشیان لە کەنار روباری ئاراکس بون بە شی سێیە میشیان لە ناوچەی سە روکانیی روباری کارنی دەژیان کە لە سەرچاوە ئیسلامیەکان پێی دە وترێ روباری کورد ، لە تەنیشت ( دوین) ی پایتەختی ئەرمینیای کۆن .
هەرچەندە کورد و ئەرمەن بەشدارن لە پێکهێنانی (ئەورارتۆ) کە هەردووک گەل لەسەر ئەوە کۆکن کە لە بنەڕەتدا دەچنەوە سەر ئەم رەگەزە بەڵام پەیوەندیە راستەوخۆکانیان بۆ ئەوکاتە دەگەڕێتەوە کە دەوڵەتی میدیەکان بە هاوپەیمانی لەگەڵ دەوڵەتی کلدانیەکان ( بابلی) توانیان ئیمپراتوریە تی ئاشوری لە 612 پ.ز بروخێنن و سامان وموومتە لەکاتە کەشی لە نێوان خۆیاندا دابە ش کە ن ، ئە وکات ئیتر ناوچە ی ئە رمەنەکان دە کەوێتە ژێر دە سەڵاتی میرە ئەرمەنە خۆجێییەکان کە لە ژێر دەسەڵاتی ناراستەوخۆی میدیەکان دەبردرا بەرێوە ، ئەوکات حاکمە کان لە خەڵکی ناوچە کەو لە ئەرمەنەکان بۆیان دادە مەزراندن بە مەرجی ئەوەی دلسۆزی ولایە نگرییان بۆ سیاسە تی دە وڵەتی میدیە کان هە بێ و سە رانەو باجی دارایی وسەربازیش بە دەوڵەتی میدیەکان بدەن .
کزنفون مێژوو نوسی یۆنانی لە پەرتوکەکەیدا بەناوی( کورش نامە ) ئاماژەی بەوە کردوە کە ئەرمینیا لە سەردەمی ئیمپراتوریە تی میدی دە وڵەتێکی سە ربەخۆ بوو بە ڵام سە ربە دەوڵەتی میدیەوە بوو ، هە روەها ماسا خورینی مێژو نوسی ئە رمەنی دەڵێ : ( ئێمە لە سەردەمی هایک دا نازناوی پادشامان نە بوو میرمان بە کار دە هێنا بە ڵام ئە م نازناوە ئەرباکس پادشا ی میدیە کان بە ئێمەی دا ئە و کاتە ی میری ئە رمەنیەکان (باروێرە) ی نازناوی پادشای پێدا و کرایە پادشای ئێمە . هەندێک سە رچاوە ی مێژوویی شتێکی تر دەڵێن ، دیاکۆنۆڤ ی توێژە رەوە لەسەر زاری کزنفۆنە وە دەگێرێتەوە دەڵێ : یەکێک لە پادشاکانی ئەرمەنی بەناوی( ئایات ) لە پادشای دەوڵەتی میدیەکان یاخی دەبێ و رو لە شاخ دەکا چونکە رازی نابێ سە رانەو باج بە دەوڵەتی میدیەکان بدات ئە وسا پادشای میدیە کان ئستیاک سەر کردەیەک بەناوی کۆرش بۆ گرتنی دە نێرێتە سەری ، کورش هێرش دە باتە سەر ئە رمینیا کە پەیمانی پێدابو پادشای یاخی بووی بۆ دە ستگیر بکا ، دوای ئە وەی کۆروش دە گاتە ئەرمینیا بە دوای پادشای یاخیبودا دە نێرێ کە لە رەفتارەکانی باوکی دەرنەچێ وسە ر بۆ رێنماو فە رمانەکانی پادشای میدیە کان بنوێنێ سە رانەو باجە کان بە رێکی بدات ، بە ڵام ئەیات پادشا ئەم داخوازیە رەت دەکاتەوەو خۆی لە قەڵاکانی چیاکە دا

قایم تر دە کا ، خانە وادەو سامان و مومتە لەکاتەکەی دەکەوێتە بەردەستی کۆرش و تاڵانی دەکا بە م شێوە یە دوبارە ئەرمینیا دە کەوێتە ژێر دە سەڵاتی میدیە کان ودە یکەن بە ئوردوگایەکی سەربازی خۆیان .
ئەمەو دوای ئە وەی کۆرش ئیمپراتۆریە تی میدی لە ناودەباو ئیمپراتۆریە تی( ئەخمینی ) دادەمەزرێنێ کە لە سەرچاوە یۆنانی وفارسیە کانی کۆندا بە ناوی ( ئیمپراتۆریەتی ئەخمینیی – میدی ) دێتە ناسین . کۆرش کورێکی خۆی دە کاتە حاکمی ئەرمینیا ومیدیا ومەملکەتی کادوسین ، بەم شێوەیە کورد وئەرمەن کەوتنەوە ژێر دەستی یەک فەرمانرەوا .
ئەمە بوە مایەی ئەوەی کە هەردوکیان (کورد وئەرمەن ) پەیوەندیەکانیان خۆش کەن لە پێنا و دژایەتی و بە رگری کردن لە دەسەڵاتی ئەخمینیی زال و نوێدا ، ئە وەبو ئەرمەنەکان پشتگیریان لە شۆرشی ( فرۆرتیش ) ی میدی کرد کە دژی داریۆسی یەکەم – دارا – ی پادشای ئەخمینیەکان هەلگیرساند ، فرۆرتیش بە ر لەوەی بیێتە حاکم لە هەرێمی ئەرمینیا وکوردئین هەر لەسەر پایەکەی مایەوە تا لە ساڵی 338 پ.ز کە بەتەواوەتی هاتە سەر تەختی حوکمران .
فرۆرتیش هاوپە یمانیی لە گەڵ ئە رداشیشی حاکمی ئە رمەنەکان بە ست وتوانیی دە ست بگرێ بەسەر میدیاوە ، ئەرداشیش یش توانیی دەست بگرێ بەسەر ئەرمینیا ، بۆیە دەبینین داریوس لە توانایدا نەبوو ئەو دوو شۆرشە لەناو بەرێ دوای ئەوەی کە توانیی بەسەریاندا زالبێ ، یادی لە ناو بردنی هەردوو فرۆرتیش وئە رداشیش ی لە بەردی (بەهیستۆن ) زیندوو کردەوە.
دواتر هە ردوو ناوچە کانی ئە رمەنی وکوردیی یە کخستن و راستە وخۆ خستنیە ژێر دەسەڵاتی ئەخمینیەکان تا کۆتایی هاتنی ئەخمینیەکان لە ساڵی 331 پ.ز .
دوای ئە وەی ئە سکەندەری مە قەدۆنی لە ساڵی 331 پ.ز و لە شەری ئە ربیل ئیمپۆراتۆریەتی ئە خمینیەکان لە ناو دە با دە ست بە سەر زۆربە ی ناوچە کەدا دە گرێ و مومتەلەکات وسامانەکانیان دەخاتە ژێر دەستی ئەغریقیەکانەوە کە تەمەنیان ئەوەندە درێژ نەبوو . لە ئەنجامی مردنی کتوپری ئە سکەندەر لە 323 پ.ز دابە ش بونی ئیمپراتۆریەتەکەی هەریەک لە ( میدیا – وڵاتی کوروئین – کوردستان ) و ئەرمینیا بونە بەشی فەرماندەکەی کە ناوی سلوقس بوو دامە زرێنەری دەولەتی رۆژهە ڵاتی بوو لە چەشنی یۆنان ئەم دەولەتە بە ناوی دەولەتی سەلوقی ناسرا . بەڵام شۆرشی زۆربەی گەلانی ئەو ناوچەیە نەتوانرا لە ناو ببردرێن . ئەوەتا لە ناوەراستی سەدەی سێیەمی پ.ز تیرەکانی ئاری لە ناوچەی بارثوا لە رۆژهەڵاتی ئێران توانیان سە لوقیەکان لە ناوچەکەیان وەدەرنێن و دەولەتی خۆیان بە ناوی دەولەتی برثی دابمە زرێنن کە لە سەرچاوە فارسیەکاندا بەناوی دەولەتی ئەشکانی یا ( ئەشک ) دێتە ناسین ئەمەش بۆ ناوی دامەزرێنەری دەگەرێتەوە کە ئەرشاکی یەکەم بوو لە 248 – 246 پ.ز حوکمرانیی کردوە .
ئەگەر دەولەتی بەرثی شوێن دە ولەتی ئەخمینیی گرتبێتە وە دوای ئەوەی ئەو زیانانە ی لە ئەسکەندەرمەقەدۆنیەوە پێی گەییبون هەموی قەرەبوو کردنەوە بەڵام لەروی حوکمرانیەوە لەگەڵ برثیەکان جیاواز بوو ،چونکە ئەم حوکمرانی هە رێمەکانی بۆ خە ڵکەکە جێهێشت و رێگەی پێدان بە پێی کەلتورو یاسای تایبە ت بە خۆیان حوکمرانی لە ناوچەکەیان بکەن بە هێشتنەوەی مافی ئەوەی کە سەربە پادشای برثی و تیسفونی پایتەختەکەی بن .

هەر لە سەدەی یەکەمی پ.ز ەوە ئەم دەوڵەتە کەوتە ململانێیەکی دورو درێژ لە گەڵ ئیمپراتۆریەتی رۆمانی . ئەوەبوو هەندێک ناوچە باتەیبەتی ئەوانەی دەکەوتنە سەر سنوری نێوان هەردوو ئیمپراتۆریەتەکە دۆخێکی تایبەتیان هەبوو ، ئەبینین کە هەر یەک لە ئەرمەن وکورد بەشێکی زۆریان لە ئازادی هەبوو ئەمەش بەهۆی ئەوەی هەردوو ئیمپراتۆریەتەکە هەوڵی لەخۆنزیک کردنەوەی میرو سەرکردەکانیان دەدا بەتایبەت لەکاتی قەیران وکاتە تەنگاویەکاندا .

ناوچە کوردی وئەرمەنیەکان خەڵکانی ناوچەکە خۆیان حوکمڕانیان دەکردن ( لە کۆتایی سەدەی دووەم و سەرەتای سەدەی یەکەمی پ.ز لەگەڵ فراوان بوونی دەسەڵاتی برثیەکان ئاسیای بچوک وئەرمینیاو کوردستان دەبنە سەنتەری ململانێکانی نێوان ئیمپراتۆریەتی برثی ورۆمانی ، ئەمەش بوە هۆی ئەوەی هێزێکی نوێ لە ناوچەکە سەر هەڵبدات ئەویش شانشینی ئەرمەنی بوو – دووەم شانشینی ئەرمەنی لە ساڵی 189پ.ز – کە بە هاوکاری پادشای برثیی میهردادی یەکەم توانیی یەکەم جار باکوری کوردستان داگیر بکا و دواتریش باشوری کوردستان ، ئەوکات دیکران پادشای دووەم پایتەختێکی نوێ دروست دەکا بەناوی دیکران کیرتا ( میافارقین ی ئێستا ) لە لێواری چەپی روباری دیجلەی نزیک شاری دیار بەکر (ئامەد) .

لە ساڵی یەکەمی بەر لە زایینی بەپێی پەیماننامەیەکی ئاشتەوایی لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی رۆمانی دەوڵەتی برثی دەست لە کەرتی ئەرمینیا وکوردستان هەڵدەگرێ بۆ بەرژەوەندی حکومەتی رۆما . بەڵام برثەکان لە سەردەمی کودەرز پادشا لەم پەیماننامەیە پاشگەز دەبنەوە ، بۆیە قەیسەری رۆمانی نیرۆن هێرشێکی مەزن دەکاتە سەر ئەرمینیا وکوردستان و داگیریان دەکا ، دواتر هەردوولا لە ساڵی 66 پەیماننامەی رەهاندیا مۆر دەکەن کە بەپێی ئەو پەیماننامەیە هەردووولا دان بە مافی نەتەوایەتیی ئەرمەنەکاندا دەنێن بەمەرجێ بارثیا پادشایەک بۆ ئەرمینیا دەست نیشان بکاو رۆمیش پیرۆزباییان لێ باک ، واتە لەگەڵ ئەوەی کە هەردوولا دانیان بە سەربەخۆیی ئەرمێنیا نا بەڵام هەردولایەکەش بون بە راسپاردە بەسەر ئەرمینیاوە .

لەم قۆناغەو لە سەدەی یەکەمی زاینی دا هەریەک لە ئەرمینیا وکوردستان لە لایەن تیرەکانی ئالان و منیتا و کە رجەوە روبەڕوی هێرش بونەوە *{ ئالان تیرەیەکی کۆچەری مەڕدارن لە دەشتاییەکانی باکوری دەریای قەزوین و قەوقاس دروست بونە هەندێکیان لەگەڵ کوردا تێکەڵاویان هەیە، بەڵام کەرج واتە گورج گورجیەکانی ئێستا دەگەیەنێ ، بۆ زیاتر زانیاری دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ (بەیەک گەیشتنی نەوەکانی کورد و ئالان لە وڵاتی ئەلباب و شیروان ی د. جەماڵ ئەحمەد رەشید ) }* .

لەم هێرشانەدا تاڵان وکاولکاریەکی زۆریان بەسەر کوردو ئەرمەنەکاندا هێنا بەهۆی ئەوەی حکومەتی ئەشکانی (برثی) هیچ بەرگریەکی لێ نەدەکردن ناچار خەڵکی ناوچەکە بەم ئەرکە هەلسان و بەرگریان لە خۆکرد ، بەو پەڕی ئازایەتیەوە بەرگریان لە سەرو ماڵی خۆیان کرد تا رێگە یان نەدا دەست بگرن بە سەر ناوچەکەیانەوە ئەمە لە ئەنجامی ئەو هاوکاری وبەرگریەی نێوان کوردو ئەرمەن بوو.

لە دواپین کاتەکانی سەردەمی دەوڵەتی برثی کوردستان وئەرمینیا گەڕانەوە ناو مەیدانی رووداوەکان و بە تەواوەتیش بۆ مەیدانی شەڕی نێوان برثی و رۆمەکان ، زۆربەی ئەرمینیا وکوردستان لە 161 کەوتە ژێر دەسەڵاتی رۆمەکانەوە ، هەموو هەوڵەکانی برث وکوردو

ئەرمەنەکان شکستیان خوارد لە گێڕانەوەی ناوچەکانیان بۆ ژێر دە سەڵاتی خۆیان ، ئە مە بوە فاکتەریکی باش بۆ پتەو بونی پەیوەندیەکانی نێوان کورد وئەرمەن ، لە هەموو مێژودا کەس ئەوە ناگێڕێتەوە کە رۆژێک لە رۆژان گرژی یا بەگژیەک داچونێک لە نێوان کورد و ئەرمەن روی دابێ.
لە 224 ئەردەشێری یەکەم بەسەر دەوڵەتی برثی دا زال بوو دەوڵەتی ساسانیی دامەزراند ( ئەم ناوەش بۆ ناوی باپیرە ی ئەردەشێر دەگەرێتەو ) دوای ئەوەی ئەردەشێر جێپێی خۆی قایم دەکا فراوانی بە ناوچەکانی ژێر دە سەڵاتی خۆی دە دا بە م شێوە یە دەتوانێ زۆربە ی وڵاتی ئە رمەن و کوردئین (کوردستان ) بخاتە ژێر دە سەڵاتی خۆی ، بە ڵام دواتر هەردوکیان بە یەکەوە دژی شاپوری پادشای ساسانیە کان شۆ ڕشیان هە لگیرساند (شاپور جێگرەوەی ئەردەشێر بو لە پادشایەتی ) شاپور بەکارایی کەوتە لەناوبردن وکپ کردنی شۆڕشەکەو لە ساڵی 242 هەموو وڵاتی ئە رمینیا وکوردستانی جارێکیتر خستە وە ژێر دەسەڵاتی حکومە تی ئێرانی نوێ ، دواتر رۆمە کان هاوکاری تیردادی پادشای ئەرمەنەکانیان کرد بۆ گە ڕاندنەوەی وڵاتەکەیان وکوردستانیش لە گەڵی ، ئە مەش ئەوکاتە کرا کە فەرماندەی رۆمەکان کلیرۆس هاوکاریی کردن وتوانیی شکست بە نرسیی پادشای ساسانیەکان بێنێ بە ڵام جارێکی تر دە سەڵاتی فارسە کان لە سەردەمی شاپور ی پادشای ساسانیەکان دەگەڕێتەوە.
دوای ئە وەی ئە رمینیا بڕوا بە ئاینی کریستی دینێ هە رچەندە ئەرمینیا یە کەم دە وڵەت وپادشا دەبێ کە بڕوا بە ئاینی کریستی دێنێ بە ڵام ئەمە نابێتە هۆکارێک بۆ هە لگیرسانی شەڕی ئاینگەرێتی لە نێوان کوردو ئە رمەنی کە ئەوکات کوردەکان هەمویان زەردەشتی بوون ، بە ڵام دوای ئە وەی ئیمپراتۆری رۆمانی بڕوا بە ئاینی کریستی دێنێ و لە 380 بڕیار دەدا کە ئاینی کردیستی ئاینی فە رمیی دەوڵەتە هەروەها خۆی وەکو پارێزەری هەمو کریستەکانی دونیا دە ناسێنێ ئە رکی پاراستنی ئە وان لە ئەستۆی خۆدە گرێ ، دیارە کە دەوڵەتی ساسانیش کریستە کانی دەچەوساندەوە ئەمانە بونە هۆکاری ئەوەی کارو کێشە کانی نێوان ساسانی و رۆمانیەکان ئالۆزتر وقورس تر کەن ، دیارە ئەمەش رەنگ دەداتەوە سەر رەوشی کورد وئە رمەنەکان ، کوردە کان کە زۆربەیان زە ردەشتی بوون و چینی پیاوە ئایندارەکانیان هەموویان زەردەشتی بوون لەگەڵ ئەمەش مێژوو هیچ کارەسات وکێشەیەکی ئەوتۆمان بۆ ناگێرێتە وە کە لەنێوان کوردو ئە رمەن بە هۆیەوە یا بە هەرهۆیەکی ترە وە رویدابێ .
لە سەردەمی ئیسلامیش دا کە زۆربەی کوردە کان بڕوایان بە ئاینی ئیسلامی هێناو ئەرمەنەکانیش لەسەر ئاینی کریستی خۆیان مابونە وە ، پەیوەندیەکانی نێوانیان لە هاوکاری وخۆشگوزەرانی بە ولاوە هیچی ترمان بۆ ناگێڕێتە وە ، چارە نوسی کوردو ئە رمەن لە و کاتەوە هەر بە یەکەوە بەستراوەتەوە ، دە بینین کە ئەوساش یە ک فە رمانڕەوا حوکمڕانی هەردوو وڵات ونە تەوەی کردوە یا هە ردولایان هە رێمی ئە رمەن و هە رێمی چیاکان (کوردستان ) سەربە یەک لایەنی راسپاردەو ئیمپراتۆر بونە .
کوردو ئەرمەن بەیەکەوە روبەڕوی هێرشەکانی تورک وتەتەر ومەگۆلەکان بونە بەیەکەوە توشیان بە توشی کاولکارو خاپورکاران بوە ئەوەی هاتە سەر کوردستان لە کوشتن وبڕین وکاولکاری هاتۆتە سەر ئەرمینیاش ، ئەمە بۆتە مایەی ئەوەی کە هەردوکیان ببنە خاوەنی یەک چارەنوس و یەک هەست .

له سالّی 1071 دوای جەنگی مەلازگر وولاّتی ئەرمینیاو کوردستان ووردە ووردە کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئەلب ئەرسەلانی سەلجوقی هەرچی میرنشینی کوردی وئە رمەنیی لە ئارادا بون لەو ناوچەیە بونیان نەما وسڕانەوە و وڵاتەکە هەمووی کەوتە ژێر دەسەڵاتی سوڵتانی سەلجوقی .{ *سەلجوقیەکان تیرەیەکی تورکن لە سەدەی دەیەم لە ناوچەکانی تورکستانەوە کۆچیان کردوە تا لە دەوروبەری دەریای قەزوین نیشتەجێ دەبن ، ناوی سەلجوقیان لە ناوی باپیرێکیانەوە بۆ ماوە تەوە کە سەلجوق کوڕی دەقاق دە بێ ، لە ناوەڕاستی سە دەی دوانزەهەم دەست دەگرن بەسەر دەوڵەتی عەبباسی .*

بەهۆی نە بونی سە رچاوەی تە واو لە ماوەی سە ردەمی وە دەرکەوتنی ئیسلامەوە لەسەر پەیوەندیەکانی کوردو ئە رمەن ناتوانین بە تەواوەتی و بە ووردی روداوە کانی و پەیوەندیەکانی ئە وسا دیار بکە ین ، تە نها لە روانگەی ئەو پە یوەندیانە نەبێ کە لەگەڵ میرنشینە کوردیەکانی سەردەمی دەوڵەتی سەفەوی و عوسمانیدا هەبوە نیشان بدەین بەڵام گرنگ ئەوەیە کە ئەوەی ئەوسا بوە پەیوەندیی دۆستانەو هاوکاری کردنی یەکتر بوە.

لە هەزارەی یە کەمی پێش زاینی بونی کورد لە ناوچەی قە وقاس دیارو رون بوو بە تایبەتیش لە ناوچەی ئەرمینیا ، بە رونتر جیاوازیان لە سەردەمی ئیسلامیەوە بەدی دەکرا مەقدسی لە پەرتوکەکەیدا بەناوی ( باشترین دابەش لە ناسینی هەرێمەکان ) دا دەڵێ ( لە کاتی توێژینەوە لەسەردۆخی هەرێمی ئەرمینیا و گەیشتنی سوپای حەبیب کوڕی موسلمە بۆ شاری (دڤین – دبیل)ی پایتەختی ئە رمینیا دە بینین کە سەرەڕای ئە وەی نە سارەکان - مەبەستی ئەرمەنەکانە - لەو شارەدا زۆرینە بون ئەوساش کوردەکان ئەو شارەیان دەبرد بە ڕێوە ) .

هەروەها بەلاذری لە پەرتوکەکەیدا بەناوی ( ئازاد کردنی ووڵاتە کان ) دا باس لە بونی رەگەزی کورد دەکات لە ئەرمینیا دەڵێ : ( حەبیب کوڕی موسلمە کاتێک هاتە ئەردەساتکە گوندێکە بەناوی قورمز، روباری کوردی بڕیبو لە مەرجدبیل دابەزی ، ئە سپەکانی لەوێ بڵاوە پێ کرد تا دە رگای لێ گرتن ومە نجەنیقی بۆ داگرتن یە ک یەکەی تێ هاویشتن تا ئەوکاتەی داوای خۆوە دەست دانیان دا و متمانە یان پێدان بە لایەنگری کردنیان ، ئە وسا ئەویش پەیمانی پاراستنی پێ بە خشین وئەم نوسراوەی بە ناوی نوسراوی ئاشتەوایی دەبیل ی بۆ خوێندنەوە:

بسم الله الرحمن الرحیم

( ئەم نوسراوە لە حەبیب ی کوڕی موسلمە وەیە بۆ نەسارەکانی خەڵکی دەبیل ومە جوس و(مەبەستی زەردەشتیەکان بوو کە کوردەکان بون ) جوەکانیشیەتی .ئامادەو نا ئامادەبوەکانی ، من ئەتان پارێزم ئەمانەت دەدەم بە ئێوەو کەلیساو سەرو ماڵتان بە شورەی شارەکەشتانەوە پێتان دەڵێم ئێوە پارێزراون ئێمەش لەسەرمانە پەیمانی خۆمان بگەیەنینە سەرو لە وتەکانمان راست گۆ بین ئە گەر ئە وەی لە سەرتانە لە سەرانەو ئە رکەکانتان گە یاندتانە جێ خوا شایەدی وتەکانمانە.)

دواتر لە ئەنجامی لاوازبونی دە وڵەتی عە باسی وزاڵ بونی هێزی فارسی و خە ریک بونیان بە کاری ململانێ وپیلانگێریە وە ، دە ست لەسەر ئەو ناوچانە هەلگیرا کاروباری وڵات پشتگوێ خران ، بۆیە هێزە کوردی و دلیمە کان لە باشوری دە ریای قە زوین بەرگریان لە ناوچەکە کردو بە رەنگلوی داگیرکە ران بونە وە ( ئەوان ئە و بۆشاییە سیاسیەیان پڕ کردە وە کە لاوازی خەلافەتی عەبباسی دروستی کردبوو ) بەتایبەت تەتەرو

مەگۆلەکان ، لە ئەنجامی ئەو لاوازیەش کۆمەڵێک حکومەتی خۆجێی دروست بوون لەوانە دەوڵەتی شەدادی ( کورد بوون – وەرگێر) کە لە ئەرمینیا دامەزراو ماوەی زیاتر لە سەدەیەک وچارەکێک درێژەی هەبوو ، ئەمەش نیشانەیەکی تری تەبایی و خۆش پەیوەندیی نێوان کورد وئەرمەنەکان بوو . ( مێژو نوسەکانی عەرەب ستایش وخەسلەتە باشەکانی ئەم رەگەزەیان ئاماژە پێداوە کە لە رەسەنی کورد بوون ، بە دادپەروەری وچاکەی فەرمانرەواکانیان هەڵداوە کە بێ جیاوازی لە گەڵ خەڵکی رەفتاریان دەکرد ) ئەم رەفتارە باشانە بونە مایەی ئەوەی ئەرمەنەکان ستایشی ئەم حوکمڕانانە بکەن وژنخوازی و خزمایەتی لە نێوان کورد وئەرمەنەکان بە تایبەت خانەوادەی بەقرادۆنیەکان دروست بێ .

دەوڵەتی شەدادی لە ساڵی 951 لەسەر دەستی محمد کوڕی شەداد کوڕی قرتق دروست بوو سەرەتا شاری کنجە (جنزەی کرد بە پایتەخت کە دەکەوێتە خواروی شاری یەریڤانی ئێستا بە 25 کم ( بۆ دامەزراندنی دەوڵەتەکەی کوردەکانی نیشتەجێی ئەوێ هاوکاریی زۆریان کرد ) دواتر پایتەختەکەی لە کنجەوە گواستەوە بۆ پایتەختی ئەرمەنەکان (دوین) *{ وا مەزندە دەکرێ کە شاری جنزە یا کنجە هەمان شاری دوین بێ کە باوکی سەلاحەدینی ئەیوبی لەگەڵ خانەوادەکەی ئەوکاتەی لە سەردەمی شەدادیەکان روی تێکردوە لێی ژیاوە ، ئەم شارە پایتەختی کۆنی ئەرمەنەکان بوو بەڵام دواتر شەدادیەکان کردیان بە پایتەختی دەوڵەتی کوردیی ئیسلامی ئەمە بەر لەوەی بۆ پایتە ختەکەی تری خۆیان بچن کە (ئانی ) بوو ، شاری جنزە لای روسەکان لە ساڵی 1804 موەو بە یلیساو تیبول دەناسرێ تائێستاش خەڵکی ئەوو شارە بە کنجە ناوی دەبەن }* خۆیان ، بنەماڵەیەکی تری شەدادیەکان حوکمڕانیان کرد لە شاری (ئانی ) کە پایتەختێکی تری ئەرمەنیەکان بوو .

دوای ئەو ئیتر کوڕەکەی فەزلی یەکەم (985 – 1031 ) حوکم دەگرێتە دەست کە 47 ساڵ حوکمڕانی دەکا ، لە سەرچاوە ئیسلامیەکان بە فەزلیان ناو دەبەن بەلام سەرچاوە ئەرمەنیەکان بە (بدلون ) ناویان دەبەن کە حوکمی لە بەشی هەرە زۆری ئەرمینیا کرد کورەکەشی ( ئەبو ئەسوار) *{ لە کلتی گەڕان بەدوای رەگەزی ئەو ناوە (ئەبو سوار ) دەبینین کە ئەمە ناوێکی کوردیی رەسەنە واتە سوار بەمانای (فارس) ی عەرەبی دێت }* کچی ئەشوەتی بەقرادۆنی ( تاشیر) دێنێ کە دەکاتە خوشکی داود ئنهۆلین ی پادشای ئەرمەنەکان بۆیە کوڕی دوەمی ناوی ئەرمەنیی لێ دەنێ کە ( ئەشوەت ) بوو .

دەوڵەتی دووەمی کوردی کە کاریگەری ئەرێنیی هەبوە لەسەر پەیوەندیەکانی کوردو ئەرمەن دەوڵەتی دۆستەکی بوو ، کە لە هەندێک سەرچاوەی عەرەبی بە دەوڵەتی مەروانی ناوی دێت ، ئەم دەوڵەتە میری کورد باز کوڕی دۆستەک لە 990 دایمەزراندوە ، شاری میافارقین ی کردە پایتەخت ئەمەش دیارە کە یەکێکە لە پایتەختەکانی ئەرمەنی کە پادشای ئەرمەنی دیکرانی مەزن دروستی کردبوو ناوی نابوو (تیکرانا کیرتا ) دەوڵەتی دۆستەکی هەموو خەسلەتەکانی دەوڵەتی هەبوو پشتگیری هەرسێ دەوڵەتە مەزنەکەشی وەرگرتبوو کە دەوڵەتی عەبباسی وفاتمی وبێزەنتی بوون .

ئەم دەوڵەتە ئاسایش و ئارامیی بۆ هەموو هاولاتیانی دابین کردبوو بە بێ جیاوازی خزمەتگوزاری و پێشکەوتنی باشی بە خۆوە بینی بوو لە رێگەی کەشتیەوە بەرهەمەکانی پیشەسازیی بۆ ولاتان وەکو عێراق و ولاتانی تر دەنارد ، بەلام بەهۆی مردنی کتوپری میرەکەی بلز لە ساڵی 990 توشی هەندێک شلەژان هات بەلام ئەوەندەی نەبرد کە بۆ دۆخی جارانی گەڕایەوە.

هەموو سەرچاوەكان ئاماژە بەو ئارامی وسە قامگیریەی ئەو سەردەمی حوكمڕ ان دەكەن ئەمەش بە هۆی گرتنە بەری ئەو سیاسەتە بێلایەنەی میرەكانیەوە بوو ( لە سەردەمی ئەو میرە هیچ ئاژاوەو كارێكی ناڕەواو نادادپەروەری ئەوتۆ لە نێوان پێكهاتەكانی ئەم دەوڵەتە روی نەدابوو نە لە بواری ئاینی و نە لە بواری نەتەوایەتیەوە تەنانەت وەزیری ئەوقافی ئەوكات لە سەردەمی پادشای كۆن ( ئەبو عەلی حەسەن پادشا و ) وپێشتریش كوڕی شلیتای كریستی بوو .)

كاتێک دە چینە سەر ر وداوەكانی سە دەی نۆزدە هەم راستە وخۆ سە رەتا دە بێ باس لە شۆڕشی بەدرخانی ئەزیزی بكەین لە 1812 لە ناوچەی جەزیرا بۆتان كە بە مەزنترین شۆڕشی سە ردەمی چە رخی نوێ دە ژمێردرێت لە ژیانی كورد دا . ئەمە نەک لە بەر سەركەوتنەكانی كە بەدەستی هێناوە بەڵكو لەبەر ئەو دەسكەوت وخزمەتگوزاریانەیە كە لەوماوە كورتەدا میر بەدرخان بەدەستی هێنا بوو .

میر بەدرخان لە ساڵی 1812 دێتە سەر حوكم دوای ئەوەی دەوڵەتەكە دادەمەزرێنێ كە لە ساڵی 1812 تا 1848 دەخایەنێ هە ڵدەستێ بە دامەزراندنی سوپایەكی مەشق پێكراوی نوێ لە كوردو بۆتانیەكان دواتر كارگەی چەكو عەمباری تەقەمەنیی دروست كرد ، هانی بیناسازی وئاوەدان كردنەوەی دا جەختی لەسەر دادپەروەری و یەكسانی كردەوەو لە نێوان موسلمان وكریستی و پیادە ی كرد ، باری ئارامیی لە ناوەوە پاراست دزی وجە ردەیی نەهێشت ، لە پێناو بەشداریی كارای كۆمە ڵانی خەڵک داوای كۆنگرە یەكی نەتەوایەتیی كوردیی كرد ناوی نا ( پەیمانی پیرۆز ) زۆربەی سەركردە كوردەكانی لە خۆگرتبوو نەک تەنها لە توركیا بەڵكو كوردەكانی ئێرانیش ، ئە وە بوو زۆربەی سەركردەكان بەپیر ئەم بانگەوازە ی میر بەدرخانەوە هاتن ، ئەم هاوپەیمانێتیەش بۆ ئەوە بوو كە هەمویان بەیەكەوە بەشداری لە شۆڕشێک بكە ن دژی ئیمپراتۆریە تی عوسمانی لە پێناو رزگار كردنی كوردستان ودامەزراندنی دەوڵەتی كوردی .

لە ئەنجامی نیانی مامە ڵەی ئەمیر وبوردن وچاوپۆشین لە رابردوو توانیی دڵی خە ڵكی ناوچەو دەوروبەری بۆ دۆزە كەی بكێشێ بە تایبەت ئەرمەنەكان كە ئەوپەری هاوكاریان لەگەڵ كرد ، ئە رمەنەكان لای میر بە درخان پایەو مەكانەتیكی تایبەتیان هەبوو بە چاوی كورد سەیریانی دەكردن ، بۆیە هەندێک لە مێژوو نوسان دە ڵێن بەدرخان پێی وابوو كە كوردو ئەرمەن بە رەچەڵەک یەكن . بۆیە ئەرمەنەكان بە حوكمی شارەزایی وبسپۆریان توانیان بەسەر هەموو كەناڵە ئابوری وبازرگانیەكانی دەوڵەتدا زال بن ، ئە مە بوە هۆی ئەوەی كە هەمو ئەرمەنەكان بچنە پالیەوەو ئەویش پشتیان پێ ببەستێ و ببنە جێی متمانەی ئەو لە هەموو بوارەكانی كار وپایەكان شوێنیان هەبوو وەكو راوێژكار( ستیبان مانوگلیان و ئەرگانیش تشالكزیان ، راوێژكاری بە درخان بوون یە كێک لە ئەفسەرەكانی ئە رمەنی فەرماندایەتی سوپایەكی كوردی بە درخانی دەكرد ، زۆربە یان شانازیان بە ئەرمەنایەتی خۆیان دەكرد لە كاتێكا كە توركەكان ئەو مافەیان لێ قەدەغە كردبوو .

رۆژهەڵاتناسی ئەلمانی جوهانس لیبسیوس كە لە رەوشی كورد وئەرمەنەكان بە ئاگا بوو باس لە و دۆستایە تیەی كوردو ئە رمەنەكان دە كات لە 1848 دەڵێ دۆستایە تی وپەیوەندیەكانیان ئەوەندە خۆش وتەبا بوو گەیشتبوە ئاستی ژنخوازی وتێكەلاوی یەک بوون ، كوردەكان زۆر ریزیان لە نەریتە ئاینیەكانی ئەرمەنەكان دەگرت .

کاتێک عوسمانیه کان هێرش ده کەنە سەر شۆڕشه کەی بە درخان وتێکی دە شکێنن ئەرمەنەکان لە هەلوێستە جوامێریەکانیان پە شیمان وپاشگە ز نابنه وە شان به شانی میر بەدرخان بەرگری دەکەن ئەو هێرشه کە عوسمانیەکان بە هاوکاری ئینگلیز کردیانە سەر کورد وئەرمەن بەیەکەوە بەرۆکیان لێ گرتبوو تا راپەڕینەکەی 1856 کە یەزدان شیر پێی هەلسا هه مان هه لوێستیان هه بوو ئه و راپه ڕینەی دوای شه ڕی قه رەمی نێوان ده وڵەتی روسیای قەیسەری ودەوڵەتی عوسمانی کە عوسمانیەکان به دڕندەیی دایان مرکاندەوه .
هەروەها لە راپەڕینی شێخ عبیداللە ی نە هری کە لە راپەڕینە مەزنەکانی کوردی دێتە ئەژمار لە نیوەی دوه می سه دەی نۆزده هەم ده ستی پێکرد . ئەم راپه ڕینەش به هۆی هاوکاریەکانیانەوە پەیوەندیەکی تری پتە وی لە نێوان کورد وئه رمەن دروست کرد ، سەرەڕای ئەوەی ئەوکات ئەرمەنەکان تازە ماوەیەکی کورت بوو مافی حوکمی ئۆتۆنۆمیان به پێی پەیمانەکانی سان ستیڤانۆ لە 3 ی ئاداری 1878 و بەرلین لە 13 ی تەموزی 1878 پێ درابوو .ئەوکاتە کوردەکان بۆ ئەوەی لە ژێر حوکمی عوسمانیه کان رزگاریان بێ دوو هەوڵی رزگاربونیان شکستیان خوارد کە لە سەردەمی به درخانی مه زن و یه زدانشێری برازاکەی بوو ، بە ڵام بەشداریان لەو راپەڕینەدا کرد کە دوای شیری روسیی تورکی لە 1877 – 1878 رویدا کە راستەوخۆ کاری کردبوە سەر رەوشی کوردستان وئە رمینیا بەهۆی ئە وەی ببونە مەیدانی جه نگ ، هە روەها کاری کردبوە سەر ره وشی ئابور ی دەوڵەتی عوسمانی کە ئەوکات لەژێر باری قەرزی وڵاتە ئەوروپیەکاندا دەیناڵاند ، لە پێش هەمویان فەرەنسا وئینگلتەرا ، سەرەڕای ئەمانە هەموو ئەوساڵ زستانی 1878 زستانێکی ووشک ونه هات بوو قات و قڕی باری کێشابو بە سەر وڵاتدا و برسێتی وگرانی هەموو لایەکی گرتبوه وه بەهۆی بڵاو بونه وەی نەخۆشی به هەزاران کەس گیانیان لە دەست دا ، خەڵک گونده کانیان جێهێشت و رویان لە شارەکان دە کرد حکومه ت لە توانایدا نه بوو هاوکاری ئه و خه ڵکە لێقەوماوە بکا بۆیە کۆنسولخانەکانی وڵاتە بێگانەکان بە م ئه رکە هەڵدەستان.
جەماوەر دەنگی لێ بە رز دەبوەوەو نەفرەتیان لە دەوڵەتی عوسمانی دە کرد بێ ئه وەی لە هیچ دەم کوت کردنێک بترسن . دەڵێن کاتێک کۆنسولی فه رەنسی بە بەردەمی سەرادی موسل دا تێدەپەرێ هاوکاری ئەو حەشامەتە برسیە دەکا ئەوکات پیرێژنەک بەڕویدا دەنگ هەڵدەبڕێ دەڵێ خوا لێتان رازی بێ بە خوا ئێوە لە موسڵمانەکان باشترن چونکە یارمەتی هەژاران دەدەن . ئەم بێزاریەی جەماوەر بوە هۆی ئەوەی راپەڕین بە سەرۆکایەتی شێخ عوبەیدوللا ی نە هری دەست پێبکا ( کە لە بنچینەدا چاوی بریبوە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی ) .
شێخ عوبە یدوللا نوێنه ری خۆی بۆ هە موو ناوچە کانی کوردستان ناردبوو داوای لە سەرکردە کوردەکان کردبوو کە هاوکاریی بکەن بۆ ئەوەی لە داگیرکەرانی تورک وئێرانی رزگاریان بێ و دە وڵەتی کوردی دامە زرێنن . پێی راگەیاندبون کە ئەوان (داگیرکەران) هیچ مافی ئە وەیان نیە حوکمڕانی لە کوردستان بکەن ، نوێنه ری بۆ کوردە کانی روسیاش ناردبوو تا هاوکاری براک انیان بکە ن ، بۆیە شێخ بە زەروری زانی سۆزی نە تەوە دراوسێکانیش بۆخۆ بکێشێ ئە وانەی بە یەکەوە لەگەڵ کورد دە ژین وه کو ئاشوری و ئەرمەن و عه رەب چونکە هاو کێشه و هاو مه ینەتن ، ( پەیوەندیی لە گەڵ سه رکردەی ئاشوریەکان کرد کە مار شەمعون بوو ئه ویش بەڵێنی هاوکاریی بە شێخ دا ) ، بایە خی

زۆریشی به ئەرمەنەکان دا چونکە بەیەکەوە دەژین ئەمەو جگە لە بایەخ دان بە پشتیوانی وپشتگیریەکانی ئەوروپی بۆپرسی ئە رمەن کە دەکرێ لەم کەلێنەوە بۆ کوردیش سودی تایبەتیی هە بێ بە تایبەت دوای پە یماننامەی سان ستیڤان و ( زیاتر لە بۆنەیەک شێخ رایدەگەیاند کە ئێمەو ئە رمەن براین دە بێ تە باو یە ک بین ، هە ر بۆیە ش ئە رمەنەکان پشتگیری خۆیان بۆ شێخ دە ربڕی ) ، ئاسۆکانی دە ستپێشخەری هاوپە یمانێتیی کوردو ئەرمەن و ئاشوری دژی تورکە کلێ بەدی دەکران هەوڵەکانی ئینگلیز بۆ دور خستنەوەی ئەرمەن و ئاشوریە کان لەو هاوپەیمانێتیە نەزۆک بون بیانوی ئینگلیز لە و دورخستنەوەیە ئەوەبوو گوایە تەنها ئەوروپا بۆی هەیە کریستەکان بپارێزێ .
شێخ عوبەیدوللا ی نەهریێ ( کە سەرکردەی تەریقەی نەقشبەندیی سەرتاسەری کوردستان بوو) شێخ لای ئە رمەن وئاشوریە کان جێی متمانە بوو بە تایبەت ئەوکاتەی لە کۆنگرەی ئامادەکاری بۆ راپە ڕین لە وەڵامی ئە وانەی دژی پە یماننامەی بە رلین بوون ووتی :
تورکەکان دەیانەوێ بە دەستی ئێمە لە کریستەکان بدەن ئەوکاتەی ئەوانی لەناوبرد ئەوسا روله ئیمە دەکن و لەناومان دەبەن ئێمەش لەوە بە ئاگاین .
شێخ لە رێنماییەکانی دا بۆ راپە ڕیوە کوردەکان جە ختی لە سەر پاراستنی سە رو گیانی بێگانەکان کردەوە بەتایبەت ئەرمەن وئاشوریەکان داوای کرد کە هەر ماڵەو ئاڵایەکی شین هەڵواسێ بۆ ئەوەی کەس تخونی ئەو ماڵە نەکەوێ .
مینۆرسکی مێژوونوسی روسی کە لەوسەردەم ژیاوە باس لەوە دەکا کە هیچ لە کریستەکان ئازاریان لە کوردەکانەوە پێ نەگەیی بە دەقی ووتەکەی دەڵێ ( هیچ لە ئەرمەنەکان زیانیان لە بزوتنەوەکەی عبیداللە پێ نەگەیی ) بەڵام عبیداللە لە وە سەرکەوتوو نەبوو کە سود لە ئەوروپییەکان وەرگرێ بەڵکو نەی توانی بێلایەنیشیان کا چونکە ئینگلیز ئەوکات تازە لەگەڵ سوڵتان عبدالحمیدی دووە م هاوپە یمانی دژی روسیا و ئە رمەن و کورد بە ستبوو ، بەرانبەر بەوە دەست لە قوبرس هە لگرێ ، لە ئەنجامی پیلانی عوسمانی وئینگلیزە کان روسیا لە پەیماننامەی بە رلین بە دەستی خاڵی هاتە دەرەوە ، بۆیە لەجیات ئە وەی ئینگلیزەکان یارمە تی شۆڕشگێرە کوردەکلێ بدە ن هێزیان لە سەر کۆکردنە وە هەروەها ئێران وتورکیاش هە مان ئۆپەراسیۆنیان کرد بە م شێوەیە راپەڕینی کوردە کان کە ئەرمەن وئاشوریەکان پشتگیریان لێ کردبون شکستی هێنا .
دوای سێ ساڵ لە شەڕو پێکدادان نە ک بە هۆی نا هاوسە نگی هێزە کانی کورد وتورکی بەڵکو بە هۆی پیلانی وڵاتانی ئە ورپی و هاوکاریە سێقۆلیەکەی ئەورپیی ئێرانیی عوسمانی کە بۆ سوڵتان عبدولحمیدیان پێشکە ش کرد ئەم جارە کێشەی کوردو ئەرمەن بە شێوازێکی تر چارەسەر کرا ئەویش نەک لە رێگەی دیالۆگ ودانیشتن بە ڵکو لە رێگەی ئاگر و ئاسن وکوشت و بڕین وکاولکاریە وە ، دانوستانە کان کران بە ڵام بۆ کوردو ئە رمەنەکان نە بو بەڵکو بۆ جێبە جێ کردنی داخوازیە کانی وڵاتانی ئە وروپی بوو لە سەر حسابی نە تەوە بن دەستەکان ولە رێگەی راگواستن وکۆکوژیەوە بوو ، ئە م سیاسەتە زیاتر ئەوکاتە پیادە کرا کە لە 1894 خەڵکی لە دژی داگیر کە ران لە ساسۆنی چیایی راپە ڕین داوای جێبە جێ کردنی بەندەکانی پەیماننامەی بەرلین یان دە کرد ( ئەم راپەڕینە سەرتاسەری ئەرمینیا ی رۆژ ئاوا ی گرتەوەو دواتر پەڕیەوە بۆ ترابزۆن و ئەرزەرۆم و تبلیس و وان ودیکراناکیرد و سیواس و ئەدەنە و کیلیکە ... ) بۆ وەڵام دانەوەی ئەم راپەڕینە سوڵتان ئەوپەری توندو

تیژیی بەکار هێنا کۆی ئە و خەڵکانەی لەو کۆکوژیە سوڵتان عبدالحمید جینۆسایدی کردن لە ئەرمەنەکان گەیشتە نزیکەی 300000 کەسی سڤیل.

*     *     *

## پەیوەندیەکانی نێوان هەردوو لایەن، لە سەدەی بیستەم

---------------------------------------------------

خەباتی سیاسی وچەکداریی هەردوو نەتەوەی کوردو ئەرمەن دژی چەوساندەوەی سالْتانە عوسمانیەکان لە سەرەتای سەدەی بیستەم رۆلێکی باشی گێرا بۆ لە یەک نزیک بونە وەی سەرکردەی هەردوو نەتەوە . دواتر ئەم پەیوەندیە سیاسیانە رەنگیاندایەوە بۆ سەر رەوشی کۆمەلایەتی و پە یوەندیی هە مەلایەنەی هە ردووک گەلی خەباتگێر . بەهۆی هاوبەشی و لەیەک چونیان لە روی چەوسانەوەوە بێبەش بون لە مافی نەتەوایەتی یان زۆربە ی جار هەماهەنگ بوون لە مەینەت وروبەرو بونە وەی زولْم وستە می عوسمانیە کان هاوکار بوون .
لەسەرەتای سە دەی بیستە م بە هۆی پە یوەندیی شاندی هە ردوو لا لە روبەڕو بونە وەی پیلانەکانی عوسمانیدا بە تایبەت دوای کودە تاکەی پارتی ئیتحاد وتە رەقی دژی سوڵتان عبدولحمیدی دووە م وبلاوبونە وەی دە ستوری عوسمانیی ساڵی 1908 و راگە یاندنی یەکسانی لەنێوان گەلانی عوسمانی و بەرزکردنەوەی دروشمی ئازادی وبرایەتی ویەکسانی وگفت وبەلێنەکانی بلاویان دە کردنەوە بەم دروشمانە وبلاوبونەوەی چاپەمەنی ورۆژنامەو کۆمەڵە هەرەوەزی و یانە ی ئەرمەنی وکوردی کە بانگخوازیان بۆ یەکڕیزی دەکرد یەک هەڵوێست بوون ، ئەوەندەی نەبرد پارتی ئیتحاد وتەرەقی لە بەلێن و دروشمەکانی پاشگەز دەبێتەوەو کۆمەڵەی تورک ئۆجاغی ( خانەوادەی تورکی )یان دامەزراند کە بانگخوازی بۆ تاواندنەوەی هەموو گەل وپێکهاتەیەک دەکرد لەناو بۆدەقەی تورکەوە .
لە گرنگترین نیشانە کانیش راپە ڕینەکەی بدلیس ی ساڵی 1914 بو کە لە سەرو بەندی جەنگی یەکەمی جیهانی رویدا ، هەر لەو ساتەی پارتی ئیتحاد وتەرەقی دێتە سەر کورسیی دەسەلات لە ئەستەنبۆل سەرکردەکانی ئەم پارتە هەموو هەلوێستە رەگەز پەرستیەکانیان گرتبوە بەر بەتایبەت بەرانبەر بەو نەتەوانەی کە کورد نین ، ئەمەش هەلوێستە لاوزەکانی تورکیایان زیاتر هێنایە لەرزین بەرانبەر بە لەشکری ئیتالیاو لیبیا کە لە 1911 شکستیان پێی هێنابوو هە روەها لە هەلوێستەکەی بەلقانیش لە 1912 کە توشی هە مان شکستیان کردبوو ، وێڕای ئالۆزی کە ش و هە وای ناوچەکە لە ئەنجامی جەنگی یەکەمی جیهانی ، نرخی کالاو خۆراک بە رز دە بێتەوەو قە یرانی ئابوریی نێودە ولەتی سە رهەڵدەدا کە دەولەتەکان لە توانایاندا نە بو موچە ی فە رمانبەرو سە ربازەکانیشیان دابین بکە ن کە بوە مایەی سەپاندنی باجی زۆر لە سەر دانیشتوانی نا وچەکە ، دیارە ئەوانیش بۆیان نە دەکرا لە ژێری دەرچن .

ئا لەم کەش و هەوایەدا بوو هەندێک لە ئەندامانی خانەوادەی بەدرخانی بەتایبەت ئەندامی پەرلەمانیان حسێن پاشا *{ ئەندامی پەرلەمانی تورکیا بوو بە هۆی هەلوێستی کورد پەروەرانەی پارتی ئیتحاد وتەرەقی پارێزراوی -حەسانە- یان لێی سەندبووەوە لە بەرانبەر دەتس هەلگرتن و وازهێنانی لە هەلوێستە کوردپەروەریەکانی بڕیاری دامەزراندنیاندا وەکو والیی سوریا بەڵام ئەم پۆستە بەمەرجارە رەت دەکاتەوە }* رەزامەندی زۆربەی سەرکردەو فەرماندە کوردەکانی وەردەگرێ بە مەبەستی دەستکردن بە راپەڕین لە و شارە کوردیانە : بدلیس ، دیار بەکر ، موسل ، سلێمانیە ، کەرکوک ، بۆئە وەی لەژێر چنگی عوسمانیەکان رزگاریان بێ و بۆ خۆیان قە وارەیەکی کوردی دابمە زرێنن وەکو میرنشینێکی کوردی .

بۆ کۆکردنە وەی هە موو سە رکردەو رێکخراوێکی کوردی هە ڵسا بە دامەزراندنێ پلاتفۆرمێکی کوردی وەکو چەتری کۆکەرەوەی ئەم کەسایەتی ورێکخراوە کوردیانە و ئامادەکردنیان بۆ راپەڕینی 1912 ناوی نا ( لیژنەی ئامۆژگاری – ئەمە وەکو پارتێکی کوردی وابوو ) وەکو سود وەرگرتن لەو ناکۆکیانەی نێوان تورکیاو روسیا و بۆ ئاگادار کردن و داوالێکردن لە دەسەڵات دارانی روسیا تا بە چەک وتفاق هاوکاری ویارمە تی راپەڕیوە کوردەکان بدەن ، ئەم پلاتفۆرمە شاندێکیان بە سەرۆکایەتی کەماڵ بەگ بالای نوێنەری روسیا لە تبلیس نارد تا لە نزیکەوە گفتوگۆ لەسەر ئەم پرسە بکەن ) .

بەهۆی ئەوەی سەرکردەی راپەڕینەکە بایەخی ئەرمەنەکانیان لەم بوارە بەرز نرخاند بوو هەستیان بەو گرنگیە دەکرد کە ئەرمەنەکان لەم رووەوە هەیانە چونکە ەەردوولا هاوبەشن لە رووبەڕو بونەوەی چەوساندنەوەکانی عوسمانی ورۆلی ئەرمەنەکان لە ئەورووپاو ناوەوە مایەی ئەوە نیە پشت گوێ بخرێ بۆیە داوایان لە ئەرمەنەکان کرد لەم راپەڕینە هاوکاریان بکەن و بە لێنی ئەوەشیان پێدان کە تەنانەت ئەگەر داواکەشیان رەت کەنەوە ئەوساش مافەکانیان پارێزراوە و کەس بە هێچ شێوەیەک ناتوانێ دەست بۆ سەر ماڵ ومولکیان درێژ بکات . ( ئەوەبو بە نهێنیەوە مەلا خیزانی لە شاری بدلیس چاوی بە سەرکردە بەناوبانگەکانی ئەرمەن لە تاران دەکەوێ ، هاوپەیمانێتیەکی کوردیی ئەرمەنی دەبەستن ، لەسەر ئەوە رێک دەکەون کە ئەو ناوچانەی دوای راپەڕین ئازاد دەکرێن لەلایەن کوردو ئەرمەنەکان بەرێوە دەبردرێت ).

لە رووێکی تریشەوە دەسەڵاتدارانی تورک چاودێری هە موو هەنگاوەکانی سەرکردەی راپەرینەکانیان دەکرد لە پیلان گێران وهەولەکانیاندا دژی ئەم جولانەوەیە بەردەوام دەبن هەوڵەکانیشیان بۆ ئەوە بوون :

1 – کوشتن وگرتنی چالاکوان و دڵسۆزانی راپە ڕینەکە ، بۆ ئە م مە بەستە چەندین کرێگرتەو و جاسوسەکانیان بۆ ناوچە کوردنشینەکان نارد تا بە کاری پیلانگێڕیەوە هەلسن ، ئەوە بوو توانیان خیرالدین بەرازی تیرۆر کەن و بەدەیان خەباتگێرو چالاکوان دەستگیر وبن بزر کەن بە مەبەستی لە بار بردنی هەوڵی خەباتگێران وسەرنەکەوتنی ئەم جولانەوەیە .

2 – هەوڵدان بۆ کە لێن خستنە ناو یەکریزی راپەڕیوان بە پەشیمان کردنەوەی تیرە و تایەفەکان هەرنەبێ بێلایەن یان کەن لەم راپەڕینە ، تا لە پەیمانی یەکڕیزی کوردیان وەدەر نێن .

3 – هانی پیاوه ئاینیەکانیان دەدا بۆ ئە وەی فە توای ئاینی دژی سە رکردەکانی راپەڕین دەرکەن تا خەڵک لییان دور کەوێتەوە .
4 – بۆئەوەی گەنجی کورد لەم ئەرکە پیرۆزە دورکاتەوە وتواناکانی گەنجان بە فیرۆ بدا فەرمانی گشتیی دەرکرد بە ناردنی هەموو گەنجێک کە بتوانێ چەک هەلگرێ بۆ بەرەکانی جەنگ و دوریان کاتەوە لە ناوچەکە ، ئەم فەرمانەش ناونرا بە ( سەفەر بەرلک) .
ئەوەبوو بەو بۆنەیە ڕۆژنامەی تامارات ی ئەرمەنی لە ژامارەی 1524 ی رۆژی 29 ی ئاداری 1914 ئەم رەفتار و کارە ی تورکەکان رسوا دە کا و دە نوسێ : دەسەڵات دارانی تورک گەنجە کوردەکان بە زۆر دەکا بە سەرباز و بۆ بە رەکانی جەنگیان رەوانە دەکا ماڵ و منداڵەکانیان بێ خواردن و سە رپەرشتیار دە میننەوە خێزانە کوردەکان لە رەوشێک دا دەژین کە خەڵک دڵی بۆیان دەسوتێ .
5 – هەوڵدان بە نانە وەی ئاژاوە لە نێوان کورد و ئە رمەن ئە مەش لە رێگەی بڵاوکردنەوەی پرۆپاگەندە دەکرا ، لە لایەک دەیان وت کوردەکان لە جیات ئەوەی داوای مافی خۆیان بکەن خۆیان بۆ هێرشی سەر ئەرمەنەکان ئامادە دەکەن مەبەستیان لە ناوبردنی ئەرمەنەکانە، لە لایەکی تریشەوە دەیان وت ئەرمەنەکلن دەیانەوێ شەڕی کوردەکان بکەن چونکە دژی بەرژەوەندیەکانیانن ، بەڵام ئەم هەوڵانە هەموو بەفیرۆ چوون .
( ئەم نزیک بونە وەی بدلیسی سە رکردە کانی کوردە راپەڕیوەکان لە ئەرمەنەکان دەسەڵاتدارانی ئەسیتانەی بێزار کردبو چونکە ئەوان پیلانیان بۆ بەگژ یەک دابردنی کورد وئەرمەن دادەرێژا کەچی کارەکان بە ئاوەژوی مەرامەکانیان هاتن ، هە ردەم هەوڵیان دەدا کورد بەگژ نەتەوەکاندا ببەن بەتایبەت بەگژ ئەرمەنەکاندا ).
سەرەڕای ئەوەی ئەم راپەڕینە بە شێوەیەکی گەلەری ونارێکی هێزەکانی کورد بوو بە ڵام ئەو کاتە ی لە ئاداری 1914 دەستی پێکرد لە 9 ی ئادار ژمارە ی بە شدار بوان لە 8 هەزاری رە ت کرد ، هە رچەندە کارێکی ئاسان نە بوو کۆنترۆلی هە ستی شۆڕشگێرە کوردەکان بکرێ بە ڵام لەگەڵ ئەمەش توانرا هە ست وسۆزی ئە رمەنەکان بۆلای خۆیان رابکێشن ، ئە مەش چۆن کرا کاتێک راپە ڕیوەکان بە گوندە ئەرمەنیەکاندا تێپەریان دەکرد ئامادە نەبوون بەبێ بەرانبەر نانیان لێ وە رگرن هەڵس وکەوتی نیان وجوامێرانەیان لەگەڵ بەکار دەهێنا بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە جوتیارەکان چوونە ریزیان وبەشداریان لەگەڵ کردن .
لەگەڵ ئەوەی باری ژیان وگوزەرانی خەڵک لە روی دەرامەت و بژێوی زۆر سە خت و نەداری بوو بەڵام هیچ دیاردەیەکی راوڕوت وتاڵانی لە بدلیس تۆمار نەکرا ، بۆ وتەکانمان ئاماژە بە شایەدی رۆژنامەی ئۆریزۆن دەدەم کە لە ژمارەی 74 ی رۆژی 10 ی نیسان ی 1914 بڵاوی کردۆتە وە دەڵێ : ( جەماوەری کورد بە و پە ڕی نیانی مامە ڵەیان لە گەڵ ئەرمەنەکان دەکرد ، بە رادەیەک رازی نە دەبون نان بە خۆڕایی لە ئەرمەنەکان وەرگرن کە بە رەزامەندی خۆیان پێیان د ەدان ، تە نها لە کاتی پێویست بۆ خۆ گە رم کردنەوەسوتەمەنی یان لێ وە ردەگرتن ، چونکە بەدرێژایی رۆژەکە لەبەر سەرما وبەفر بوون ئەمەش ئەرمەنەکانی خۆشحال دەکرد کاتێک دەبونە مایەی گەرم کردنەوەی ئەوان) .
ئەم هاوکاریە ی ئە رمەنەکان د ەسەڵاتدارانی تورکی خستبوە دڵەراوکێ ونارە حەتیەوە چونکە هەوڵەکانیان بە درێژایی رۆژگارەکە شکستیان هێنابو پیلانەکانیان سەری نەگرتبوو کە بتوانن کورد وئەرمەن بە گژ یەکدا بدەن بۆیە والیی تورکی لە موشێ کە (ئیحسان پاشا )

بوو داوای لە ئەرمەنەکان کرد چە ک دژی کوردە کان هە ڵگرن ، بە م داوایە ی والی ئەرمەنەکان لە روو دامان هیچ چارێکیان نە ما ، ئەگەر ئەم داوایەیان رەت بکردبایە ئەوا توشی راوە دونان و گرتن وسزادان دە بون ئە گەر داواکە شیان قە بول بکردایە ئەوا دوژمنایەتی دەکەوتە نێوان کورد وئە رمەن ، بۆ وە ڵامی ئەم داوایەیان یەکێک لە ناودار وکەسایەتیی ئە رمەنەکان لە وان وە ڵامی دایە وە کە ( کارۆساسۆنی ) بوو ووتی : ( ئەرمەنەکان زۆر باش لەم داوایە دەگەن بۆیە بە ژیرانە روبەڕوی ئەم هەڵوێستە بوونەوە ، ئەوەبو پشتیوانی خۆیان بۆ والی دە ربڕی بە ڵام هە ر بە زارەکی ، لە ژێرەوەش لەم پیلانەیان کوردە کان ئاگادارکردە وە و پێیان راگە یاندن کە تورکەکان خە یالیان خاوە ئەو رۆژە بە چاوی خۆیان ببینن کوردو ئە رمەن روبەڕوی یەکتر ببنەوە ، دڵنیایان کودنەوە کە هیچ کاتێک ئامادە نین چەکەکانیان روەوە کوردەکان ئاراستە بکەن)

لەگەڵ پە رەسەندنی راپە ڕین ودە ستگرتنی خە ڵکە راپەڕیوەکە بەسەر شاری بدلیس دا دەسەڵاتدارانی تورک دەستیان بە راوەدونان وگرتنی سەرکردە کوردەکان کرد لە پایتەخت وشارەکانی تر ، بۆ نانە وەی ترس ودڵە ڕاوکێ لە ناو ئە رمەنەکان وبە هۆی پە یوەندیە خۆشەکانی نێوان کوردو ئەرمەنەوە دەسەڵاتدارانی تورک خەڵکێکی زۆری لە سەرکردە و خەڵکی سڤیلی ئە رمەن بە بیانوی هاوکاری کردنی کوردە کانی دەستگیر کرد، بۆ نمونە هاوڵاتیی ئەرمەن (هاگوپ) لە گوندی کۆلتیکی یان گرت چونکە بە گەنم هاوکاریی خێزانی خەباتگێرانی کوردی لە گوندی (کۆمانجە ) کردبوو هە روەها (نەخشۆ) کە هاوڵاتیەکی ئەرمەنی بوو بە هۆی یارمە تی دانی راپە ڕیوەکانەوە دەستگیر کرا دیسان رۆژنامە ی ئەزتاماران ی ئەرمەنیی داخست بە بیانوی ئەوەی هەواڵی راپەڕینی کوردەکان کە لەگەڵ سیاسەتی تورکیا ناگونجێ بڵاو کردۆتەوە .

دوای شە ڕێکی قورس لە پادگاکانی وە تیس لە 3 ی مانگی نیسانی 1914 شۆڕشگێرە کوردەکان توانیان دەست بگرن بەسەر شاری بدلیس کە کرایە سەنتەری راپەڕین و ئاڵای کوردستانیان لێ بە رز کردەوە ، بە ڵام دوای ئە وەی ئەم شارە رزگار دەکرێ خە باتگێرە کوردە راپەڕیوەکان زۆربە یان شوێنە ستراتیژەکان لە دەوروبەری شار جێ دە هێڵن وبەشداری لە ئاهەنگ وخۆشیەکانی سەرکەوتن دەکەن ئەمەش بوە هۆی ئەوەی هاوسەنگی هێزەکە تێک بچێ ولە شکری تورک بتوانێ بە ئاسانی هێرش بکاو ناوچە کە لەدەست کوردەکان دەربهێنێتەوە ، کوردە ڕاپەڕیوەکان زۆر بە رێزەوە لەلایەن ئەرمەنەکان بەڕێ دەکران چونکە لەو ماوەیە هیچ گرفت و زوڵمێکیان لێ نەکردبوون .

خانەوادەی مە لا سە لیم ی سە رکردەی راپە ڕینەکە پەنایان بۆ کۆنسولخانە ی روسیا برد وخۆی لە وێ حە شاردا ، هە ر لە گەڵ دە ستپێکردنی جە نگی یە کەمی جیهانی هێزە کانی تورک دژی روسیا جە نگ رادە گەیەنن بە هۆیەوە گەمارۆی کۆنسولخانەی روسیا دە دەن ومەلا سەلیم وهەڤالانی دەردەهێنن ولەبەر چاوی جەماوەری ئەو شارە لە سێدارەیان دەدەن بۆ ماوەیەکی زۆریش لاشەکانیان بەم شێوە هەڵواسراویە جێ دەهێڵن بۆ ئەوەی خەڵکی پێ بتۆقێنن .

ئەوە بوو رۆژنامەکانی تورکی وئەڵمانی ئەم راپەڕینەیان بە یاخی بونێکی کۆنە پەرستانە دایە قەڵەم گوایە بە فیتی روسیاو هاوکاری ئە رمەنەکان بە رپا بوە هەروەها رۆژنامە فەرەنسی و ئینگلیزی و هە ندێک لە رۆژنامە روسیەکانیش بە پشت بە ستن بە راپۆرتی پەیامنێرانیان هە مان هە لوێستی ناڕە وایان بە رانبەر بە م راپە ڕینە شۆڕشگێرانەی گە لی

کورد هەبوو کە بە یاخی بونێکی دواکە وتوانەی دژی چاکسازیە کانی حکومە تی تورکیان دابوە ناسین ، تە نها رۆژنامە کانی ئە رمەنی نە بێ کە لە تاراوگە دەردەچوون زۆر بە ویژدانەوەو بە ووردی باسیان لەو راپە ڕینە کردبوو باسیان لە کارە بەجێ وباشە کانی شۆڕشگێرە کوردەکان دەکرد بە ( راپەڕینی کوردەکان ) ناویان دەبرد ، لە رۆژنامەکانیاندا توێژینەوەو لێکۆلینەوەی ووردیان لە سەر هۆکارو ئە نجامەکانی ئەم راپەڕینە دادەبەزاندن باسیان لە رەفتارە کۆکوژیەکانی تورک دەکردن کە دژی کورد وئەرمەن ئەنجام دراون .
بزوتنەوەی دووەم کە بوە شایەد بۆ پە یوەندیە خۆشەکانی نێوان کوردو ئە رمەن راپەڕینی شێخ سەعیدی پیران بوو لە 1925 هەروەکو ئەرمەن وئاشوریەکان لە راپەڕینەکەی 1914 بەشداریان کرد بە هەمان شێوە لەم راپە ڕینەش بە شداریان کرد ، ئە مە لەگەڵ ئە وەی هەردوو گە لی ئە رمەنی وئاشوری روبە ڕوی هە مان رە فتاری کۆکوژی ببونە وە ئەرمەنەکان لە 1915 و ئاشوریە کانیش لە 1920 ، هە ر لە سەرەتاوە شێخ فە رمانی بۆ هەموو لایە ک دە رکرد کە بەهیچ شێوە یەک دە ست درێژی نە کرێتە سەر سە رو ماڵی ئەرمەن و ئاشوریەکان چونکە شێخ درکی بەوە دەکرد کە تورکەکان نیازیانە درزێک بخەنە دۆستایەتی کوردو ئەرمەن و ئاشوری بۆ ئە م مەبەستە ئاگاداریەکی بە هەموو کوردێک دا وفەرمانی دا کە ( هەرکەسێک دەست درێژی بکاتە سەر ئەرمەنەکان روبەڕوی توندترین سزا دەبێتەوە) ئەم فەرمانەی شێخ دەنگ و سەدایەکی زۆری لە نێوەندی کوردەکان دایەوە ، سەرەڕای ئە و پشێویە ی لە کاتی راپە ڕین ودوای راپە ڕین ناوچە کە بە خۆیەوە بینی رۆژنامەکانی تورکی وبیانی هیچ سە رپێچی ودە ست درێژیە کی کوردە کانیان بۆ سە ر ئەرمەنەکان تۆمار نەکرد .
هەر وەکو شێخ سە عید و سە رکردە کوردەکانی تر گومانی ئە وەیان هەبو کە تورکەکان هەوڵی بڵاو بونە وەی نائارامی وپشێوی دە دەن بۆ ئە وەی ناکۆکی بکە وێتە نێوان کوردو ئەرمەنەکان ، هەرنەبێ بۆ ئەوەی بزوتنەوەکە لە ئاراستە راستەقینیەکەی خۆی لا بەرن .
فەرماندارێتی تیپی سوپای تورکی بڵاوکراوە یەکیان بڵاو کردە وە دەڵێ : ( شێخ کە سەرکردایەتی راپە ڕینی دە کرد لە ناوچەی گەنج بە شداریی لە بزوتنەوەی ئاشوریە کاندا کردوە ئەم تۆمەتەش لەلایەن دادگای سەربازی لە بدلیس بڕیاری لەسەر دراوەو بەسەریدا سەپێندراوە کە خیانەتی لە نیشتمان کردوە ، بە ڵگەشمان ئەوەیە کە چەند داکۆمێنتێک لە دەست دیلە خۆبەخشکەرەکانی ئەرمەن دەستیان بەسەردا گیراوە ئەم گوتانەمان دەسەلمێنن کە ئەرمەن وئاشوریەکان هاوکاری شێخ یان کردوە بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی ئازاد ، چونکە هەستی تۆلە سەندنەوە لە ئێمە هەموو هەلێک دەقۆستەوە بۆ ئەوەی هەر کەسێک کە بەرەگەز ئەرمەن نەبێ لە ناویان بەرێ بە تایبەت کورد کە ئێستا هاوکاری یەکتریش دەکەن و دە یانەوێ لە سەرخاکی ئێمە و پاشماوە ی ئیسلام دە وڵەتێکی ئە رمەنی دابمە زرێنن )
بڵاوکراوەکە جەختی زۆر لە سەر لایە نی ئاینی کردبوە وە بۆئەوەی هە ستی کورد ەکان ببزوێنن ودژی راپەڕینەکە بوەستن وسیمای نەتەوایەتیش لەسەر راپەڕینەکە نەمێنێ .
هۆکارەکانی راگەیاندنی تورکی رۆلی خۆی لە شێواندنی روی راسەقینەی رووداوەکان بینی رای گشتی وناوە خۆی تورکیای چە واشەکرد بە نوسینی رۆژنامە کانی ، رۆژنامە ی ( حاکمیەتی میلل ) لە 2 ی ئاداری 1925 و لە کاتی زاڵ بونی شۆڕشگێرە کان بەسەر زۆر لە ناوچەکاندا ( ئەوکات نە ک تە نها کورد بە ڵکو ئە رمەن و ئاشوریە کانیش چونە پاڵ کوردەکان بۆ دامە زراندنی دە وڵەتی ئە رمینیای سە ربەخۆ شان بە شانی کوردستانێکی

یەکگرتوو ) ئەم جۆرە پرۆپاگەندانە لە رۆژنامەکانی تورکی بڵاودە بونەوە تا رۆلی نەگریسی خۆیان ببین نو چە واشەی رای گشتی جیهانی بکە ن وببنە پاساو بۆ کارە دڕندانەییە کانیان کە لە ناوچە کوردیە راپەڕیوەکان ئەنجامیان دەدان ، ئەم راپەڕینە بۆ تورکەکان بوە فاکتەرێکی باش تا بە وپەڕی دڕندەیی بکەونە گیانی کورد وئەرمەنەکانەوە بۆئەوەی ئەو پاشماوە ئەرمەنەی لە دوای شاڵاوە کۆکوژیەکانی سوڵتان عبدالحمید جێ ماوە ئەوان تەواوی کەن ، کوردەکانیش وەکو ئەرمەنەکان روبەڕوی ئۆپەراسیۆنێکی رێکخراو ببونەوە بۆ لەناوبردنیان لە هەموو روێکەوە تاڵان وسوتاندن وکاولکاری وکوشتنی بێ جیاوازی لە نێوان ژن ومنداڵ وپیر وگە نج بە شداربوی ڕاپەڕین و بە شدار نەبوو روی دەدا. کوردستانی بە ئاگر وئاسن دەبرد بەڕێوە ژن وپیری لە سێدارە دەدا گوندی دەسوتاند ماڵی کاول دەکرد .

سوڵتان بە بڕیاری دادگا کوردی دە کوشت لە زێدی باب وباپیرانی وە دەر دەنا ئەوەی بەسەر کوردی هێنا بەسەر یۆنانی وبولگاری وئەرمەنیشی هێنا .

لە روی هاوکاری وتەبایی کوردو ئەرمەن دەتوانین ئاماژە بە چالاکیە رۆشەنبیریەکانی کورد بدەین لە کۆماری ئەرمینیا لە و سەردەم :

- لە 1921 حکومەتی ئەرمینیا بڕیارێکی دەرکرد کە لە کۆماری ئەرمینیا هەموو کەسێک بۆی هە یە بەزمانی دایک لە قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی بخوێنێ ، بە هۆی ئەوەی کوردەکان لەو وڵاتە پەرتوکی کوردیان نەبوو پێی بخوێنن بۆیە توێژەری ئەرمەنی هاگوپ خازاریان یان راسپارد کە بۆ خوێندنی زمانی کوردی پەرتوکێک بە پیتی ئەرمەنی ئامادە بکات ، ئەوەبوو تا ساڵی 1929 بەم پەرتوکە خوێندن بەڕێ کرا ، لە 1928 و بە پشتیوانی حکومەتی ئەرمەنی عارەبێ شەمۆ و ئیسحاق میرانگلۆف ئەلفابێی کوردی بە پیتی لاتینیان دانا ، لە هەمان ساڵیشدا پەرتوکێکی هاوبەشیان بە ناوی فێربونی زمانی کوردی یان دەرکرد ، دوای ئە وە ئیتر پەرتوکی ئەدەبی وفێرکاری وسیاسی بە زمانی کوردی دەرکران .

- بەمەبەستی چاپکردنی چاپەمەنیە کوردیەکان بەشێکی تایبەتی لە چاپخانە ی حکومەتی ئەرمەنی بۆ پەرتوکە کوردیەکان کرایەوە .

- لە ئەنجامی پەرە سەندنی چالاکیەکانی چاپەمەنیی کوردی بە شی نوسەرانی کورد لە یەکیەتی نوسەرانی ئەرمینیا کرایەوە .

- هەروەها یەکەم فلمی سینەمائی لەسەر کورد لە ئەرمینیا بە بەشداری ئەکتەری کورد وئەرمەن بە ناونیشانی (زەرە ) وەبەرهەم هێنرا .

- ئەمەو بە شێوەیەکی دەوری رۆژنامەی ( ریاتازە ) بە سەرپەرشتی جە ردۆ کینجۆ دەردەکرا .

* * *

# پەیوەندیەکان لە میانەی کۆنگرەی ئاشتەوایی لە پاریس

دەوڵەتە ئەوروپیەکان وە کو فە رەنسا وئینگلتە را و روسیا ، بە شداری کردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیان لە جەنگی یەکەمی جیهانی لە تشرینی دووەمی 1914 یان بە هەل زانی بۆ ئە وەی سامان ومومتە لەکاتەکانی بە سەر خۆیاندا دابە ش کەن . دەستیان بە نەخشە دانانی دابەشکردنی ئەو وڵاتانە کرد کە رژێمەکانیان بۆگەن ببوو و ماوە یەکی زۆر بو چاکسازیان لە دام ودەزگا حکومیەکاندا نەکردبو و بە هۆیەوە داتەپی بون . هەر بەیەک ساڵ دوای جە نگی یە کەمی جیهانی فە رەنساو ئینگلتە را دوای وە رگرتنی رە زامەندی روسیاو ئیتالیا رێککەوتننامەی سایکس بیکۆیان لە 1916 بەست ، لەسەر ئەوە رێککەوتن کە تورکیای ئاسیایی بە سەر پێنج ناوچە دا دابە ش کەن ، بە پێی ئەم رێکەوتننامەیە لیوای موسل (کوردستانی عێراق) و باشوری رۆژئاوای کوردستان ( عەنتاب،ماردین،هەکاری) و کلیکیا یان خستە ژێر دە سەڵاتی فە رەنسا ، ناوچە کانی تری کوردستان وئە رمینیای رۆژئاوا یان بە روسیا بە خشی ، بە ڵام لە ئەنجامی شۆڕشی سۆشیالیست لە 1917 روسیای قەیسەری لە جەنگ دەکشێتەوە بەهۆیەوە هاوکێشەکان دەگۆرێن لەگەڵ هەلوێستی هەریەک لە فەرەنسا وئینگلتەرا و باقی وڵاتە داگیرکەرەکانی تری کوردستان وئە رمینیا ، هەروەها هە لوێستیان لە دابەشکردنەکەش گۆڕا واتە هەلوێستەکان لە دیالۆگ و لە یەک تێگەیشتنەوە بو بە ململانێ بۆ دوبارە دەستگرتن بەسەر پاتارەکانی جەنگ .

ئەم ململانێیە لە کۆنگرەی ئاشتەوایی پاریس زیاتر لە نێوان وڵاتە ئیمریالیزمیەکانی کوردستان وئەرمینیا گەڵالە بوو کە لە ماوەی 18 تا 21 ی دێسەمبەری 1919 لە پاریس بەسترا زۆربەی بڕیارەکانیش لە بەرژەوەندی وڵاتە زلهێزەکانی ئەوروپا هاتن بە تایبەتی ئینگلتەرا وفەرەنسا ، لەم کۆنگرەیە شاندی 33 دەوڵەت ئامادە ببون لە نێوانیاندا دوو شاندی ئەرمەنی کە یەکێکیان بە سەرۆکایەتی ( ئاوادیس ئاوهانیان ) ی نوێنەری پارتی تاشناق و کۆماریی ئە رمەنی بوو کە دوای کشانە وەی روسیا سە ربەخۆیی خۆیان راگە یاند بوو، شاندی دووەمیان بە سەرۆکایەتی (بۆدۆس نوبار باشا ) ی وەزیری میسریی کۆن بوو کە نوێنەرایەتی ئەرمینیای رۆژئاوای دە کرد واتە ئەو پارچە ئەرمینیایەی دەکەوێتە ناو خاکی تورکیا . دوای کردنە وەی کۆنگرە کە دانیان بە کۆماری ئە رمینیا نا وە کو دە وڵەتێکی سەرکەوتو لە جەنگی یەکەمی جیهانی .

هەروەها لە م کۆنگرە یە شاندێکی بچوکی کوردیی نافە رمی بە سەرۆکایەتی جە نەرال شەریف پاشا و ئە ندامێتی چەند سیاسەتمەدارێکی کوردی رکابە ری پارتی ئیتحاد وتە رەقی بەشداری دە کەن ، شە ریف پاشا لە لایەن پارتی سە ربەخۆی کورد و کۆمە ڵەی کوردی وپارتی دیموکراتی کوردی وە کو نوێنەری کورد هە لبژێردرا .*{شەریف کوڕی مەحەمەد شەریف ی کوڕی سەعید پاشای کوڕی حسێن پاشای کوڕی ئەحمەد ئاغای خە ندانە ، لە ساڵی 1865 لە خێزانێکی کوردیی ناودار لە ئەستەنبۆل لە دایک بوە ، زۆر لە پۆستە حکومیەکانی عوسمانیی وە رگرتوە باوکی وە زیری دە رەوەی عوسمانیە کان بوو ، دواتر سەرۆکی ئەنجومەنی شورای دەوڵەت بوو، براکەشی عزەت وەزیری ئەوقاف بوە لە 1898 شەریف پاش وەکو وەزیری رێگە پێدراوی دەوڵەتی عوسمانی لە ستۆکهۆلم دادەمەزرێ ، تا 1909 لەم پۆستە بەردەوام دەبێ ، دوای ئە وەی دەستوری عوسمانی رادەگەیەندرێ ئە م*

*دەگەڕێتەوە تورکیاو دەخزێتە ناو چالاکیەکانی بزاڤی کوردایەتی لە دامەزراندنی کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان بە شداری دەکا لەگەڵ ئەمین عالی بە درخان ، دوای بە ستنی پەیمانی ئاشتەوایی وەکو نوێنەری کورد بۆ ئەم کۆنگرەیە دەست نیشان دەکرێ }*

وێڕای بایەخدانی ئینگلیزەکان بە چارەنوس و کێشەی کوردی بەڵام هەلوێستێکی نەرێنیان لە شەریف پاشا وەرگرت پێشوازیەکی ئەوتۆیان لێ نەکرد بە بیانوی ئەوەی خاوەنی بنکەی جەماوەری نیە لە کوردستان ئەمە سەرەڕای ئەوەی پێشتر لە شاری مێرسیلیا ی فەرەنسی لەگەڵی کۆببونەوە بەڵام هەلوێستیان لە شەریف پاشا نەگۆڕا.

هەرچەندە شاندی کوردی لەم کۆنگرەیە شاندێکی بچوک بوو بە ڵام رۆلێکی کاریگەریان گێڕابوو لە بایەخدان وناساندنی ئامادە بوان بە کێشەی کورد ، لە گەڵ ئەوەی دەوڵەتە مەزنەکان لەوپەڕی ململان و کێشمەکێش دابون بەڵام ئەم وەفدە بچوکە توانیی دۆزی کورد بکا بە بابەتی گەرمی دانیشتنەکان و بیخاتە ناو خشتەی کارەکانی کۆنگرەکەوە ، لە روێکی تریشەوە شەریف پاشا وەکو سەرۆکی شاندی کوردی توانیی دوو یاداشت و دوو نە خشە پێشکەش بە کۆنگرە بکات کە تیایدا داخوازیەکانی گەلی کورد بخاتە روو ( بەپێی بنەماکانی بە یاننامەی سەرۆکی ئەمریکی ولسۆن تایبە ت بە مافی گەلان لە چارەی خۆنوسین و بەم پێوەرە کوردیش داوای مافی رەوای خۆی دەکات لە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ ، هەروەها داوای پێکهێنانی لیژنە یەکی نێودەوڵەتیی کرد بۆ لێکۆلینەوە لە باری کوردەکان و ناوچە جێنشینیە کانیان بۆئەوەی ئەوناوچانەی زۆرینەی لێ پێکدە هێنن بیخەنە سەر خاکی کوردستان وەکو ناوچەکانی کوردستانی رۆژهەڵات ( کوردستانی ئێران ) .

ئەو بە یانە هاوبەشەی وە فدی کوردی لە گەڵ نوبار پشا بە یەکەوە دەریان کرد دە نگو سەدایەکی زۆری لە ناوەوەی کوردستان وئەرمینیاو لە ناو کۆنگرەو لەسەر حکومەتی تورکیاش هەبو دەسەڵاتدارانی تورک پێی حە پەسان کە تیایدا هاتبوو ( ئێمە بە یەکەوە بە رێککەوتنێکی تەواوەوە داوا لە کۆنگرەی ئاشتەوایی دەکەین بە پێی بنەماکانی نەتەوایەتیی ، مافی سەربەخۆیی بە ئەرمینیای یەکگرتووی سەربەخۆو کوردستانی سەربەخۆ، بدەین لەگەڵ ریز گرتن لە کەمە نەتەوایەتیەکانی ناو هەردوو دەوڵەتەکە ئەمەش بە پشتگیری یەکێک لە وڵاتە زلهێزەکان بێت .

لە کاتێکدا هەریەک لە کورد وئەرمەن هەولی ئەوەی دا بە پشت بەستن بە پەیمانەکانی ئینگلیز بە پشتیوانی کردن لە داوا رەواکانیان و بنە ماکانی نامەی سەرۆکی ئەمریکا کە تاییەتە بە مافی گەلان لە چارەی خۆنوسینیان کە لە ئەرتیکلی(مادەی) 12 ی دا دەڵێ : ( ئەو نەتەوانەی ئێستا لە ژێر دەسەڵاتی تورکدان دەبێ بواری تەواویان بۆ بڕەخسێندرێ بۆ ئەوەی بە مافی رەوای خۆیان بگەن لە ئازادی وسەربەخۆیی ) بەڵام دەوڵەتە مەزنەکان کە تازە بە سەرکەوتویی لە جەنگ وەدەر کەوتبوون ، ئەوان خەریکی وەدەست هێنانی پاتار ودەسکەوتی ئابوریی زیاتر بون بۆئە وەی قەرەبوی ئەو زیانانە بکەنەوە کە لە جەنگی جیهانی لێیان کە وتبوو. کێشەی کوردو ئە رمەن وهاوپە یمانێتیەکەیان ببوە پرسێکی دیار وبەرچاو لە کارەکانی کۆنگرە ، بە گرنگیان دەزانی چارەسەریەکی بنەرەتیان بۆ بدۆزنەوە .

دۆزی ئەرمەنی و وەفدەکەی رۆلێکی دیارو بەرچاویان لە کارەکانی کۆنگرەدا هەبوو ، لە کاتی گفتوگۆکانی ناو کۆنگرە کە بۆ دابەشکردنی پاشماوەکانی عوسمانی بیر لە رێگە چارەی ئەرمەنیش دە کرایەوە کێشەکەیان هە ردەم لە سەر مێز بونی هە بوو ئە مەش بۆ

چالاکی وکاریگەری وەفدی ئەرمەنی دەگەڕێتەوە ، ئەوەی لەم روەشەوە فاکتەری بزوێن بوو کارە کۆکوژیەکەی ئەرمەنیەکان بوو کە لە سەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانی رویدابوو بەهۆیەوە دەوڵەتە زلهێزەکان هەستیان بە شەرمەزاری دەکرد کە لەم روەوە هیچ یارمەتیەکیان پێشکەش بە ئەرمەنەکان نەکردبوو بۆیە دەبینین نوێنەری هەموو دەوڵەتە مەزنەکان پشتگیریان لە سەربەخۆیی ئەرمینیا دەکرد وێرای سەرۆکی ئەمریکی ولسن کە پشتگیری لە سەربەخۆیی ئەرمینیا وکوردستان دەکرد ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بە ئینتداب کردن لەسەر کوردستان وئەرمینیا ئارەزوی خۆی دەربڕی ، بەم شێوەیە کارەکان زۆر بە ئەرێنی دەرۆیشتن تا ئەوکاتەی بەهۆی شکست هێنانی حزبەکەی سەرۆک ولسن لە هەلبژاردنەکانی ئەمریکا وەفدەکە لە کۆنگرە دەکشێتەوەو ، بە شکستهێنانی زۆرینەش لە کۆنگرێس لەدەست دەدا ئیتر کۆنگرێس ئە وکات دیارە لە دەستێوەردانەکانی ئەمریکا بە کێشەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست نارەزا دەبێ ، بەمە ئیتر هەلوێستی کوردی لاواز دەبێ وداخوازیەکانیان جێبەجێ نابن ، دیارە بە کشانەوەی مەزنترین دەوڵەت کە بەرگری لە مافی گەلان بکات هە لوێستی کورد وئە رمەن هە مان هە لوێست نامێنێ و دوای ئە وە ئیتر فەرەنساو ئینگلتەرا بە دووقۆلی سەرپەرشتی سەر کۆنگرەکە دەکەن ، دواتر فەرەنسا داوا لە ئینگلتەرا دەکا رێکە وتننامەکەی سایکس بیکۆ هە موارکەن ناوچەکە دووبارە لە نێوان خۆیاندا دابەش کەنەوە . ئەم گۆرانە دوای ئەوە دێت کە ئەمریکا لە کۆنگرەکە دەکشێتەوەو روسیاش دەست لە بەشە دەسکەوتەکانی خۆی لە پاشماوەکانی عوسمانی هە ڵدەگرێ و ئیتالیاش بە هۆی ئەوەی پشتگوێ دە خرێ و ئە وەی پێیدە درێ لەگەڵ ئەوەی پێشکەشی کردوە نابەرانبەرن دیارە کە رەچاوی بەرژەوەندیەکانی ناکرێ بۆیە بێ ئومێد دەبێ .

ئینگلتەرا کە پێشتر هە وڵی دروست بونی دە وڵەتێکی یەکگرتوو یا چەند میرنشینێکی کوردیی دەدا لە هەلوێستەکەی پاشگەز دەبێتەوە ، سەرەتا ئەمە رای بوو بە ڵام دواتر فەرەنسا پرۆژە یەکی چارە سەری کێشەی ئەرمینیا وکوردستانی پێشکەش کرد کە بەم شێوەیە بوو :

1 – بەهیچ شێوەیەک نە ئینتدابی فەرەنسی نە هی ئینگلیزی نە هی هەردوکیان بەیەکەوە لەسەر کوردستان دا نە بێ ، بۆ دامە زراندنی دەوڵەتی کوردی تەنها لەو شوێنانە نەبێ کە ئارامن ، کوردستانی باشوریش دەکرێ بۆ ئەم دۆخە بشێ .
2 – نابێ دەسەڵاتی تورکی بەسەر کوردستانەوە بەردەوام بێ تەنانەت ئەگەر ئەم دەسەڵاتە شەکلیش بێ .
3 – کوردەکان لە توانایاندایە لەگەڵ هەریەک لە ئەرمەن وئاشوریەکان رێک بکەون بۆیە نابێ بیر لە دەوڵەتی کوردی بکرێتەوە بە بێ بیرکردنەوە لە دەوڵەتی ئەرمەنیی سەربەخۆ کە ئینگلیزەکانیش لەسەر ئەمە لەگەڵ فەرەنسیەکان رێککەوتون .
4 – دەبێ رێگە بە کوردەکان خۆیان بدرێ ئاخۆ دە یانەوێ یەک دەوڵەتی سەربەخۆ دابمەزرێنن یا چەدن دەوڵەتێکی بچوکی لەیەک جیا ؟.
5 – دەبێ کوردەکانیش لە هێرشی عوسمانیەکان دڵنیا بکرێنەوەو بپارێزرێن.

فەرەنسا لە روی مەبدەئەوە لەسەر پێشنیارەکانی ئینگلیز رازی بوو بە تایبەت ئەوەی پەیوەندیی بە کێشەی کوردەوە هەبوو ، چونکە دڵنیا بوو کە ئینگلیز بەهۆی دەرچونی نەوت لە موسلی کوردستانی باشور دەست لەو ناوچەیە هەڵناگرێ دوای ئەوەی بەتەواوەتی جنگی

لێ گیر کردبوو سەرەڕای ئەوەی ئەم ناوچەیە بەپێی ڕێکەوتننامەی سایکس بیکۆ لە 1916 بەر فەرەنسا کەوتبوو بۆیە ئینگلیز مەبەستی بوو ئە م ناوچەیە لەگەڵ فەرەنسا ئالوگۆر بە زۆربەی ئەرمینیا وبەشێک لە کوردستان و سوریاو لوبنان پێ بکا .
بۆ رەد دانەوەی ئەو نمایشەی فەرەنسی شەریف پاشای سەرۆکی شاندی کوردی نامەیەکی بۆ سەرۆکی فەرەنسی کلیمەنسۆ نارد کە سەرۆکی کۆنگرەکە بوو تیایدا نارەزایی خۆی ووەفدەکەی دەربڕی کە دژی دابەش کردنی خاکی کوردستانە وداوای ئەوەی لێ کرد کە بۆ ئەم پێشنیارە دەبێ رای خەڵکی کوردستان بێتە وەرگرتن .نامەکەی شەریف پاشا خرایە بەردەم کۆنگرەکە و ئەمەش دەقەکەیەتی :
پاریس لە 22 ی ئۆکتۆبەری 1919
کۆنگرەی ئاشتی
بۆ سکرتاریەتی کۆنگرە ی ئاشتی شەرەفێکی مەزنە کە دوو نامە لە چەند کەسایەتیەکی کوردی وەرگرێ وپێشکەش بە سەرۆکی کۆنگرەی ئاشتی بکا کە تایبەتە بە چارەنوسی وڵاتەکەیان .
سکرتێری گشتی
بۆ جۆرج کلیمەنسۆ ی سەرۆکی کۆنگرەی ئاشتی .
پاریس لە 22 ی ئۆکتۆبەری 1919
سەرۆکی بەرێز :
بۆمن شەرەفە دوو نامە لە بەرێز عبدالقادر ئە فەندی – شەمزینی ئەندامی ئەنجومەنی پیران و سەرۆکی پێشوی ئە نجومەنی دەوڵەت – عوسمانی ، وەکو ئەوەی سەرۆکی لیژنەی ناوەندیی کۆمەڵەی کوردیە ئاراستەی بەرێزتان بکەم بۆ ئەوەی بیخەنە بەردەستی ئەنجومەنی باڵای کۆنگرەی ئاشتی .
رێگەشم بدەن کە ئەوەتان پێ رابگە یەنم ، لە وکاتەی پارتی ئیتحاد وتە رەقی دەسەڵاتی گرتۆتە دەست هەموو ئەوانەی بە ئومێدو ئاواتی نە تەوایەتیەوە دەژیان روبەڕوی چەوساندنەوەو توندو تیژی بونەتەوە ، بۆیە ئەمە ئەرکێکی مرۆڤایەتیی کۆنگرەیە کە چیتر رێگە نەدات خوێنی ئەم بێ گوناهانە بە فیڕۆ برژێ و دەست لە دابەشکردنی کوردستان بەسەر دوو دەوڵەتی زلهێزدا هەڵگرن بەڵکو هەمووی بکەوێتە ژێر ئینتدابی یەک دەوڵەتەوە بۆ ئەوەی ببێتە فاکتەری ئارامی وئاشتی لە ناوچەکە .
( نامەی یەکەم )
ئیستانبۆل لە 2 ی ئۆکتۆبەری 1919
جەنابی سەرۆک :
ئەو پرۆپاگەندانەی کە دەکرێن بۆ دابەش کردنی کوردستان بە سەر دوو لە تدا ( لە نێو دەوڵەتی عوسمانی ) بیخەنە ژێر ئینتدابی دوو دە وڵەتی مەزنەوە ، وام لێ دە کا کە رای خۆمتان بۆ بخەمە روو و بە جەنابتان بڵێم ئەم پارچە کردنە خزمەتی ئاشتی وئارامی لە رۆژهەڵاتی خوارو ناکا ، کوردە کان لەوێ دژی حکومە تی ئیتحادیەکانن ، ئەوان رازی نەبون شەڕی هاوپەیمانان بکەن ، ئەرمەنەکانیان لە مەترسی عوسمانیەکان پاراست ، بۆیە کوردەکان داوا لە دادپەروەری کۆنگرە دەکەن کە دان بە مافە رەواکانیان بنێن و وڵاتەکەیان بە یەکپارچەیی بهێڵنەوە و دانی پیا بنێن .
ئەندامی ئەنجومەنی پیرانی عوسمانی

سەید عەبدولقادر
سەرۆکی لیژنەی ناوەندیی کۆمەڵەی کوردی

نامەی دووەمیش کە هەر لە بەرێز سەید عەبدولقادرەوە بوو ئەم جارەیان بەناوی سەرۆکی لیژنەی ناوەندیی کۆمەڵەی کوردی بوو باسی لە زوڵم وزۆرداریەکانی گەلی کورد کردوە ، داوا لە دەوڵەتە مەزنەکان دەکا کە رێگە لە دەسەڵاتدارانی تورک بگرن بۆ راگرتنی ئە و زوڵم زۆرداریەی لە کوردەکان دەکرێ ، داوای لەو لیژنە نێودەوڵەتیە کرد کە بەنیازبو بۆ ئەو ناوچانە بنێردرێن کە لە بارو دۆخێکی لە م شێوەیە دا دەژین نیازی ئە و خەڵکەی پێراگەیاندن کە سەردانیان بکەن .
دوای ئە وەی شاندی تورکی لە وە بێ ئومێد بو کە ئیتر دە وڵەتە ئەوروپیەکان پشتی ئەرمەنەکان بەرنادەن و پشتگیریان دە کەن بۆ ئە وەی ببن بە دەوڵەتێکی سە ربەخۆ هە ر ئەوەندەیان لەدەست ما پێ لەسەر کوردستان داگرن بۆ ئەوەی سەربەخۆیی وەرنەگرێ ، بۆ ئەم مەبەستە هەوڵی زۆری دا تا ئاژاوە لە نێوان شاندی کوردی وئەرمەنی بنێتەوە .
بۆ وەڵام دانەوەی پیلانگێڕان ئەوانەی لە هەوڵی نانەوەی دوبەرەکیدا بون لە نێوان کورد وئەرمەن بۆ بە رپەرچدانەوەی هە ولَە نەزۆکەکانیان لە پەراوێزی کۆنگرە کە رێکەوتن نامەیەکی لەیەک تێگەیشتن لە نێوان شاندی کوردی وئە رمەنی لە نۆڤەمبەری 1919 ئیمزا کرا . ئەم رێککەوتنە باس لە هەموو پرس وگرفتە هاوبەشەکان کرا تە نها پرسی سنوری نێوانیان نەبێ ، ئە ویشیان بۆ کۆنگرە جێ هێشت کە ئەوکاتەی لیژنەیەک بۆ ئە م مە بەستە بەرێ دەکا ئەوسا باس لەم گرفتەش بکرێ .
هەردووک سە رۆکی شاندی کوردی وئە رمەنی بە هاوبەشی نامە یەکیان ئاراستە ی سەرۆکی فەرەنسی ( کلیمەنسۆ ) کرد وەکو ئەوەی سەرۆکی کۆنگرەکەیە ئەمە ناوەرۆکە کەیەتی :
پاریس لە 20 نۆڤەمبەری 1919
جەنابی سەرۆک
دڵخۆشین بەوەی بە هاوپێچ نوسراوێکتان ئاراستە بکەین کە بۆ بەردەم کۆنگرە ی ئاشتی ئەدرێس کراوە و لە لایەن هە ردوکما نوێنە ری شاندی ئە رمەنی وشاندی کوردی بۆ کۆنگرەی ئاشتی ئیمزا کراوە .
خۆتان دەبینن کە بە پێچەوانەی گوتەی ناحەزانمان گوایە کوردو ئەرمەن ناتوانن بە ئاشتی بەیەکەوە بژین ، ئەوەتا ئێمە لەسەر رۆشنایی جێبە جێ بونی ئامانجە نەتەوایەتیەکانمان کە پێوەری چارەنوسمانە ، رێککەتنێکی ئاشتیمان ئیمزا کرد هیوادارین ریزمان قەبول کەن .
سەرۆکی ساندی کوردی بۆ کۆنگرەی ئاشتی ..شەریف پاشا
سەرۆکی شاندی نیشتمانیی ئەرمەنی .. یۆگۆس نۆبار

ئەمەی خوارەوەش دەقی رێککەوتنەکەیە :

شاندی کوردیی یەکگرتوو : 12 شەقامی سەرۆک ولسون ، پاریس
شاندی ئەرمەنیی یەکگرتوو : 12 شەقامی سەرۆک ولسون .پاریس
پاریس 20 نۆڤەمبەری 1919

جەنابی سەرۆک:
ئێمە کە لە خوارەوە واژومان کردوە نوێنەری گەلی ئەرمەنی وکوردین ، بۆ ئێمە مایەی شەرەفە کە بە کۆنگرە رابگەیەنین ، گەلەکانمان هاو بەرژەوەندو هاو ئامانجن ، هە ست بە ئازادی وسەربەخۆیی خۆیان دەکەن تا لە ژێر زەبرو ستەمی عوسمانیەکان رزگاریان بێ بەتایبەتی ئەرمەنەکان ( *ئاماژەدان بە ئەرمەنەکان ئەگەر نیشانەی لەوازی شاندی کوردی نە بێ ، جێی سەرسوڕمانە _ وەرگێر* ) ، واتە لە ژێر رکێفی ئیتحاد وتە رەقی رزگاریان بێ ، ئێمە هەمومان یەک داخوازیمان لە کۆنگرە هەیە ئەویش بە پشتبەستن بە بنەماکانی سەرۆک ولسن دان بە ئەرمینیای یەکگرتوو کوردستانی ئازاد بنێن بە هاوکاری دەوڵەتە مەزنەکانەوە .

لە جیات کوردستان شەریف پاشا
سەرۆکی شاندی کوردی لە کۆنگرەی ئاشتی
بۆگوس نوبار سەرۆکی کاتیی شاندی کۆماری ئەرمینیا
د.ئەوهانیانیان سەرۆکی شاندی نیشتمانیی ئەرمەنی




بۆگوس نوبار شەریف پاشا

نێوەندە کوردیەکان پێشوازیی گە رمیان لەو رێککەتنە کرد کۆمەڵەی تە عالیی کوردستان بەو بۆنەیەوە بەیاننامەیەکی دەرکرد تیایدا هاتبوو ( سەبارەت بە رێککەتننامەکەی شەریف پاشا ونۆبار پاشا ، شەریف پاشا بە درێژایی تەمەنی سیاسیی خۆی سەرکەوتنێکی لەم ئاست و لەم جۆرە بەدەست نەهێناوە کە ئەوەندە شایەنی ریز وستایش بێ ) .
پاشان توانیی ریزو ستایشی تەوواوی کوردەکان وەدەست بێنێ لەگەڵ ئەو سەرکەوتنەی لە دەستپێشخەریەکەوە پێی گەیشتبوو .
ئەم رێککەوتنە لەسەر ئەو بنەمایە پێک هاتبو کە هیچ کامیەک لە کوردو ئەرمەن بە هیچ شێوەیەک بەشداری لە هیچ جۆرە چالاکیەک نەکەن کە دژی بەرژەوەندیەکانی ئەویتر بێ ،چونکە کامەرانی وئاسایشی هەردوو گەلی دراوسێ لە ریز لە یەکتر گرتنە نەک لە کێشەو ململانێ نانەوە ، پێویستیش بەوە ناکات ئاخۆ کورد لەم رێککەوتنە چەند سودمەندە .
سەبارەت بە کێشە سنوریەکانیش لەسەر ئەوە رێککەوتن کە ئەم پرسە بەو لیژنەیە بسپێرن کە بۆ ناوبژیوانی راسپێردراوە . دەبێ دونیای ئیسلامی لە کارەکانی شەریف پاشا دڵنیا بێ کە چەند بەرگریی لە مافی کوردەکان کردوە ، ئەم رێککەوتنە کاری کردە سەر رای گشتیی ئەمریکی و ئینگلیزی وفەرەنسی بە ئەرێنیەوە .

کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان کە ڕۆڵی هەبوو لە ناردنی شەریف پاشا بۆ ئەم کۆنگرەیە ڕەزامەندی لە سەر ڕۆڵی شە ریف پاشا وڕێککە وتنەکەی دا بۆ ئە م بابە تە نامیلکەیەکی دەرکرد بەناوی ( کوردستان وئەرمینیا ڕەزامەندی لەسەر ڕێککەوتنی کوردی – ئەرمەنی دەدەن )

ئینگلیز توانیی سود لە م هەلویستەی کورد وئەرمەن وەرگرێ کە پشتگیری بوو بۆ ئینگلیز بۆ ئەوەی نەخشەو پیلانە کانی بەهۆیەوە جێبەجێ بکاو خۆشی لە بەرانبەر بە فەرەنسا پێی بەهێز بکا ئە وەبو کە ( لۆرد کیرزۆن ) ڕێنمای تازە ی بۆ مە ندوبی سامیی بە ریتانی لە ئیستانبۆل (سیرج دی روبیک ) دەرکرد کە بەوپەری توانایانەوە پشتگیری وپالپشتی لە و ئاراستە نوێیە بکەن کە هاوکاریی نێوان کوردو ئەرمەنی بوو .

دوای ئەوەی هێزی کەمالیستە سەربازیەکان دەبوژێتەوە کە ڕاپەڕینی کوردەکانی لە مەلاتی دامرکاند و دە ستی بەسەر ناوچەیەکی زۆری تورکیادا گرتبوو هە وڵی پشت لێسە ندنی لەو ڕێککەوتنەی نێوان کوردو ئە رمەن گرت ئە ویش بە دەرکردنی میساقی نیشتمانی (میساق مللی) تیایدا جەختی لەسەر ئازادی ورزگاری و ئاشتی بۆ هە موو هەرێمە کانی زۆرینە ی تورک دە کردەوە کە چارەنوسی هەموو هەرێمەکانی ئیمپراتۆریە ت لەڕێگەی ڕاپرسیە وە یەکلایی بکرێتەوە .

بەهۆی ئەوەی تورکیاو ئێران داوای ئە وەیان دەکرد کە دەست بەسەر کوردستانەوە بگرن بۆیە فەرەنساو ئینگلیز لە نێوان خۆیاندا لە ڕێگەی ئامادە کردنی ڕێککەوتنێکی ئاشتەوایی لە تورکیا ئەم وڵاتەیان دابەش کرد ، هە ردوو دەوڵەت بە یەکجارەکی لە کۆنگرەی سان ریمۆ لە 24 ی نیسانی 1920 لە بەریتانیا لەسەر پرۆژەی کۆنگرەکە پێکهاتن کە برگەکانی بەم جۆرە بوو :

1 – دوای 6 مانگ تێپەڕبون بەسەرکارا بوونی ئە م هاوپەیمانەی ئاشتەوایی لە تورکیا لیژنەیەک لە بەریتانیاو فەرەنساو ئیتالیا لە ئەستەنبۆل پێک دێت بۆ دانانی نەخشەی ئیدارەی خۆجێی لە و ناوچانە ی کە دەکەونە ڕۆژهەڵاتی روباری فورات کە دەکاتە باشوری ئەرمینیای باشور کە کوردەکان لێی نیشتە جێن ، ئە م نەخشەیە لەو ناوچانە ی ئاماژە یان پێدراوە دەبێ رەچاوی پاراستنی مافی کلد وئاشوریە کان و کەمە نەتەوایەتیەکانی تربکات ، هەروەها لیژنەیەک لە بەریتانیا وفەرەنساو ئێران و کوردەکان پێکبێت بۆ دەستنیشان کردنی هێلە سنوریەکانی سنوری تورکیا بەتایبەتیش ئەوەی دەکەوێتە سەر سنوری ئێران .

2 – حکومەتی تورکیا بەڵێن دەدا کە راسپاردەی لیژنەکە دوای سێ مانگ لە نمایش کردنی قەبول بکات .

3 – ئەگەر دوای ساڵێک لە پیادە کردنی ئەم ڕێککەوتنە ئاشتەواییە گەلی کورد بە زۆرینە داوایان لە کۆمەڵەی نە تەوەکان کرد بۆ سە ربەخۆبون و جیابونە وە لە تورکیا ، ئە گەر ئەنجومەن بڕیاری لە سەر داواکە یانی دا کە ئەم گەلە شیاوی سە ربەخۆو دە وڵەتن ئە وا لەسەر تورکیایە راسپاردەو بڕیارەکەی ئەنجومەن جێبەجێ بکاو دەست لە هەموو مافەکانی خۆی لەو ناوچەیە هەڵگرێ ، ئەمەش ئەوکات بە جیاو لە نێوان تورکیاو سەرۆکی دەوڵەتە مەزنەکانەوە ئیمزای لەسەر دەکرێ .

4 – لەم حالەتەدا دەوڵەتە هاوپەیمانەکان نابێ رێ لەو کوردانە بگرن کە لە ولایەتی موسل نیشتەجێن بچنە پاڵ دەوڵەتە سەربەخۆکەیان .

دوای ئه وەی ئیمزا له سەر په یماننامەکه دەکرێ وناوچه ی ده سەڵات به سەر ده وڵەته مەزنەکانی به ریتانیا وفه رەنساو ئیتالیادا دابه ش ده کرێن نه خشەی به رینی په یماننامەی ئاشتەوایی لەگەڵ تورکیا ره وانه دەکرێ رێککەوتنەکەش لەگەڵ کۆمەڵێک رێککەوتنی تر هەموار ده کرێ به کۆمەڵەی ڤێرسای 1919 – 1920 دەناسرێ ئه ویش په یماننامەی سیڤەره .

ئەم کۆنگرەیه 5 لیژنەی له کۆنگرەی پاریس دروست کرد که پێک هاتبون له 13 بەش و433 برگه ، کێشەی کورد لەوێ پانتاییەکی باشی وەرگرتبوو ، رشتەی سێیەمی له بەشی سێیەم بەرکەوتبو لەژێر ناونیشانی کوردستان نوسرابوەوە پێکهاتبوو له ئەرتیکلی (مادەی) 62 – 63 – 64 – که به مەبەستی دروستبونی دەوڵەتی کوردیی سەربەخۆ له تورکیا بوو ، بۆی هه بوو کورده کانی کورد ستانی عێراق ( ولایەتی موسل ) یش بچنه پاڵی ئه گەر مەبەستیان بوو .

بەشی شەشەم بۆ کێشه ی ئەرمەنەکان تەرخان کرابوو پێکهاتبوو له ئەرتیکلی (مادەی) 88 – 89 – 90 – 91 – 92 – 93 – ئەرتیکلی 88 جەختی لەسەر سەربەخۆبونی ئەرمینیا دەکردەوه .( ئەو هەلوێستەی دەوڵەته مەزنەکن له سەربەخۆبونی ئەرمینیا وەردەگرن دەبێ تورکیاش هەمان هەلوێستی هەبێ ) ، ئەرتیکلی 89 – 93 باس له کێشه و دیاری کردنی سنور دەکات ، به پشتبەستن بەو لیژنەیەی سەرۆکی ئەمریکا ولسن به سەرۆکایەتی جیمس هاربۆرد بۆ دیراسەکردنی مەسەلەی ئەرمەنەکانی ناردبوو که سەردانی هەندێک ناوچەی کوردیشی کرد . بەڵام ئەرتیکلی (مادەی) 93 ئاماژه به پاراستنی کەمه نەتەوایەتیەکان و ئازادی بازرگانی له ئەرمینیا دەدات ( ئەرمینیا دەبێ بەو بڕیارو رێککەوتنانە رازی بێ که دەوڵەته هاوپەیمانه سەرەکیەکان بۆ پاراستنی چاره نوسی که مه نەتەوایەتیەکان ده یدات ئەوانەی له روی ئاین یا رەگەز یا زمان جیاوازن .

هەروەها ئه رمینیا ده بێ رازی بێ و ئه و رێککه وتنانه قەبول کا که دەوڵەته هاوپەیمانه سەرەکیەکان بۆ بەرژەوەندی ئازادی هاتوچۆ وترانزێت ئیمزایان دەکات..

هەروەها له و ئه رتیکلی (مادەی)انەی باس له مافی که مه نەتەوایەتیەکان ده کات وه کو ئەرتیکلی (مادەی) 140 تا 151 لەوێش باسی کورد وئه رمەن ده کرێ گرنگترین برگەکانیشیان برێتیە له ئەرتیکلی (مادەی) 145 که هەرچەنده به ناو ناوی کوردو ئه رمەن ناهێنێ به ڵام له ناوەرۆکا ئاماژه یه بەودوو گه له که دەڵێ ( هەموو که سێک له تورکیا بەرانبەر به یاسا یەکسانن و مافی سڤیلی و سیاسیان به یەکسانی هەیه بەبێ جیاوازیی زمان وئاین و رەگەز .

جیاوازی زمان ،ئاین، مه زهەب ، ئەتەنی هیچ کارێکی خه راپ ناکاته سەر مافی یاساییان

.

دوای دوو ساڵ له کار کردن به م پەیماننامەیه حکومەتی تورکیا پرۆژه یەکی هەلبژاردنی پێشکەش به وڵاته هاوپەیمانەکان کرد لەسەر بنەمای نوێنەرایەتی رێژەیی کەمه نەتەوەکان .

هیچ جۆره سانسۆر وچاودێریه ک ناخرێته سەر هیچ که سێک له بەکار هێنانی زمانی زگماک ومافی فێربون وقسه پێکردن و به کار هێنانی زمانەکانی ناتورکی له دادگا به نوسین وزارەکی ، مافی پێکه وەنانی کۆمەڵەو دەرکردنی رۆژنامه وچاپەمەنی به زمانی جگه له تورکی بۆ هەموانه وێڕای ئەمەش دەبێ کارئاسانیشیان بۆ بکرێ .

ئەم پە یماننامەیە بە سیڤەر ناونرا (سیڤەر شارێکی فە رەنسیە لەوێ ئە م پە یماننامەیە ئیمزاکراوە لە 10 ی ئابی 1920لە نێوان ئینگلیز و فە رەنساو ئیتالیاو ژاپۆن و بە لژیک و یۆنان ورۆمانیا وپۆلۆنیا وپورتوگال وچیکوسلۆڤاکیا ویۆگسلاڤیا وحیجاز وئە رمینیا لە لایەک وئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە لایەکی تر) .
هەرچەندە ئەم پە یماننامەیە لەسەر کاغەز زۆری بە ئەرمەنیەکان بە خشی بە ڵام توانیی دانپێڤانی دە وڵەتە مەزنەکان بە سەربەخۆیی ئە رمینیا لێ بسێنێتە وە .چونکە پەرژینێکی بەربەستی لە دەوری ئە رمینیا دروست کرد بۆ پاراستنی کۆماری ئە رمینیای ساوا واتە سەروەریی دەوڵەتی لێ سەندبوەوە .
بەڵام بۆ کورد تە نها گفت وپە یمانی روت بوون ، ئومێدەکانی گەلی کورد هیچیان جێبە جێ نەکران ، تەنها برایری سە ر کاغەز بوون لای دە وڵەتە مەزنەکان نەچوە خانەی جێبەجێ کردن .
ئەوەندەی نەبرد کورد بۆی رون بوە وە کە ئەم پەیماننامەیە بە مردوێتی لە دایک بوەو تەنها هەولێدانی دەوڵەتە مەزنەکانە بۆ هەرچی لە توانایاندایە زیاتر ناوچەکان بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان وخێرو بێرە کانیان لوشدە ن ، سیڤە ریش نە یتوانی ئومێدە کانی گە لانی بندەستی عوسمانیەکان بهێنێتە دی و لە زوڵم وستەم رزگاریان کا و بە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان شادبن .

* * *

## پەیوەندیەکانی نێوان پارتی تاشناق و پارتی خۆیبون و شۆڕشی ئاگری

------------------------

ئەگەر پە یوەندیەکانی پێشوی نێوان کوردو ئە رمەن پە یوەندیی خۆرسک بـوبن یا لە ئەنجامی دۆخێکی تایبە تی هاتبونە کا ، ئە وا پە یوەندیەکان لە سەرەتای سە دەی بیستە م ولەگەڵ گەلالە بونی بزوتنەوەی سیاسیی کوردی وبزوتنە وەی سیاسیی ئە رمەنی کە رۆژ لە دوای رۆژ پێشوە چونی بەخۆوە دەبینی ، بونە پەیوەندیی سیاسیی پتە و لە نێوان پارت وکۆمەڵەکانی ئەرمەنی وکوردی .
لە نێوان ئەم پە یوەندیە دیارانە پەیوەندیە دۆستانەییەکەی نێوان پارتی تاشناقسوتیون و پارتی یەکیەتیی شۆڕشگێری ئە رمەنی و پارتی خۆیبونی کوردی بوو کە دوای شۆڕشی شێخ سە عیدی پیران لە 1925 دروست بوون ئە م پە یوەندیە دۆستانەش لە ئەنجامی کۆمەڵێک لە دانیشتن وبە یەکگەیشتنی نوێنە ری گە لی ئە رمەن لە کوردستان و تاراوگە بەتایبەت لە سوریاو لوبنان و سەرکردەو سیاسەتمەداری کورد هاتە دی .
پارتی تاشناقسوتیون ( پارتی شۆڕشگێری ئە رمەنی لە شاری بدلیس لە 1890 لەسەر دەستی سێ سە رکردەی ئە رمەن دام ەزرا کە بریتی بوون لە ( کریستابور، روسدوم ،

زافاریان ) لە ژێر ناوی یەکیەتیی شۆڕشگێرە ئەرمەنەکان ، دواتر ناوە کە گۆرا ، بوو بە پارتی شۆڕشگێری ئەرمەنی ( تاشناقسوتیون ) . دوای کۆنگرەی یەکەمی حزب لە 1892 لە پێناو رزگار کردن و سە ربەخۆ بونی ئەرمینیا رێبازی خەباتی چەکداریان گرتەبەر ، لە بەیاننامەکە بەم شێوەیە هاتووە : ( ئێمە روو لە خەباتی چەکداری دەکەین بۆ ئەوەی لە ژێر ستەم و زۆرداری تورک رزگاریمان بێ و بۆ ئە وەی بە شێوەیەکی ئاشتیانە لەگەڵ گەلانی ناوچەکە بژین و ئازادی رادە ربڕین وبازرگانی فە راهام بکە ین ، شان بە شانی خە باتی چەکداریان چە ندین گروپ وکۆمە ڵەی شۆڕشگێر یان دروست کرد بۆ دژایە تی کردنی توندو تیژیەکانی حکومەت کە دژی گەلانی تری پیادە دەکرد وەکو کورد وعەرەب ئێزدی وسریانی و تورکە بێلایەنەکان ).

وەکو جێبەجێکردنی ئەوەی لە بەیاننامەی دامەزراندن دا هاتوە پارتی ( تاشناقسوتیون ) پەیوەندیان بە چەندین کە سایەتی وسە رکردەی کوردە وە کرد لە وانە میر عبدالرحمن بەدرخان کە سەرپەرشتی وخاوەنداریێتی رۆژنامەی کوردستانی دەکرد هەندێک جاریش لە رۆژنامەی تاشناق وتاری بڵاو دە کردەوە لە وتارەکانیدا بانگخوازی دژایە تی نە کردنی ئەرمەنەکانی دەکرد و داوای لە خەڵك دەکرد کە لەسەر حسابی ئە رمەنەکان دۆستایەتی تورکەکان نەکەن .

لە هەمان کاتدا هە ندێک لە رۆشەنبیرو سیاسەتمەداری کورد لە سوریا وتورکیا هە وڵی یەکخستنی پارت وکۆمە ڵەی کوردیان دە دا تا لە یەک رێکخراودا کۆیان کە نەوە مەمدوح سەلیم رۆڵی سە رەکیی لەو هەوڵانە هەبوو ( چونکە دۆستایەتی وپە یوەندیەکی فراوانی لەگەڵ کە سایەتیی گە لی ئە رمەنیدا هە بوو وا پێشبینی دە کرا رۆلێکی بە رچاو لەو بوارە بگێرێ ) *{مەمدوح سەلیم لە ساڵی 1880لە شاری وان هاتۆتە دونیا خەڵاتی لە ئەدەب و زمانی فەرەنسی وەرگوتوە لە ئەستەنبۆل پەیوەندی باشی لەگەڵ سەرکردە کوردەکان هەبوو بەتاییەت خانە وادەی بە درخان وشێخ عوبە یدوڵلەی نە هری و خانە وادەی بابان وئە وانەی دوای هەرەسی شۆڕش لە ئەستەنبۆل دەستبەسەر بوون ، لە 1912 دەچێتە ریز کۆمەڵەی هیوا ودواتر لەگەڵ هەریەک لە نەجمەدین حوسنی وکە ماڵ فەوزی وبابان زادە عەزیز پارتی گەلی کوردیان دامە زراند کە خۆی سکرتێرە کەی بوو دواتر ئە م پارتە ناوەکەی گۆردرا بۆ پارتی دیموکراتی کوردی ، هەروەها لەگەڵ ئەمین عالی بەدرخان و منداڵەکانی سورەیا وجەلادەت و کامیران لە 1920 کۆمەڵەی رێکخستنەکانی کوردیی دامەزراند . بە هاوبەشی لەگەڵ ئەمین عالی بە درخان لە 17 ی حوزەیرانی 1920 سوپاسنامەیەکیان بۆ سەرۆکی ئە مریکیی ئە وسا ولسۆن نارد تیایدا سوپاسیان کرد بۆ ئە و بڕیارەی کە دابوی سەبارەت بە مافی چارەی خۆنوسی گە لان . بەهۆی دامە زراندنی لە لایەن کۆنگرە ی ئاشتیی پاریس بە ناوبژیوان بۆ دیاری کردنی سنورەکانی نێوان کورد وئە رمەن بەوهۆیەوە بۆ سوریا دور دە خرێتەوەو تا کۆچی دوایی لە 1976 لەوێ دەمێنێتەوە }* . دوای ئەوەی پارتی تاشناق بە هەوڵ و تەقەڵایەکانی مەمدوح سەلین دەزانن دەستخۆشیی لی دەکەن بۆ ئەم هەنگاوە ئەمەش لە رێگەی نوێنە ریان لە لوبنان (واهان بابازیان ) هوە پێ راگە یەندرا ، ئەوەبو دوای کۆمە لێک لە پەیوەندی و دانیشتن لە گەڵ هە ندێک لەو پارت و کۆمە ڵانە هەندێکیان بریاریان دا بارە گاکانیان لە ئەستەنبۆلەوە بۆ قاهیرە بگوازنەوە لەوانە ( کۆمەڵەی تە عالیی کوردستان کە بارەگاو سەرکردەکانی لە ئەستەنبۆلەوە چون بۆ قاهیرە ،

هەروەها کۆمەڵەی ڕێکخراوەکانی کۆمەلایەتیی کوردی و تیپی گەلەریی کوردی ، لیژنەی سەربەخۆیی کوردستان سەرجەمیان لە ئەستەنبۆلەوە بۆ قاهیرە گواسترانەوە )
بە وەرگرتنی ڕەزامەندیی زۆرێک لە سەرکردەو سیاسەتمەداری کورد لە تورکیاو سوریاو عێراق و تاراوگە بڕیاریان دا کۆنگرەیەکی کوردی ی گشتی ببەستریێ بەناوی ( کۆنگرەی نەتەوایەتیی کوردی ) .
بەهۆی ئەو پەیوەندیەی نێوان مە مدوح سەلیم وپارتی تاشناقەوە لە لوبنان و بە هەوڵ و تەقەلاکانی توانرا کۆنگرەی نەتەوایەتیی کوردی لە ماڵی واهان بابازیان لە شاری بحمدون لە لوبنان لە 1927 ببەستریێ ، دوای گفتوگۆ ودانیشتن توانرا بڕیار لە سەر دامەزراندنی پارتی خۆیبون بدە ن لە 5 ی ئۆکتۆبەری 1927 ، ئەمیر جە لادەت بەدرخانیشیان بە سەرۆکی ئەم پارتە هەلبژارد و لیژنەیەکی ناوەندیشیان لە سێ ئەندام پێک هێنا جگە لە واهان بابازیان کە نوێنەری تاشناق بوو لە هەمان کاتیشدا بوبە ئەندامی لیژنەی ناوەندیی پارتی خۆیبون .
لەگەڵ دامەزراندنی پار تی خۆیبون پە یوەندیی باش لە نێوان ئەم پارتەو پارتی تاشناق دروست بوون ، بە رهەمی ئەم پەیوەندیانە هاوپەیمانیە نهێنیەکە بوو کە ناونرا بە ( هاوپەیمانیی سوێندخۆری ودۆستایە تی لەگەڵ تاشناق ) لە 19 بەند پێک هاتبوو و 8 لە ئەندامانی سەرکردایەتیی خۆیبون ئیمزایان لەسەر کردبوولەگەڵ نوێنەری تاشناق لە لوبنان واهان بابازیان کە تیایدا هاتبوو .
( ئەم هاوپەیمانە کە لە لایەن هەردوو لایەنی تاشناقی ئە رمەنی ( واهان بابازیان ) لێپرسراوی یەکەمی تاشناق ولایەنی دووەم کە هەموو ئەندامانی لیژنەی مەرکەزیی خۆیبون ئیمزا کراوە ، کە بریتین لە :

1 – عەلی ڕەزا ئەفەندی خەڵکی (بالو).
2 – د. شوکری سەکبان بەگ .
3 – موستەفا شاهین بەگ ، سەرۆکی خێلی بەرازی .
4 – حاجۆ ئاغا ، سەرۆک خێلی هڤیرکان .
5 – ئەمین ئاغا ، سەرۆک خێلی ڕمان .
6 – کەریم ڕۆستەم بەگ ، خەڵکی سولەیمانیە .
7 – مەمدوح سەلیم ، خەڵکی وان .
8 – جەلادەت عالی بەدرخان .

هاوکاری ودۆستایەتیان دەبێ زۆر بە هێز بێ دە بێ بەرژەوەندیەکانی یەکتر ڕەچاوکەن و ریز لە هاوپەیمانێتیەکە بگرن بۆئەوەی ئەم دوو نەتەوە ئاریە بەرژەوەندی یەکتر بپارێزن ، دەبێ بڕوای تەواویان بەو دۆستایەتی وئامانجەکانی هەبێ هەولو تەقەلاکانیان بۆ ئازادی وسەربەخۆبونی سیاسی نە تەوایەتی یەکتربێ و ئیمزاش لە سەر ئەو بەندانە بکەن کە لەم هاوپەیمانێتیەدا هاتووە :
ئەرتیکلی (1) :
هەریەکەیان دەبێ بڕوای بە داخوازیەکانی ئەویتر بێ و دان بە سەربەخۆیی کوردستانێکی ئازادو یەکگرتوو ئەرمینیایەکی ئازادو یەکگرتوو بنێ . بۆ بەرگری کردن لەو بیرو رایانە دەبێ سود لە هەموو دەرفەتێک وەربگیرێ هاوکاریەکانی نێوانیان ببوژێنرێنەوە .

داننانی ئەرمەنەکان بە سەربەخۆیی کوردستان کارێکی پڕ بایە خ و گرنگ بوو ، بە ڵام داننانی کوردە کان بە سەربەخۆیی ئە رمینیا ئە مە شتێکی واقیع بوو بە قەدەر داننانی ئەرمەنەکان بە کوردستان گرنگ نە بوو ، هە روەها رێککەوتن لەسەر هاوکاریە سیاسی وسەربازیەکان نیشانەی پێگەیشتنی ئەقلی سیاسیی هەردوو لا بوو .

ئەرتیکلی (2) :

خەبات بکرێ بۆ رزگارکردنی هە ردوو نیشتمانی کوردستان وئە رمینیا بێ گوێدانە ئەوەی لە کوردستانە یا لە ئەرمینیایە ، هەوڵەکان تەنها بۆ ئازادی وسەربەخۆبونی هەردوو ووڵات بێ ،دوژمنایەتیان هاوبەش بێ ، سنورەکانیش دواتر دەستنیشان بکرێن بەپێی ئەم بنەمایانە :

ا / ژمارەی کوردو ئەرمەنەکان بەپێی ئاماری 1914 ی بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی لەبەر چاو بگیرێ .

ب / سەرەڕای ئەوەی لە ئەرتیکلی 89 ی پەیماننامەی سیڤەر هاتوە کە ناوچەکانی وان وبدلیس وئە رزەڕۆم ناوچە ی ئە رمەنین و بە هۆی نارازی بونی زۆر لە سەرکردە وکۆمەڵەی کوردیە کان بە و بڕیارە سەبارەت بە سنورەکانی نێوانیان کە لە پەیماننامەی سیڤەر لە 1920 دا هاتوە بۆیە ئەم مادە یە هەڵدەوەشێتەوەو ریز لە بڕیاری ناوبژیوان دەگیرێ ، ئە مەش بۆ کاتێکی نادیار دوا دە خرێ بۆئە وەی تە نها کار لە سەر خاڵە هاوبەشەکان بکرێ و خاڵە ناکۆکەکان بە ریز گرتن لە راو بۆچونی یە کتر چارەسەری بۆ دەکرێ ،.

ج / لە حاڵەتی بە زاندنی سنورە کان هە رلایەک مافی خۆیە تی بە رگری لە سنور و بەرژەوەندیە سروشتیەکانی خۆی بکا .

ئا لە میانەی ئە م خاڵانە وە سوربونی هە ردوو لایە نی کوردی وئە رمەنی لە هاوکاری یەکتر کردن بەدی دەکرێ بەتایبەت پرسە سنوریەکان . ئەمە لەو کاتەدا دەبێ کە دەسەڵات دارانی تورک پرۆپاگەندەی نارەوا دژی ئەرمەنەکان لە تورکیا بڵاو دەکەنەوە .

ئەرتیکلی (3) :

هەردوو لایەنی ئیمزاکردوو لەسەر ئەم پەیماننامەیە دەبێ لە کاتی هێرشی تورکی بۆسە ر هەر لایەنێک هەردووکیان بەوپەڕی توانایانەوە بەرگری بکەن وبەرژەوەندیەکانی یەکتر لەم رێگەیەوە بپارێزن ، واتە دوای ئەوەی لەم پەیماننامەیە دۆست ودوژمنی یە کتر دیار ودەستنیشان کران ئیتر هە رلایەک دە توانێ دۆستایە تی لە گەڵ ئە ولایەنە بکات کە بەرژەوەندیەکانی هەردوولایەن دەپارێزێ .

ئەرتیکلی (4) :

هەردوو لایەن دەبێ پابەند بن لە بڵاوکردنەوەی بیروڕای لایەنی تر وکار بۆ جێگیربونیان بکەن جا ئەمە چ بە رێگەی زارەکی یا لە رێگەی رۆژنامە وهۆکارەکانی تری راگەیاندن بێ .

ئەرتیکلی (5) :


دەبێ پارتی تاشناق پە یمانی ئەوە بدات هانی سە رجەم رێکخستنەکانی خۆی لە ئەوروپاو سەرتاسەری دونیا بدات بۆئەوەی پرۆپاگەندەکانی تۆرانیەکان رسوا بکاو بەدرۆیان بخاتەوە .

ئەمەش بۆئەوەیە تاشناق ئەوە بسەلمێنێ کە ئەو پرۆپاگەندەی تۆرانیەکان سەبارەت بەوەی کوردەکان دەستیان لە کۆکوژیەکەی ئەرمەنەکاندا هەبوە بەدرۆ بخاتەوەو رسوایان بکات .

ئەرتیکلی (6) :
لەسەر پارتی تاشناقە هاوکاریی دارایی پێشکەش بە پارتی خۆیبون بکا وبەلێنی هاوکاریی تەقەمەنی وئیداریش بدات .
ئەرتیکلی (7) :
پارتی تاشناقی شۆڕشگێر پە یمانی ئەوە بدات لە وڵاتە ئەوروپیەکانەوە یارمەتی بۆ کوردەکان کۆبکاتەوە بە تایبەت لەو دەوڵەتانەی کە پەیوەندیی لەگەڵیان کۆکە.
ئەرتیکلی (8) :
هەردووک لایەن دەبێ پەیوەندیەکانی رێکخراوەییان پتەو و بەهێزکەن و پارتی تاشناقیش لە بڕیارەکانی لیژنەی مەرکەزیی پارتی خۆیبون بە شداری پێ بکەن بۆ ئەم مەبەستە دەبێ ئەندامێکی تاشناق وەکو نوێنەری تاشناق لە ناو لیژنەی مەرکەزی خۆیبون دا بنرێ .
ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە لای کوردەکان هیچ خوروخ ۆییەک (حەساسیەتێک) نیە بەرانبەر بە بەشداری کردنی ئەندامێکی تاشناق لە دانیشتنەکانی لیژنەی مەرکەزیی پارتەکەیان کە لە دانیشتنی ئەم ئاستەی حزب باس لە بڕیارە هەستیارەکانی چارەنوسی حزب دەکرێ .
ئەرتیکلی (9) :
چونکە تورکەکان دان بەو ناوچە ئەرمەنیانە یا کوردانە نانێن کە ئێستا رزگار کراون یا دواتر رزگار دەکرێن بۆیە هەر لایەک ئازادە ئەگەر دواتر هەرجۆرە رێککەوتنێک لەگەڵ تورکیا ئیمزا بکات ، یا هەر حکومەتێکی تر .
ئەرتیکلی (10) :
بەپێی ئە و ڕاپۆرتە ی کە هەردوولایەن ئامادە یان کردوە هێزەکانی سە ربازیی تاشناقی شۆڕشگێر دەچێتە پاڵ هێزەکانی کوردی لە ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکاندا ، لە سەر تاشناقە تفاق وزە خیرەی سەربازی بۆ ئە م جۆرە ئۆپەراسیۆنانە دابین بکات بۆئە م مەبەستە دەبێ یەکێک لە سەرکردە سەربلۆیەکانی تاشناق بە ردەوام بونی لە دانیشتنەکانی لیژنە ی مەرکەزی خۆیبوندا هە بێ ، ئە وکەسەش دەبێ بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەربازی جێبەجێ بکا .
ئەرتیکلی(11) :
ئەو بڕیارانە ی لە لایەن ئە نجومەنی سیاسیی هە رلایەنیک دە درێن ئە و لیژنە یە کە لە لێپرسراوانی هەردووک لایەن پێک دێن لە سەریەتی جێبەجێیان بکەن ، ئەگەر پێویستیشی بەوەکرد لایەنێک فەرماندەیەک دەستنیشان بکا دەبێ بە رەزامەندی هەردووک لایەن بێ .
ئەرتیکلی (12) :
پارتی تاشناق دەبێ پەیمانی ئەوە بدات یارمەتی و خەرجیەکان لە رووی مادی وراگەیاندن پرۆپاگەندەی مەشقەکان بدات .
ئەرتیکلی (13) :
هەر دوو لایە ن بە پێی بڕیارە کانی پە یماننامەکە دەبێ ئامادە بن بۆ ئیمزا کردن لە سەر رێککەوتنێکی نوێ دەربارەی جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی گومرگ وباجەکان ومافی کەمە نەتەوایەتیەکان ودەربەدەرەکان لەگەڵ هەموو ئەو بابەت و بوارانە ی کە لێرە باسیان لێوە نەکراوە ، بە دووریشی نازانین کە بیرۆکەی یەکیەتیی کۆنفیدرالی لە نێوان کوردو ئەرمەن بخرێتە روو لە داهاتودا .
ئەرتیکلی (14) :

هەردوولا مافی ئەوەیان هەیە دەست بەسەر ئەو خاک وزەویانەدا بگرن وبەکاریان بێنن بۆ یەکلایی کردنەوەی قەرزەکانیان لەگەڵ مسۆگەر کردنی مافی ئە و گروپ و کۆمپانیایانە ی بەدوای کانزاو کەرەستەی وون دادەگەرێن .
ئەرتیکلی (15) :
هەر ناکۆکیەک لەسەر جێبەجێ کردنی ئە م پە یماننامەیە روو بدا ، دە بێ هە ردوولایەن بەیەکەوە بۆی دابنیشن وگفتوگۆی لەسەر بکەن .
ئەرتیکلی (16) :
هەردوو لایەن بەرپرسیارن لەسەر پاراستنی نهێنیی ئەم رێککەوتنە سیاسی و سەربازیە ، ئەگەر لایەنێک مەبەستی بوو بەشێک لەم پەیماننامەیە بۆ لایەنی سێیەم ئاشکرا بکات دەبێ پێشتر رەزامەندی لایەنی هاوپەیمان وەرگرێ .
ئەرتیکلی (17) :
ئەم پەیماننامەیە هەموو پەیوەندیەکانی نێوان هەردوو لایەن رێکدەخات تا جەنگی رزگاری ، ئەگەر پێویستی بە هەر گۆڕانێک کرد ئەوا دەبێ بە رەزامەندی هەردوو لایەن بێ ، هیچ دەقێکی ناکۆک لەگەڵ ئەم دەقە کاری پێ ناکرێ .
ئەرتیکلی (18) :
کار بەم پەیماننامە سیاسی وسەربازیە دەکرێ لە رۆژی ئیمزاکردنیەوە .
ئەرتیکلی (19) :
لە بنەرەتدا ئەم پەیماننامەیە بە زمانی فەرەنسی بە دوو وێنە نوسراوەتەوە .
دەکرێ ئەو بۆچونەمان هەبێ کە بلێین شۆڕشی ئاگری کە لە ساڵی 1926 – 1930 ی خایان کاریگەری ورەنگدانەوەی بەرچاوی هەبو لە پتەوکردنی پەیوەندیەکانی نیوان کورد وئەرمەن کە بوە مایەی ئیمزاکردنی پە یمانامە دووقۆلیەکەی نێوانیان ، ئە م رەنگدانەوەو کاریگەریە دیارو ئاشکرا بوو کاتێک پارتی خۆیبون لە 1927 جەنەرال ئیحسان نوری پاشا راەدسپێرێ بۆ بە شداری کردن لە شۆڕشی ئاگری وئە رکی فە رماندارێتیی دە گرتە ئەستۆ ( شۆڕشی ئاگری ئەرمەنەکان پێی دەڵێین ئارارات) .

ا



احسان نوری پاشا

*{ جەنەرال ئیحسام پاشا لە ساڵی 1893 لە شاری بدلیس لە خێزانێکی کوردی لە تیرەی جەبران لە دایک بوە ، دوای تەواوکردنی خولێکی سەربازی بە پلەی نایاب بەشداریی لە گەلێک شەڕی نێوان تورکیاو ئێران کردوە لە کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان بوو بە ئەندام ، خاوەنی ئیمتیازی رۆژنامەی ژین بوو پاشکۆی راگە یاندنی پارتی خۆیبون بوو ، هە روەها ئەندامی لیژنەی سەربەخۆیی کوردستان بوو کە لە ئەرزەرۆم دامەزرا دوای دروست بونی کۆماری تورکیالە 1922، سوپاسی سەرکردە تورکەکانی کرد بۆ بە جێ گە یاندنی بەڵێنەکانیان کە بە کوردیان دابون .(ئەم سوپاسگوزاریە بە هاوڕێیەتی هەریەک لە رامی روستەم وتۆفیق و خورشید و عالی رەزا بوو ، لە 1924 لە گوندی بەیت ولشەباب بە نهێنی سوپاسی رێکخراوی عەشایرەکانی سەر سنوری تورکیاو عێراق یان کرد ، دوای هەرەس هێنانی یاخی بونەکەی روو لە شۆڕشی ئاگری دەکاو سەرپەرشتیی دەکا ، دواتر روو لە ئێران دەکا وتا مردنی کە بە ماتۆرسکلێک دەکوژرێ لە 1976 لە وێ دەمێنێتەوە کە زۆر لە سەرچاوە کوردیەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەم لێدان وکوشتنە کارێکی پیلانگێری بوە لە لایەن ساڤاکی ئێرانیەوە بۆی دارێژراوە }*

ئەمە بۆ هەموو لایەن رون بوەوە هەلگیرسانی شۆڕشی ئاگری کە لە زستانی 1926 بەرپا ببوو بو بە خاڵی وەرچەرخان لە پەیوەندیەکانی کوردو ئە رمەن ئەو شۆڕشەی کە لە سەردەستی بەرۆ پاشا هەسکی تێلی لە چیای ئاگری هەلگیرسا (چیای ئاگری کە دەکەوێتە خاڵی بەیەک گەیشتنی سێ سنوری ئەرمینیا وتورکیا وئێران ) ( بەرۆ کورتکراوەی ناوی ئیبراهیمە ) پلەو ناوی پاشایەتیش ئەو کاتە پێیدراوە کە سنگی لە لەشکری سوپای روسیا گرت و ماوەی سێ ساڵ رێگەی نەدا روسیا ئاگری داگیر بکا .

دوای روخانی شۆڕشی شێخ سە عیدی پیران لە 1925 و هەولدانی هەندێک لە سەرکردە کوردەکان خۆیان لە شاڵاوی گرتن وراوە دونان دەرباز کەن رویان لە سنورەکانی ئێران وروسیا کرد و س وپای تورکیاش هە ڵمەتی دە ستگیرکردنی دە ستپێکرد بە هۆیەوە چەندین کەسایەتی وسەرکردەو خەڵکی بێ گوناهی لە وانەی بەشداریان کردوەو بەشداریان نەکردە دەستگیر کردو کوشتنی.

دوای ئە وەی هێزە کانی تورکی لە 1926 تخونی بڕۆ پاشا دە کەون ئە م خۆی ناد ا بەدەستەوەو رو لە چیای ئاگری دە کا و چە ندی کەس لە هەوادار وخزمانی دە وری دەدەن دوای چە ند شە ڕێک بە سەر سوپای تورک دا سە ردەکەوێ و بە بۆنەی ئە م پالە وانێتی وقارەمانێتیەوە بڕو هسکی بە ئەندامی دەستەی خۆیبون هەڵدەبژێردرێ .

ئەوەبوو ئیحسان پاشا داواکە ی پارتی خۆیبون قە بول دە کا بە سەرکردایەتی کردنی شۆڕشی ئاگری ، دوای گە یشتنی ئیحسان پاشا بۆ ناوچە ی شۆڕش لە 1927 دەسبەجێ چەندی سەرکەوتن دژی هێزە کانی تورکی بە دەست دێنن ئە و هێزانەی کە مەبەستیان بوو شۆڕشەکەی کورد لە بێشکەوە شکست پێ بێنن بەڵام هەوڵەکانیان بە فیرۆ چوو .

بە گەیشتنی ئیحسان پاشا بۆ ناوچە کە تەشکیلاتی ئیداری وپۆلیس وئاسایشی لە ناوچەکە دامەزرێندرا هێلی تە لەفۆنی لە نیوان شارە کان دابین کرد دامە زراندنی کوردستانی سەربەگۆی راگە یاند بە پشت بە ستن بە بڕیارەکانی کۆنگرە ی سیڤە ری 1910 کە زۆر بەڕاشکاوی دان بە مافی گە لی کورد دە نی بە دامەزراندنی دە وڵەتی کوردستان ، ئە م

دەوڵەتەی کوردستان خاوەنی سرودی نیشتمانی و ئاڵای کوردیی خۆی بو، ئاڵای کوردستان لەسەر لوتکەی چیای ئاگری بەرز کرایەوە .

*{ سەربازەکان نیشانە ی ئاگریی مە زن وبچوک لە سەر کلاوە کانیان دە نەخشاند بە ڵام ئەفسەرەکان نیشانەی پارتی خۆیبونیان لەسەر شانیان دادەنا (نیشانەی خۆیبونیش بریتی بوو لە خەنجەرێک وگولەگەنمێک لە بەرانبەریشیان بەرەموچێکی نوسین بوو ) ئەم نیشانانە بەیەکەوە بەسترابون و لە ناوەڕاستیشیدا تیشکی خۆر لە سەر دە ستکی خە نجەرەکە هەڵهاتبوو تیشکەکە هەموو هێماکانی دەگرتەخۆ}*

پارتی تاشناقی شۆڕشگیر لە شۆرشی ئاگری لە ساڵەکانی 1927 تا 1930 بەشداریەکی تەواوی لەگەڵ هاوپەیمانەکەیدا (پارتی خۆیبون ) هەبوو ، ئەم هاوکاریە لە بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرەی دووەمی پارتەکەیان جەختی لەسەر کرابوەوە کە تیایدا هاتبوو ( کۆنگرە لەگەڵ شۆڕشی کوردی کە دژی تورکیا دە ستیان پێ کردوە هاوسۆزە لە رزگار بونی کوردەکان ، بۆیە پارتی تاشناق بە لێن دە دا هاوکاری وپشتگیری ئە و بزوتنە وەیە بکا بەمەرجێ لە پێناو رزگار بون لە ژێر چنگی تورکیادا بێ .)

نوێنەرەکانی پارتی تاشناق لە هەوڵی وە دەست هێنانی یارمە تیە نێدەوڵەتیەکاندا بوون ، رۆبین پاشا کە سەرکردەیەکی تاشناق بوو هە وڵی وە دەست هێنانی پشتگیری ئینگلتە راو ئێرانی دەدا بۆ کوردە کانی تورکیا ، لە هەوڵی پەیداکردنی چەک و تفاقی ئێرانی دابوو بۆ کوردەکان هەروەها ئەرمەنەکانی ئێران لە پەیداکردنی چەک و یارمە تیەکانی تر درێغیان نەدەکرد ، لە رێگەی باشوری تە برێزەوە بە بزوتنەوەی کوردە کانیان دەگەیاندن ، چونکە پارتی تاشناق کۆگاو عەمباری زۆریان لە خواروی قەوقاز و چەند ناوچەیەکی ئێران هەبو تیایدا ئەم تفاق و کە رەستانەیان کۆدەکردنەوەو ئاودیویان دەکردن ، ئەمەش دەکەوتە خانەی پابەند بون بە جێبەجێ کردنی پەیماننامەکەی نێوان پارتی خۆیبون وتاشناقەوە .

چەند کە تیبەیەکی سە ربازیی ئە رمەنەکان بۆ بە شداری و هاوکاری شۆڕشی کوردی نێردرانە ئاگری بە سەرۆکایەتی ئەردەشێر مرادیان ، وە کو پشتگیریی مادی و مە عنەویی شۆڕش ، ئیحسان نوری پێشوا زیەکی فەرمیی لە نوێنەری ئەرمەنەکان کرد شۆڕشگێرە کوردەکان ناوی ئەم سەرکردە ئەرمەنەیان نا (زیلان ) .

وێرای دە ست کورتی شۆڕش لە روی ئیمکانات ودارایيە وە کە زیاتر پشتی بە خەڵکی ناوچەکەو دۆست ولایە نگرانی دە بەست بە ڵام سە رکەوتنی بە رچاو و دیاریان وە دەست هێنان و گورزی باشیان لە سوپای داگیرکەری تورک وەشاند بوو ، رۆژنامەو هۆکارەکانی تری راگەیاندنی دونیا باسیان لێوە دەکرد تا ئەو ئاستەی تورکیا لەسەر ئاستی فەرمی ناچار دەبێ دان بە و زیانانە بنێ کە شۆڕشگێرە کوردەکان پێیان گەیاندن ، لە و شە ڕانە 12 فڕۆکەی جەنگی تورک دەخرێنە خوارەوە جگە لە سەدان کوشتیارو زیانی ماڵی تر .

دەسەڵاتی تورک هیچی نە مابوو بیداتە بەر روی خۆی بۆ ئە وەی خۆی لە شەرمەزاری شکستەکان دەرباز کا ناچار پە نای بۆئەو هاوکاریەی ئەرمەن و کورد دەبرد کە ئەم یاخی بونەی کوردە کان بە فیت و هاندانی ئە رمەنەکانە بۆیە کارەکە بەم ئاستە دەگا ئەمەی لە مەحافلی دە ولی ودانیشتنە کانی نێو دە وڵەتی باس لێوە دەکرد ، بونی شاند و نوێنە ری ئەرمەنەکان لە ناو تەشکیلاتە کوردیەکان بەڵگە بوون بەدەست تورکەکانەوە کە ئەرمەنەکان هانی کوردەکان دەدەن بۆ یاخی بون و راپە ڕینیان دژی تورک ، ئە وەی شیاوی باسە دەیان راپەڕین وشۆڕشی تر بە ر لەو مێژوە لەسەر دەستی کوردەکان و بە تەنیایی ئەنجام دراون

که زۆربەیان لە سەدەی هەژدەهەم ونۆزدە هەم هەلگیرسابون وتا نیوە ی دووەمی سەدەی بیستەمیش هەر بەردەوام بوون بە لام ئەمجارەیان هاوکاری و هاوپەیانێتیی کوردو ئە رمەن گەیشتبوە ئاستێکی بەرزتر بۆیە تورک پێی هەراسان ببو .
ئەو هەلوێست و هاوپەیمانێتیەی ئەرمەن وکورد کاری کردبوە سەر پەیوەندیەکانی کوردو روسیا ، بەهۆی ئەوەی ئەرمەنەکان زۆر بەتوندی دژایەتی روسیایان دەکرد بەهۆی ئەوەی هاوکاریی پارتی کۆمۆنیستی ئە رمینیای دە کرد ، لە بەر ئە مە روسیاش روی خۆی لە کوردەکان وەرگێراو کەوتە پرۆپاگەندە دژی شۆڕشی کوردی بە داردەستی ئیمپریالیزمی دایە قەلاەم و بۆ دژایە تی کردنی شۆڕشی کوردیش هاوکاری تە واوی تورکیای دەکرد ئەم دژایەتیە هەم لە رێگەی تورکیاو هەم لەرێگەی نوسین وبلاوکراوەکانی روسیا کاری لەسەر دەکرد . بەدیدو بۆچونی ئە وان بزوتنەوەی کوردی داردەستی ئەمریکا وئینگلیزە ، تا ئە و ئاستەی کە دائیرەی مەعارفی سۆڤیەتی کە بە دائیرەی مەعارفی مەزن دێتە ناسین کوردیان بە کرێگرتەو داردەستی ئیمپریالیزم دە ناساند رێگەیان لە کوردەکانی ئەرمینیا دەگرت کە بەشداری لەم شۆڕشە بکەن ە ەموو سنورە کانی لێیان توند کردبوون بە بۆچونی روسیا بەشداری کردنی تاشناق لە م شۆڕشە ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەرمەن و کورد لە دژی بەرژەوەندیەکانی روسیا هاورا و هاوکارن .
بە ناراستەوخۆ دە سەلاتدارانی روسیا پیلانی دە ستگیر کردنی ( ئەردەشێر مرادیان ) نوێنەری ئەرمەنەکانیان لە ئاگری دا کە بە پیلانێک بەرەو خالە سنوریەکانیان کێشا و لەگەل هەندێک لە هەڤال وپاسەوانەکانی کە کورد بوون دە ستگیریان کرد وبۆ سیبیریا دوریان خستەوە .
شێوەی گرتنەکەی بەم شێوەیە بوو ، دوای 4 سال لە تەمەنی شۆڕش رۆژێکیان نامەیەکی بۆ دێ گوایە لە کورە مامەکە یەوەیە بۆ دیدەنیی هاتۆتە یەریڤان مەبەستیەتی بێبینێ بۆیە داوای لێ دە کا کە بێتە سەرسنور و لە وێ چاویان بە یەک بکەوێ ، بە لام ئیحسان پاشا ئاگاداری دە کاتەوە کە ئەمە فێلەو لەگەل ئەوەدا نیە لە سنورەکان نزیک بێتە وە کەچی ئەردەشێر پێ لە سەر سەفەرەکە دادەگرێ ئیتر خۆی و فە رماندەیەکی کورد بە ناوی عمر بەسێ کلتوری وچوار لە پاسەوانی کورد لە گەل خۆی دە با دە چێتە سەر سنور لە وێ ئەفسەرانی روسی دە یگەیەننە ئەو بڕوایە کە هیچی لێ ناکە ن دەتوانێ لەروباری ئاراس بپەرێتەوە بۆ ناو خاکی روسیا ئە میش ئەم هەلەیە دەکا بەپەرینەوەی بۆ ناو خاکی روسیا دەستگیری دە کەن ودە یبەن بۆ یە ریڤان لە وێش بە هەولی ئیحسان پاشا چوارپاسە وانە کوردەکە ئازاد دەکەن ئەویش بۆ سیبیریا دوردەخەنەوە .
دوای ئەوە پارتی تاشناق نوێنە رێکی تر بۆ ئاگری دە نێرن کە سەرپەرشتی نوێنە رایەتی ئەرمەنەکان بکا لە شۆڕشی ئاگری ئە ویش ( ڤاهان ) دەبێ ئە فسەرێک بوو لە سوپای چوارەمی روسی ، ڤاهان لە وێ دە مێنێتەوە تا ناوەڕاستی سالی 1930 کە سەروبەندی تێکچونی شۆڕش بوو .
پاش ئەوەی تورکیا سۆزی روسیا بۆ خۆی رادە کێشێ و گەمارۆی شۆڕش دەدا ، بالوێزی خۆی لە ئێران ( مەمدوح شە وکەت ئە سندال ) لە تەهران دە کێشێتەوە و لە شوێن ئە م خەسرۆ کەرەدە دادەمەزرێنێ ، خەسرۆ کەرەدە پیاوێکی کەمالیستی شۆڤینی بوو زۆر رقی لە کورد بوو لە گەل ئەوەدابو بوو شۆڕشی کورد بە ئاگرو ئاسن لە ناو ببردرێ هە رچی

ئەسندال بوو رای وابوو بە نیانی لەگەڵ کورد مامەڵە بکرێ وکاری توندو تیژی دژی کورد بەکار نەهێنرێ ، ئەمەش دژی سیاسەتەکانی عیسمەت ئینۆنۆ بوو .
دوای ئەمە تورکیا داوای کۆبونە وەیەکی سێ قۆڵی لە روسیاو ئێران وتورکیا دە کات بۆئەوەی رێگە لە شۆڕشی کورد بگیرێ کە بە گوتەی ئە و دژی بە رژەوەندیەکانی هەرسێک یانە و هاوکاریەکانی ئەرمەنەکان کە لە سوریاوە بۆیان دێت رێگەیان لێ بگیرێ بەهۆی ئەوەی سوریا ئەوکات لە ژێر ئینتدابی فەرەنسی دابوو ئەرمەنەکان لە توانایاندا بوو لەوێوە سود وهاوکاریە کان بە شۆڕشی کورد بگە یەنن ، دوای ئە وەی زانیاریە کان لە سوریەوە بە دەسەڵاتدارانی تورک دە گەن گوا یە کوردەکان بەنیازن لە سوریاوە هێرش بەرنە سەر هێزەکانی تورک بۆئە وەی گەمارۆی سەرکوردەکان بشکێنن ، تورکیا کە وتە جموجۆل بۆ پەیوەندی کردن بە دەسەڵاتدارانی فەرەنسی بۆ ئەوەی پشتگیری لە کوردەکان نەکا ورێگەیان لێ بگرێ کە لە سوریاوە هێرش نەکرێتە سەریان .
دوای ئەوەی تورکیا دۆخی نێودە وڵەتیی رێکخستە وەو روسیاش بە تەواوەتی رێگە ی لە کوردەکان گرت بۆ ئەوەی نەگەنە ناوچەکانی ئێران و ئاگری کە شۆڕشگێرە کوردەکانی لێ بوو بۆ بەرز کردنەوەی ورەی سەربازە بێ ورەکانی لەو ناوچەیە کە ژمارەیان خۆی لە 40 هەزار سەرباز دەدا سەرۆکی ستونی خۆی (فەوزی چەقماقچی) بۆ ناوچەی ئاگری دەنێرێ و رێگە لە ئێران وەردەگیرێ کە هێزەکانی تورک بە ناوخاکیداا بچن بۆ لێدانی شۆڕشگێرە کوردەکان لەوکاتدا هێزەکانی تورک مەزنترین هێرش وشاڵاو بۆ سەر 700 شۆڕشگێری کورد وئە رمەن لە و چیایە دەبەن ، دوای بە رگری وخۆراگریە کی زۆر هێزە کانی شۆڕشگێرە کوردەکان ناچار دەبن پاشەکشە بکەن لەوانە سەرکردەکەشیان ئیحسان پشا کە بۆ ئێران پاشەکشە دەکا .
دوای ئەوە ئیتر هێزەکانی تورک ە ێرشێکی رەشبگیر دەکەنە سەر ناوچەکانی کوردنشین و روماڵی دەکەن لە ئەنجامدا 47 هەزار کەسلە ناو دەبەن ، لەوانە 40 کچی کورد لە پێناو پاراستنی ئابروی کورد خۆیان لە دەست ئە فسەرە تورکەکان دە رباز دە کەن وخۆیان دەهاوێنە دەریاچەی وان وکۆتایی بە ژیانی بن دەستی دەهێنن .
لە دیاردە بەرچاوەکانی پەیوەندیە دۆستایەتیەکانی نێوان کوردو ئە رمەن ئەو پەیوەندیە بون کە لە نێوان سەرکردەکانی تاشناق و ئیبراهیم پاشا ی مە للی سەرۆکی هۆزی ملان و سەرۆک هۆە زبێلایەنەکان بوو وە کو سلێڤان وحە سنان وحە یدەران وجە بران ، ئە م پەیوەندیانە گەیشتنە ئەوئاستەی هە ندێک لە سەرکردە کوردەکان بچنە ریز پارتە ئەرمەنەکان وەکو قاسم بەگ لە 1907 لە ریز پارتی تاشناق درێژەی بە خەباتی خۆی دەدا .هەروەها شێخ زە ینەل یە کێک بوو ل ە سەرکردەی تیرە کانی دە رسیم کە لە مەزنترین بانگخوازانی هاوکاری وهاوپە یمانیی کوردو ئە رمەن بوو ئە م بانگخوازە ی بوە مایەی ئەوەی دەسەڵاتدارانی تورک لە 1908 تیرۆری بکەن .
دیسان پارتی تاشناق رۆلێکی سە رەکیی هەبوو لە وروژاندنی کێشەی کوردی لە دانیشتنە نێودەوڵەتیەکان ، ئەمەش وەکو پابەند بون بە هاوپەیمانێتیەکەی نێوانیان دە هات ، نوێنەری ئەرمەنەکان لە کۆکنگرەی سۆشیال ئینتەرناشنال کە پارتی ئەرمەنی تیایدا ئەندام بوو باسی لە کیشەی کوردو شۆڕشی ئاگری بە سەرۆکایەتی ئیحسان پاشای کرد ، ئەوکاتەی کۆنگرە دانیشتنەکانی خۆی لە ماوەی 22 – 25 ی ئابی 1925 لە شاری زیورخی سویسری بەست ، ئە م کێشە یەی وە کو چە وسانەوەیەکی نە تەوایەتی کە لەلایەن دە سەڵاتدارانی تورکە وە

روبەڕوی دەبون خستە رو باسی لەوە کرد کە ئەمە کاری لەناوبردن و جینۆسایدی گەلێکە ، تورک چەندین شۆڕشی کوردی لە ناوبردوە لەوانە شۆڕشی ئاگری وئە م کارە ستەمکاری ولەناوبردنەی گەلی کورد تا ئێستاش بە ردەوامە ، ئەم داخوازیەی ئەرمەنەکان لە کۆنگرە هانی ئامادەبوان دا لە بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرە نارەزاییەکی توندی فەرمیی دەسەڵاتدارانی تورک بکرێ کە توندو تیژی دژی کورد بەکار دەهێنێ .
دەکرێ بلێین وەکو پابەند بون و پیادە کردنی بڕگەکانی ئەم هاوپەیمانێتیە بوو ئەرمەنەکان لە ئەمریکا رۆلێکی باشیان گێرا بۆ ناساندنی ک ێشەی کوردو رێخۆش کردن لە بەردەم سیاسەتمەدارانی کورد بۆ نواندنی کارو چالاکیە کانیان لەوێ ئەمە کاتێک بەدی دەکرا کە واهان قارداشیان یە کێکە لە سەرکردەکانی تاشناق و چالاکوانێکی ئە رمەنە لە ئەمریکا داوەتی چالاکوانی کوردو ئەندامی پارتی خۆیبون ئەمیر سورەیا بەدرخان دەکا بۆ ئەمریکا چونکە ناوبراو لە و ناوچانە ی ژێر ئینتدابی فە رەنساوە دورخرابوەوە داوەتی دە کا بۆ ئەمریکا بۆئەوەی لەوێ دۆست وهەوادار ولایەنگر بۆ گەلی کورد و دۆزەکەی پەیدا بکا .
دوای ئەوەی ئەمیر سورەیا لەسەر داوەتی واهان دە گاتە ئەمریکا هەمان رێچکە دەگرێتە بەر کە بۆی دیاری دەکا هەڵدەستێ بە دانانی پەرتوکێک بەناوی ( کێشەی کورد لە روبەڕو بونەوەی تورکەکاندا ) بە زمانی ئینگلیزی لە فیلادلفیا ، بۆ ئەوەی رای گشتیی ئەمریکی بە کێشەی کورد ئاشنا باکات.

* * *

## پەیوەندیەکانی کوردو ئەرمەن
## لە ڕاگەیاندن و رۆژنامەکاندا

-------------------------------------

بە دەرکەوتنی رۆژنامە گەری کوردی لە ساڵەکانی دواییەنی سە دەی نۆزدە هەم ، بزوتنەوەی رۆشنگەری و بڵاوکردنە وەی فێربون وزانستی پێی نایە قۆناغێکی نوێوە .لە پێناو بە چاڵاک کردنی رۆڵی بزوتنە وەی ڕۆشەنگیری وپەرە پێدانی ڕۆشنبیری کوردی و بە دەرچونی یەکەم رۆژنامەی کوردی بەناوی کوردستان لە 22 ی نیسانی 1898 یەکەم ژمارەی لە قاهیرە دەرچوو لە سەر دە ستی میر مقداد بە درخان ، مە ساجی کوردی لە قۆناغی سیاسیی شۆڕشگێری زارە کی و میانرە و و لە قۆناغی گوتاری داڕشتنە وە بۆ قۆناغی هەلوێست و گوتاری رۆژنامە کان و ناوەرۆک و ئامانجی سیاسی و رۆشە نبیری وکۆمەلایەتی وئابوری هەنگاوی نا .
رۆژنامەگەری کوردیی ئەو سەردەم چ ئەوانەی بەکوردی یا بەهەر زمانێکی تری بێگانە وەکو فارسی یا عەرەبی دەردەچون، وەکو باقی رۆژنامەو راگەیاندنەکانی تری گەلان بێ بەش نەبوون لە کەمو کوڕی و خاوە نەکانی لە کەسایەتی سیاسەت مەدارو شۆڕشگێری نەتەوەکانیان بوو ن ، بە چاوێکی دووربینانەوە سەیری بەرژەوەندی وکێشەی میلەتەکەیان

دەکرد بە رەچاوکردنی پە یوەندیەکانی سیاسی و کۆمە ڵایەتیی گە لی کورد لە گەڵ گە لە دراوسێکانی دەورو بەریاندا .
لە بواری پەیوەندیەکانی کوردو ئە رمەندا رۆژنامە ی کوردستان وەکو یەکەم رۆژنامە ی کوردی و رۆژنامە کانی تری کوردی رۆلی باشیان لە پتەوکردنی پە یوەندیەکان و بەدرۆخستنەوەی راگەیاندنە شاخدارەکانی تورک و ناحەزانی بینی رێگەیان لە چاندنی تۆی دوژمنکاری گرت کە تورکەکان هە وڵیان بۆدە دا لە نێوان کورد وئە رمەن کە لێنێک بۆ لەیەک دورکردنەوەیان دروست بکەن .
لەم رووەوە رۆژنامەی کوردستان هە ر لە سەرەتای دە رچونیەوە بە دڵێکی کراوەو پڕ بایەخەوە لە لایەن ئەرمەنەکان وستافی رۆژنامە گەریان پێشوازیان لێوە کرا بە تایبەت لە میر عەبدولرەحمان بەدرخان ی خاوەنی کە ئەوکات لە جیات براکەی مقداد بە درخان بە ئەرکی دەرکردنی رۆژنامەکە هەڵدەستا بۆ ئە وەی میر عبدالرحمن لە ریزی رکابەرانی دژی عبدالحمیدی دووە م ی ستە مکار رێک بخە ن کە بانگخوازی پێکهێنانی حکومە تێکی فیدرالیی یەکگرتوی پێکهاتوو لە چەند ئیدارەیەکی سەربەخۆ لە ئەلبانی وکریستی وئەرمەن و سوری وکورد دەکرد .
رێکخستنەکانی ئە رمەنیەکان لە تورکیاو دە رەوە رۆلێکی باشیان لە بڵاو کردنە وەو گەیاندنی رۆژنامە ی کوردستان گێرا بە گەیاندنی ئە و رۆژنامە یە بۆدەستی کورد ەکانی هەندەران لە هەر کوێیەک بن ، لە سەرجەم ژمارەکاندا لە ژمارە 1 تا ژمارە ی 30 لە نیسانی 1898 ەوە تا شوباتی 1902 بە نوسینی بە پێز بە شداریان تیایدا دە کرد لە نوسینەکانیشدا جە ختیان لە هاوبەشی وهاوکاری هە ردوو لایە ن دەکردەوە ، خوێنەر ئەم راستیە لە ووتارە سیاسیەکاندا بە دی دە کا و دە زانێ چە ند رە نگدانەوەی بیرو بۆچونی سیاسەتمەدارە کوردەکان ئەمەیان شی کردۆتەوەو دایان رشتوە .لە یەکیک لە ژمارەکانی کە ژمارە 7 ی ساڵی 1898 ە چاوپێکەوتنێکی بە راوردی ولە یەکچونی هە ردوو رە وشی کوردو ئەرمەن هەڵدەسەنگێنێ ، لە ووتارەکە ئاماژە بەوە دەکا کە هەردوو گەلی کوردو ئەرمەن لە ناڵاندنی ژێر دەسەڵاتی تورک هاوبەشن هەروەها هەردوو لایەنیش لە ژێر زوڵم و نادادپە روەری فە رمانبەرەکاندا دە ناڵێنن و بە یەکەوەش خە بات بۆ رزگاربون لە م ژێردەستیە دەکەن .
لە رەتدانەوەی لێدوانێکی سوڵتان عبدالحمیدی دووە م کە دەڵێ :(کورد دوژمنی ئەرمەنە ) لە ژمارەی 27 ی ساڵی 1901 داوەڵامی دەداتەوە و دەڵێ :
( عبدالحمید دەڵێ کورد دوژمنی ئێوە یە بەڵام ئێمە دەڵێین وانیە ئێوە دوژمنی سەرسەختی نەتەوەکانن لەم دەوڵەتە ، ئەگەر ئەمە بڕوابکەن ئەوا هەمووشتێک لەدەست دەدەن ، بە ڵام ئایا ئێوە دەزانن کە ئەرمەن نابێتە دوژمنتان؟ کەوایە دوژمنی ئێوە خودی سوڵتانە) .
لە زۆربەی ژمارە کانی رۆژنام ەی کوردستان وتارو توێژینە وە بڵاو دە کرانەوە کە هەموویان جە ختیان لە سەرخاڵە هاوبەش ولە یەک چونە کانی کورد و ئە رمەن دە کردەوە ئاماژەیان بە وە دەدا کە سەرکەوتنی کوردو ئە رمەن لە هاوکاری وهاوخەباتیان دایە . وا پێدەچو کە ئەم رێبازو هەلوێستەی رۆژنامە گرتبویە بەر لە لایەن خوێنەرانەوە پێشوازیی لێوە دەکرا ، لە ژمارەی 14 ووتارێکی مەلا ساڵح لە جزیرەوە بڵاو کرایەوە تیایدا نیگەرانی ودڵتەنگی خۆی بۆ ئەو دۆخە ستەم کارەی کوردو ئەرمەن دەردەبڕی تیایدا هاتبوو :

( له سوچێکی ئه م دونیایه خه‌ڵک به کردنه‌وه‌ی خوێندنگاو ئاوه دانکردنه‌وه‌و پرۆژه ی خزمه‌تگوزاریه‌وه خه‌ریکه که‌چی لای ئێمه سوڵتانه‌کان به کاری له‌ناوبردن و کاوڵکاریی کورد وئه رمه‌نه‌کانه‌وه خه‌ریکن هانی هه ردوولایان ده ده‌ن تا به گژ یه کدا بچنه وه، ئێمه ده‌زانین که ئه‌رمه‌ن گه‌لێکن ده‌یانه‌وێ بژین وله و ژێرده ستی وچه‌وسانه‌وه رزگاریان بێ هه‌روه‌ها ئه‌وه‌ش ده‌زانین که مه‌به‌ستیانه هه‌ردوولامان له‌سه‌ر ئه‌م دواکه‌وتوییه بمێنینه‌وه‌و به‌گژ یه‌کتردا بچین ، به ڵام ده‌بێ ده‌سه‌ڵاتدارانی تورک ئه و راستیه بزانن ئه مه‌ی ئه‌وان مه‌به‌ستیانه هه‌رگیز نایه ته دی و نایبیننه وه ، ئێمه ش له خه‌باتمان له پێناو پێشکه وتنی مرۆڤایه‌تی به‌رده‌وام ده‌بین .

له ئه‌نجامی راگه‌یاندنی ده‌ستوری عوسمانی له 1908 کۆمه‌ڵه‌ی ئیتحاد وته‌ره‌قیی کوردی له نۆڤه‌مبه‌ری 1908 رۆژنامه‌یه‌کی به ناوی کورد و به زمانی کوردی ده رکرد رۆژنامه‌که له‌سه‌ر رێباز ونه‌هجی نه‌ته‌وایه‌تی درێژه‌ی به نوسین وبڵاوکردنه‌وه ده‌دا مێژوی کوردو زمانی کوردی له بابه‌ته هه‌ره پربایه‌خه‌کانی ئه‌م رۆژنامه‌یه بوون له گه‌ڵ جه‌خت کردن له‌سه‌ر ته‌بایی ودۆستایه‌تیی گه‌لانی ناوچه‌که‌و به‌تایبه‌تیش په‌یوه‌ندی و هاوکاریه‌کانی کوردو ئه‌رمه‌ن دژی ده‌سه‌ڵاتدارانی عوسمانیی سته‌مکار .

ئه‌میر ساڵح به درخان له ژماره‌ی 2 ی رۆژنامه ی یه‌کبون له 29 سه‌پته‌مبه‌ری 1913 وتارێکی له ژێر ناونیشانی ( ده‌ردی کۆمه لایه‌تیی کوردستان ، کوردو ئه رمه‌ن ) بڵاوکرده‌وه ، له وتاره‌که‌یدا به‌راوردێکی له نێوان باری کورد و ئه رمه‌ن دا کردوه له‌م به‌راورده‌یدا باسی له و چه وسانه‌وه‌و زوڵمه کردوه که هه‌ریه‌ک له کوردو ئه رمه‌ن له‌سه‌ر ده‌ستی سیاسه‌ته ره‌گه‌زپه‌رستیه‌که‌ی تورکه‌کان روبه‌ڕوی ده‌بنه‌وه تیایدا هاتبوو :
( ئه‌و دوو نه ته‌وه‌یه‌ی کوردو ئه رمه‌ن که زۆریان لێکراوه له‌م ناوچه‌یه به‌یه‌که‌وه بژین ، گومان له نیازپاکی ئه‌واندا نیه ئه‌وان ده‌خوازن به ئارامی وژیانێکی پرله ئاسوده بۆ خۆیان ونه‌وه‌کانیان دابین بکه‌ن ، کورده کان که له سه‌ر لوتکه‌و بناری چیاکاندا ده ژین جگه له ئه‌رمه‌نه‌کان هیچ که سی تر له ده‌ورو به ری خۆیان به دۆست نابینن ، هه روه‌ها ئه‌رمه‌نه‌کانیش هه‌مان هه‌ستیان هه‌یه بۆیه ده‌بێ کورده‌کان گومان له نیازپاکی ئه‌رمه‌نه‌کان نه‌که‌ن و ئه‌رمه‌نه‌کانیش نابێ گوێ له پڕۆپاگه‌نده‌ی ناحه‌زو دوژمنان بگرن .

گۆڤاری رۆژی کورد کۆمه ڵه‌ی هیڤی ده ری ده کردو دواتر ناوی گۆڕا بو به گۆڤاری خۆری کورد خوێندکارانی کورد له ئه‌سته‌نبۆل ده ریان ده‌کرد ، رۆڵێکی باش و هه مان رۆڵ و هه ڵوێستی رۆژنامه ی کوردستا نی هه بوو له چاره‌سه‌ری وتوێژینه وه‌ی جه‌وهه‌ریانه‌ی پرسی کورد و کێشه تایبه‌تیه‌کانی په‌یوه‌ند به ژیانی کۆمه‌ڵایه‌تیی کورد ی و بڵاوکردنه‌وه‌ی رۆشنبیری ئه‌وروپی له کوردستان ، به ده‌رکردنی یه‌که‌م ژماره‌ی گۆڤاره‌که ناوبانگی باشی له نێوه‌ندی خه‌ڵکی کور دو نه‌ته‌وه‌کانی تر ده رکرد به تایبه‌ت له نێو گه‌لی ئه‌رمه‌نه‌کان ، رۆژنامه ئه‌رمه‌نیه‌کان ده نگۆی ده رچونی گۆڤاری رۆژی کوردیان له رۆژنامه‌کانی خۆیاندا بڵاو کرده‌وه ، رۆژنامه‌ی ئه‌ودیزۆن ی ئه‌رمه‌نی له ژماره‌ی 214 که له ساڵی 1913 نوسیبوی ( چاوه‌ڕوانی ئاسۆیه‌کی روناک له م گۆڤاره ده‌کرێ که بیری پێشکه‌وتو له نێو گه‌لی کورد بڵاوکاته‌وه ) هه‌ر له ژماره‌کانی به‌راییه‌وه ئه‌م گۆڤاره وێڕای گرنگی دان به پرسی کوردو دوارۆژی بایه خی به په‌یوه‌ندیه‌کانی گه لی کوردو گه له دراوسێکانیشی ده دا به تایبه‌ت ئاشوری وئه رمه‌نی یه کێک له ووتاره‌کانی که له ژێر

ناونیشانی ( سەردەمی باپیرانمان سەردەمی ئێمەیە و ... سەردەمی تۆشە ) تیایدا ( هانی گەلی کورد بۆ ژیانی ئاشتە وایی وپێکەوە ژیان لەگەڵ گەلە دراوسێکان دەدا بە تایبەت کریستەکان کە لە سەردەمی چەرخی دەوڵەتی ئاشوریەکانەوە تا حوکمی عەرەبی بەیەکەوە ژیاون ئێستاش کە حوکمەتی تورک سیاسەتی ( جیایان کەرەوە دەستیان بەسەردا دەگری) لە نێوان کوردو ئە رمەن وئاشوریەکان پیادە دەکات ، بۆ بە رپەرچ دانەوە ئەم سیاسەتە ناڕەوایەی تورکەکان دەبێ هەمو دەرفەتەکان لە تورک ب گرین ورێگە یان پێ نە دەین کەلێن بخەنە ریزەکانمان بۆیە دەبێ یەکەم جار یەکریزی نێوان کورد بپارێزین دواتر نێوان کوردو گەلانی دراوسێ .

رۆژنامەی (جاماناک ) ی ئەرمەنی لە ژمارەی 1608 ی ساڵی 1913 وتارێکی ئەدیب وسیاسەت مەداری کوردی عبدالله جودت کە بەناوی بانگەواز لە گۆڤاری هەتاوی وەرگێرابوە سەر زمانی ئەرمەنی لە وتارەکە ئاماژە بە ئەرک و فەرمانەکانی کۆمەڵگای کوردی دەدات بۆ پێشکەوتن وپێشوەچونی پەیوەندیەکانی کوردو ئەرمەن لە رۆژنامەکانیدا بڵاو کردەوە .

هەروەها رۆژنامەکانی ئەرمەنی گرنگیان بە بڵاو کردنەوەی ئەو وتارانە دەدا کە لەسەر خەباتی گە لی کورد دە نوسران ، وێڕای ئە وەی زۆر لە وتارەکانی بڵاوکراوە لە رۆژنامەکانی کوردیی وەردەگێرایە سەر زمانی ئەرمەنی و لە رۆژانمەکانی ئەرمەنیان دا بڵاو دە کردنەوە ، رۆژنامە ی دروشاک لە ژمارەی 6 ی شە شی حوزە یرانی 1898 نوسینێکی کوردیی بڵاوکردەوە کە هانی گەلانی ژێردەست و چەوساوەی دەدا ئامۆژگاریی دەکردن کە ریزەکانیان یە کخەن دژی دە سەڵاتدارانی چە وسێنەری تورکی و باسی لە یەکیەتی ئامانجەکانی کورد وئەرمەنی دەکرد هانی خەڵکی دەدا کە ئەرمەنەکان بە نمونەی خۆیان وەرگرن هەروەها تیایدا هاتبو ( ئایا رۆژێک لە رۆژان لە ئەرمەنی دراوسێکانتان پرسیوە ئاخۆ بۆچی شۆڕشتان هە لگیرساندوە ؟ تا وە ڵامتان بدەنەوە بڵێن بۆئەوە خوێنمان رشتوە تا لە ژێردەستی رزگاریمان بێ . بۆیە یەکگرن ، چەک رێگەی رزگاریتانە رزگار بونتان لە رێگەی شۆڕشەوە دەبێ ).

رۆژنامەکانی ئەرمەنی کە لە هەندەران دەردەچون شان بە شانی رۆژنامە کوردیەکان لە ساڵی 1914 هەلوێستیان دژی تورکەکان وەرگرت لە کاتی راپەڕینەکەی بدلیس دا ، دەنگو باس وهەواڵی راپەڕینەکەیان زۆر بە ووردی وبەرپرسیارانە بڵاو دەکردەوەو شیکردنەوەو توێژینەوەی بە پێزیان لە سەر ئە م پرسە وهەنگاوەکان وئامانج وخە سڵەتەکانیشی بڵاو دەکردەوە. ب. ناڤاسارديان بسپۆر لە بواری پرسی کورد نوسیبوی ( راپەڕینی بدلیس دەبێ بخرێتە خانەی راپەڕینی کورد دژی تورکە کان ) و پڕۆپاگەندەی رۆژئاوای بە درۆخست کە دەیان ووت ئەم بزوتنەوەیە بزوتنەوەیەکی کۆنەپەرستانەو دژی ئەرمەنەکانە ، ئاماژەی بەوە دەدا کە ئەم راپەڕینە بەرهەمی ووشیاری و هەستی نەتەوایەتیی گەلی کوردە ، چونکە لە نێو کوردەکان چینێکی رۆشەنبیر پەیدا بوە هەلگری هەستێکی نەتەوایەتیی پێشکەوتوی شارستانە ..

راو بۆچونی هە ندێک رۆژنامە نوسی ئە ورو پیی بە درۆخستەوە کە لە بنەوانی ئە م راپەڕینە نەگەیشتبون و دور لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان هە ڵیان سە نگاندبون ئە مەش بەهۆی ئەوەی هەندێک دروشمی ئاینی لەم راپەینە بەرز دەکرانەوە بۆیە ئەم راپەڕینەیان بە راپەینێکی ئاینی و دژی ئەرمەنەکانیان دەزانی. (متراک ) یەکێکە لە نوسەرە ئەرمەنەکان

له رۆژنامەی ( مشاک ) وتارێک له ژێر ناونیشانی ( راپەڕینی کوردەکان له بدلیس )بڵاودەکاتەوه ، له نوسینەکەدا دوای ئەوەی باس له هۆکار وقۆناغەکانی راپەڕین دەکا دێته سەر باسی هۆکاری سه رنەکەوتن و ئه و کوشتارەی تورکەکان له خەڵکی سڤیلیان داوه ، دێته سەر رەددانەوه بۆچونی ئەو کەسانەی که گومانیان له ئامانجه نەتەوایەتیەکانی ئەم راپەڕینه هەیه دەڵێ ( شەریعەت لایه نی روکەشەکەی راپەڕینه ، بەڵام ناوەرۆکەکەی هەردەبێ راپەڕینێکی نەتەوایەتی بێ نەک ئاینی ) .

هەر لەسەر هەمان ئاراسته سەرنوسەری رۆژنامەی (مشاک ) ی ئەرمەنی غ . ئاراکیلیان له ئەنجامی گوێبیستی چه ند شایەدحال و پەیامنێرێکەوه ئەمەی لا بوو به بڕواو دەڵێ ( پایه به پایه بارو دۆخی بزوتنه وەی کوردیمان بۆ رون وئاشکرا بوو . له ئەنجامی کەمه هەواله لێل وکەم رونەی بەدەستمان دەگەن لەسەر راپەڕین ، دەتوانین بگەینه ئەو بڕوایه که بزوتنەوەی کوردی سیمایه کی راسەقینەی سیاسیی هه یه ، ناوەرۆکەکەشی تاڵانکاری و دەمارگیری ئاینپەرستی و راوروتیش نیه ، بەڵکو دەربڕینی ئومێدو داخوازیەکانی کوردە بۆ دروستکردنی قه وارەیەکی نەتەوایەتی بۆ کورد و دامه زراندنی دەزگاو موئەسەساتی حوکمی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان .

ڕادیۆی ئه رمینیای به شی کورد ی رۆڵێکی باشی ئه رێنیی له هەموو پارچه کانی کوردستاندا دەگێڕا له گەیاندنی وێنەی تەبایی وبەیەکەوه ژیانی گەلانی کۆماری ئەرمینیا.

له ساڵی 1930 بەشی کوردی له ڕادیۆی ئەرمینیا به هاندان وهەوڵی ئەدیب وتوێژەری کوردی جاسم جه لیل کرایه وه ، بەرهەمی هه وڵو ته قەڵاکانی ئه و بوون کاربه دەستانی یەریڤان له دەزگای گشتی ی ئێزگەی ئەرمینیا ماوەیەکی کورتیان بۆ بەش کوردیان تەرخان کردبوو .

ئەم ئێزگەیه بەرنامەکانی خۆی له رادیۆی ئەرمینیا له یەریڤانی پایتەختی ئەرمینیا پەخش دەکدر. له سەرەتا له هەفتەیەکدا تەنها یەک چارەگه کاتژمێر گۆرانیی کوردیی په خش دەکرد ماوەیەکی کەمی نەبرد پەخشی بەرنامەکانی بۆ رۆژی نیو کاتژمێر درێژ کرده وه ، دوای ئەو گۆرانه ئیتر بەرنامەکانی بریتی بوون له چەند برگەیەکی دەنگو باس خوێندنەوه لەگەڵ هەندێک بەرنامەی سیاسی که لەگەڵ سیاسەتەکانی دەرەوەی ئەرمینیا بگونجێن ئه م حالەته تا ساڵی 1937 بەردەوام بوون ئه وکاتەی له سەردەمی ستالینی سه رۆکی یەکیەتی کۆمارەکانی سۆڤیه ت قۆناغی راگواستنه وی کوردەکان ده ست پێ ده کرێ له م هه ڵمەته ژمارەیەکی زۆری کورد وئه رمەن رادەگوێزرێنەوه بۆ سیبیریا و کازاخستان ئه وسا ئیتر پەخشی ڕادیۆکه رادەگیرێ .

له ساڵی 1956 و دوای ئه وەی چاڵاکیه چاکسازیەکان له یەکیەتی سۆڤیەت ئەنجام دران جارێکی تر به شی کوردی له ئێزگەی یەریڤانی ئەرمینیا بەسەرپەرشتی خلیل مرادۆف و بەشداریی چەند کادرێکی راگەیاندن وەکو ( مەلاز عەبدۆ – هامۆ زرگۆ _ فەریک یوسف _ باری باڵا) دوباره دەست به پەخشی بەرنامەکانی دەکاتەوه .که بریتی بوون له گەڕان و خولانەوه له گونده کوردیەکان ئەوانەی له ئەنجامی سیاسەتی راگواستنەوه تەنها 24 گوند مابوەوه چاڵاکیەکانی ئەم دەسته خۆبەخشەی لێ ئەنجام بدەن.

چالاکوانەکان له گونده کوردیەکاندا به دوای گۆرانیه رەسەنەکانی کوردیدا ده گەڕان و تۆماریان دەکردن و لەم ئێزگەیه بڵاویان دەکردنەوه ، له ئەنجامی هەوڵ و ماندو بونی ئه م گروپه ماوەی پەخشی بەرنامەکان رۆژانه بۆ یەک کاتژمیر درژ کرایه وه دوای ئەمه ئیتر

گۆڕان و پێشوەچون بەسەر ئیزگەکە داهات بەرنامەی جۆراو جۆر وتۆمار کردنی زیاتر لە هەزار گۆرانیی کوردیی فۆلکلۆری  بوونە بەرهەمی ئەم ئیزگەیە کە دەتوانین بلێین ئە م بەرهەمانە لە مردن رزگاریان بوو ، دواتر بایە  خ وگرنگی بە  بەرهەمە هونەریەکانی پارچەکانی تری کوردستانیش دران ، گوێگرانی ئە  م ئیزگەیە رۆژ لە دوای رۆژ لە زیاد بون دا بوو .
دوای مردنی خلیل مرادۆف لە ساڵی 1977 ئەحمەد کۆکە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی ئەم ئیزگەیە دەگرێتە ئەستۆ تا ساڵی 1990 دواتر کەرەم سیاد بە  هاوکاری نوسەرو تویژەری مۆسیقای کوردی جە  میلە جەلیلی هاوسە ری ئە دیبی کورد جە  لیلی جە لیل بە  کاری بەڕێوەبردن هەلدەستێ .
دوای هەڵوەشانەوەی یەکیەتی سۆڤیەت ماوەی پەخشی ئەم ئیزگەیە کورت دەکرێتەوە بۆ رۆژانە نیو کاتژمێر، هەندێک لە کوردەکانی یەریڤان ئیزگەیەکی تایبەتیان دامەزراند ناویان نا دەنگی کوردە ئێزدیەکان لە ئەرمینیا .

*   *   *

--------------------------

## کوردو کوشتارگەری ئەرمەنەکان

-----------------------------------

به  هۆی ئە و کاریگە ریەی لە  ئەنجامی کوشتارگە ی ئە رمەنەکان دروست بون ، وەرچەرخانێک لە  پەیوەندیەکانی نێوان کورد وئە  رمەن هاتە  دی هە ندێک لە  نوسەرو لێکۆلەرەوە بە ئەنقەست مەبەستیان بوو کورد لە م کارەساتەی ئەرمەنەکان تێوە  بگلێنن و دواتر بەرپرسیاریان کەن . ئەمە لەگەڵ ئەوەی  کوردیش بە هەمان شێوە وەکو ئەرمەن لە سەر دەستی تورکە کان روبەڕوی چەندین کۆمە ڵ کوژی وکارە سات و پیلا نی لەناوبردن بۆتەوە .
رق و کینی سوڵتانە عوسمانیەکان و دەسەڵاتدارە تورکەکان بەرانبەر بە کوردەکان لە هی ئەرمەنەکان کە متر نە بو بە ڵکو گە ڵێک زیاتریش دژی داخوازیە  کانی کوردە کان بوون  ( گەڵێک جارلە دژی کوردەکان لایەنگری ئەرمەنەکانیان دەگرت ، تورکەکان تەنها لە پەنجا ساڵەی رابردوو بە رنامەیان بۆ لەناو بردنی ئە رمەنەکان هەبوە کەچی لە دێر زەمانەوە بۆ کوردەکان ئەم بەرنامەیە دارێژراوەو پیادەی دەکەن) .
دەگێرنەوە کە ئەمیر جەلادەت بەدرخان لە سەرەتاکانی جەنگی یەکەمی جیهانی لە سوپای عوسمانی بە پلەی ئەفسەر لە ناوچەی ئازەربایجان بووە ، لەگەڵ ئەو تابورە سەربازە دابوە کە ئەنوەر پاشا فەرماندارێتیی دەکرد ئەنوەر پاشا یەکێکە لە تاوانبارانی کۆمەڵ کوژیەکەی ئەرمەنی . دەڵێ کە تورکەکان زۆر بەڕونی پێیانەوە دیار بوو کە  هەمان پیلان وبەرنامەی کۆکوژیەکەی ئەرمەنەکانیان بۆ کوردە کانیش هە بوە ئەمیر جە لادەت بە درخان دەگێرێتەوە دەڵێ : ئەوکات لە شاری باکۆ لە گەڵ تابوری ئە نوەر پاشا لە بەرەکانی جەنگ بووم ، من

فەرماندەبووم بۆ نانخواردن لە گەڵ 30 تا 40 ئەفسەری تورک لە سەر یە ک خوان دادەنیشتین ، قسەو باسەکانی سەرمێز لەسەر بارو دۆخەکە بوو دەیان ووت لە هاتنمان بۆ ئێرە (زوو) مان لە ناوبردن لە گەڕانەوەش (لوو ) لەناو دە بەین ، لە زوو مە بەستیان ئەرمەن بوو لە لووش مە بەستیان کورد بوو ، دیارە لە چونیان ئە رمەنەکانیان جینۆساید کردوەو لە گەڕانەوەش نیازی لەناو بردنی کوردەکانیان بووە .

بە حوکمی لە یەکنزیکی وتێکهە ڵکێشی بارو دۆخ و کێشە ی هە ردوو لایە نی کورد وئەرمەن ، لە زووەوە روبەڕوی چە ندین کارە سات وهێرشی دڕندانە ی هاوتا بونە تەوە وەکو شاڵاوە کانی سە لجوقی وتورک ودواتر مە گۆل وتە تەر وسە فەوییەکان ، دوایین ودڕندانەترین هێرش و شاڵاوی دوژمنکاریش بۆسە ر هە ردوونەتەوەی کورد وئە رمەن هێرشی عوسمانیەکان بوو کە بە پێی هەموو یاسا نێو دە وڵەتیەکان ئەم شاڵاوانە بە کاری جینۆساید دێتە ئەژمار .

مێژووی پە یوەندیەکانی ئە م دوو گە لە لە ماوەی 25 ساڵی رابردوو هیچی وامان بۆ ناگێرێتەوە کە لە کاری کۆکوژی و دوژمنکاری بچن لە ئەنجامی جیاوازی ئاینی وسیاسی پەرەی سەندبێ ، بە پێچەوانەوە سەدان نمونە وشایەد حالی وامان بەدەستەوەیە کە مێژوی هەردوو نەتەوە دۆستایەتی وهاوکاری دە سەلمێنن لەوانە پرۆفیسۆری ئەرمەنی ( مانۆڤیل ئەرسۆنۆڤیچ حسرتیان ) لە یەکێک لە توێژینەوەکانیدا کە لەسەر راپەڕینی شێخ سە عیدی پیران لە 1925 ی نوسیوە تەوە دەڵێ : بەشێوەیەکی گشتی هیچ دە مارگیری ئاینی لە خەسلەتەکانی کوردی نە بون ، بە ڵکوو گەلێک لە هۆزە کوردیەکان هەر بەناو موسلمان بوون ، دواتر مە زهەبە ئیسلامیەکان لە ناو کوردەکان گەشەیان کرد ، مێژووی رزگار ی خوازی کورد ئە وە دەسەلمێنێ کە کوردەکان دژی دە سەڵاتی عوسمانیە کان و چەوساندنەوەکانی خە باتیان کردوە هەر لە سەدەکانی ناوە ڕاستەوە پیادەی سیاسە تی چەوساندنەوەیان دژی گولی کورد دەست پێ کردوە .

ئەمەش توێژەری روسی ف . کوردلیفسکی بەم شێوەیە جەختی لەسەر دەکاتەوە : ناکۆکی ئاینی لە نێوان کوردە موسلمانەکان وئە رمەنە کریستیەکان هیچ رۆژێک رۆڵی خە راپی نەبینیوە ، ئەرمەنەکان هامشۆی مزگەوتی کوردە موسلمانەکانیان کردوەو بەهەمان شێوەش کوردەکان هامشۆی کەلیسای ئەرمەنەکانیان دەکرد .

صالح زهرالدین لە پەرتوکەکەیدا بەناوی ( ئەرمەن وەکو گەل وکێشە ) جەخت دەکاتەوە دەڵێ : ( کوردو ئە رمەن لە دێر زە مانەوە بە ئاشتی و ئارامی بە یەکەوە ژیاون ، هاوپەیمانێتیەکەی نێوانیان هێزێکی رێگر بوە لەبەردەم دا گیر کردنی هە رێمەکانی رۆژ هەڵات لەلایەن عوسمانیەکانەوە ، چونکە زۆرینەی دانیشتوانیان لە کوردو ئەرمەن بوون ) . هەروەها ئە رمەنەکان لە هەموو شۆڕشە کانی کوردیدا ئە وانەی دژی عوسمانیەکان هەلگیرساون لە تەکیان وەستاون و هاوکارین کردوون ، بە هەمان شێوە سەبارەت بە وەستانی کوردەکان لەتەک ئەرمەنەکان.

دوای بەرپا بونی جەنگی یەکەمی جیهانی لە 1914 و رودانی کۆکوژی ئە رمەنەکان کە دوو ساڵ دوای دە ستپێکردنی جە نگی یە کەمی جیهانی رویدا لە موحازەرەیەکیدا کە لەبەردەم کۆ مەڵەی جوگرافیناسانی شاهانە لە لەندەن دابوی میجە ری بە ریتانی ک .سۆن دەڵێ : ( دوور نیە هەریەکە لە ئێمە بیرۆکەیەکی شاشی لەسەر ئەوە هەبێ کە کوردەکان لە کۆکوژی ئە رمەنەکان بەرپرسیار بن ، بە ڵام کەم کەس لە ئێمە ئەوە دەزانێ کە بجر لە

جەنگی یەکەمی جیهانی ئە و کریستانە ی لە ناوچە کوردیەکان دەژیان گەلێک بەختەوەر بوون ؟
کارەساتی ئەرمەنەکان لە ژێر سێبەری جەنگی یەکەمی جیهانی روی دا و لە سەر دەستی تورکیای فەتاتی رەگەز پەرستەوە بوو ، بە ڵام رەگ و ریشە ی ئەم کارەساتە بۆ ساڵە دواییەکانی سەردەمی سوڵتان عبدالحمید ی دووەم دەگەڕێتەوە بە بۆچونی ئەم (عبدالحمید ی دووەم ) بۆ ئەوەی بگات بە ئاستی وڵاتە بە هێزەکانی دراوسێ و چاو چنۆکیە کانی بەمەبەست بگەن دەبێ خاوەن دەڵەتێکی مەرکەزیی بەهێز بێ و بە ئاگر وئاسن حوکم لەسەر هەموو ئەوانە بکات کە لەسەر خاکەکەی دەژین ، بۆیە دەبێ سود لەو کێبڕکێ یەی ئیمپریالیزمەکان وەربگرێ کە لەسەر دەوڵەتە لاوازو گەندەل وداتەپیوەکەیان دەکرێ کە ناویان نابوو بە ( پیاوە نەخۆشەکە ) ئەو کێبڕکێیەش لە نێوان روسیای قەیسەری وفرەنساو ئەلامنیا وئینگلتە رابوو بۆیە ئەمەی کردبوو بە بیانو وپاساوی کارە درندانەیی و کاولکاریەکانی کە دژی ئەو گەلانەی بەکار دەهێنان کە لە چوارچیوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا دەژیان .
ئەوەتا ئە و هە لوێستە نەرێنیەی وڵاتە زلهێزەکان کاریگەری ورە نگدانەوەی خەراپی لەسەر چارەنوسی گەلانی ژێر رکێفی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هەبوو ، بە تایبەتیش لەسەر کورد و ئەرمەن .
بۆ نمونە ئینگلتەرا وەکو زلهێزێک لە سەر شانۆی نێودە وڵەتی وەدەر کەوتبوو ئە ئیمپراتۆرە زلهێزە بەو ئیمپراتۆریەتە دەناسرا کە خۆر لێی ئاوا نابێ بەرۆکی لەو دەوڵەتانە گرتبو کە چاویان بڕیبوە دەوڵەتی عوسمانی تا لەناوی بەرن وبەسەر خۆیاندا دابەشی کەن .
روسیا لە خانەی پێشەوەی ئەو دەوڵەتانەدا بوو دواتر فەرەنسا ئەمە بەتایبەتی ئەوکاتە بەدی دەکرا کە لایەنگرانی روسی لە نێو کورد وئەرمەندا پەرەیان سەندبوو ، سیاسەتی روسیا بەرانبەر بە دەوڵەتی عوسمانیبریتی بوو لەوەی دەوڵەتی عوسمانی بە و شێوەیەی کە هەیە بە لاوازی بمێنێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێ بە ئاسانی دەست بخاتە ناویەوە ومەرجەکانی خۆی بەسەریدا بسەپێنێ ، بۆ ئە م مەبەستە چەندین رێککەوتنی نهێنیی لە گەڵ بەست بۆئەوەی بەرژەوەندیەکانی سیاسی وئابوری و دادوە ریی خۆی لە و رێیەوە جێبەجێ بکا ، بوو بە یەکەم پارێزەر وپاراستنی قەوارەی سوڵتاننشینی عوسمانی بە تایبەت دوای پەیماننامەی بەرلین لە 1878 کاتێک پەیماننامەیەکی نهێنی لەگەڵ سوڵتانی عوسمانی بەست بۆ ئەوەی بەیەکەوە بەروی چاوتێبڕینەکانی روسی و داخوازیەکانی ئەرمەنی بوەستن ، بەرانبەر بەم ئەرکە تورکیا بۆ بە رژەوەندی ئینگلتەرا دەست لە دورگەی قوبرس هەلگرێ تاکو دەسەڵاتی بەریتانی لە دەریای ناوەڕاست بەهێزتر بێ .
لەهەمان کات گفت و پەیمانی ئەوەشی دابو کە مافی گەلانی ژێر دەسەڵاتی پارێزراو دەبێ و ئازاد دە بێ بە تایبەتی ئەرمەنەکان ، کە چی وانە بوو کوشتارگە و سێدارە ی بۆ دادەمەزراندن ، لە نمونەی ئەوەی کە بەسەرکوردو ئەرمەنی هێنا.
بەریتانیا زیاتر لە جارێک دژی گەلانی بن دەست لە تەک دەوڵەتی عوسمانی وەستاوە هاوکاریی کردوە ، ئەوەتا وەکو پیادە کردنی ئەم سیاسەتەی راستەوخۆ داوای لە سوڵتانی عوسمانی کردوە بێ سێ و دوو شۆڕشی ئە میر بەدرخان بەگی مەزن لە 1848 لە ناو بەرێ . بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم مەرام وکارە نابەجێیانەی چەندین بسپۆری سەربازیی بەریتانی هاوکاری سوپای عوسمانیان کرد بۆ لەناو بردنی شۆڕشەکە .

بەڵام فرەنسا کە هەردەم داوای بوونی مافی ئیمتیازی لە دەوڵەتی عوسمانی دە کرد ئەم مافەی دەگیرایەوە بۆ سەردەمی سوڵتان سلێمانی قانونی و ئیمپراتۆر فرانسوا ی یە کەم لە 1535 .
فەرەنسا خۆی بە پارێزەری کریستە کاسۆلیکەکانی ناو سنوری دەوڵەتی عوسمانی دەزانی بۆیە سەرەتا ئەوەی قەبول بوو کە دەوڵەتی عوسمانی لە هەرەس بپارێزێ لە ترسی ئەوەی روسیاو ئینگلتەرا لە و ناوچەیە فراوانی بە دەسەڵاتی خۆیان بدەن بەڵام دواتر لە سەدەی حەڤدەهەم و دوای هێرشە کەی ناپۆلیۆن بۆ سە ر میسر لە 1798 و بۆ سە ر سوریا لە 1799 لەم هەڵوێستەی پەشیمان دەبێتەوە .
دەبینین هە موو تواناکە ی بۆ لە ناو بردنی دە وڵەتی عوسمانی دە خاتە گەر بۆ ئە وەی مومتەلەکاتەکەی بەسەر خۆیاندا دابەش کەن .
لە یەکەم روبەڕو بەنەوەی لەگەڵ تورکە کاندا لە شەڕی کیلیکیا دە ست لە ئەرمەنەکان هەڵدەگرێ کیلیکیا رادە ستی سوڵتانی عوسمانی دە کاتەوە ، دیسان هە لوێستی لە شاری ( مرعش) ی کوردی مە زنترین بەڵگەیە بۆ هەڵوێستە هەلپەرستیەکانی کە بویتی بوو لەو هێرشە هاوبەشەی لەگەڵ هە ندێک لە کۆچبەرە ئەرمەنەکانی جێنیشی سوریاو لوبنان کردیانە سەر ئەو شارەی بە بیانوی گێڕانەوەی بۆ زێدی باب و باپیرانی ، دوای ئە وەی لەو هێرشە بە هۆی بەرگری کردنیەوە لە لایەن هەندێک لە کەماڵیستەکانی ئەوشارە شکست دەهێنی ، ئیتر سوپای فرە نسا ناچار دەبێ پاشەکشە بکات وبەرەو دواوە رادەکات ئەوانەی لەگەڵ خۆیشی بردبونی وە کو خۆبەختکارەکانی ئەرمەنی ئەوا لە مەیدانی جە نگ جێی هێشتن و لەگەڵ سوپای کەماڵیستەکان روبەری یەکتر بونەوە ، ئەمە بێ ئەوەی هیچ لە تفاق و چەکی قورسیان بۆ جێ بهێڵێ ، ئیتر بە چەکە سوکەکانیانەوە ماوەی 8 مانگ لە ناو گەرمەی ئە م جە نگە جێی هێشتن تا لە ئەنجام شارە کە بە تەواوەتی دە کەوێتە دەست کەماڵیستەکان و ئەوانیش تیا دەچن ، بە هۆیەوە سەرجەم دانیشتوانە ئەرمەنەکان دەکوژرێن تەنها 400 چوار سەد کەسێک نەبن کە هێلە گەرمەکانی بەرەی دوژمنیان بریبوو خۆیان لە مردن دەرباز کردبوو گەیشتبونە شاری ئەدەنە .
بەڵام روسیا لە سەردەمی دامە زرانی دە وڵەتی عوسمانیە وە ە هەڵوێسی دژایە تیی لێ وەرگرتبو بە هۆی ئەوەی خۆی بە جێگرەوەی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی دەزانی بەبەردەوام داوای لکاندنی قوستەنتینیە ( ئەستەنبۆل) ی بە روسیا وە دەکرد بۆ ئەوەی سنورەکانی بگەن بە ئاوە گەرمەکان لە بسفۆر و دەردەنیل، ئەمەو وێڕای ئەوەش بانگخوازی ئەوەی دەکرد کە خۆی پارێزەری کریستە ئەرسەدۆکسەکانە بە کریستەکانی دەوڵەتی عوسمانیشەوە .
بۆیە لە پێناو فراوان بون و دەست گرتن بەسەر دەوڵەتی عوسمانیدا زنجیرە شەڕێکی دژی دەوڵەتی عوسمانی بە رپاکرد . ( لە ماوەی 30 ساڵدا زیاتر لە 10 شەڕی مە زنی هەڵگیرساند ) .
دوای ئە وەی لە پەیماننامەی گولستان لە ساڵی 1813 بەشێک لە ئەرمینیای لکاند بەخۆیەوە ئیتر بەو هۆیەوە راستەو خۆ کاریگەری لەسەر کێشەی ئەرمینیا پەیدا کرد .
هەروەها لەگەڵ کێشەی کوردیش بەپێی پەیماننامەی نهێنیی سایکس بیکۆی لە 1916 کە ئەرمینیای رۆژئاواو زۆربە ی خاکی کوردستانیان بە روسیا بەخشی لەگەڵ ئەوەو وێڕای بونی ناکۆکی لە نێوان هە ردوو دە وڵەت ئە وساش هە ڵوێستێکی دوفاقی لە کێشەی کورد وئەرمەندا هەبوو لەکاتێکدا رایدەگەیاند کە پشتگیر وپشتیوانی لە داواکانی کوردو ئە رمەن

دەکات ژێربەژێریش وبە ئاشکراو بە نهێنی هەڵوێستی دژی ئە و داخوازیانە دەردەبڕی ، وەکو هەڵوێستی لە شۆڕشی شێخ عبیداللە ی نەهری لە 1882 و لە راپەڕینی بدلیس لە 1914 کاتێک رازی نە بوو ە یچ هاوکارییەکی شۆڕشگێرە کوردەکان بکات نە ک هەر ئەوەندە بەڵکو لە رێگەی باڵوێزی خۆی لە ئەستەنبۆل ئاگاداری سەرۆک وەزیرانی کرد کە کوردەکان نیازی کردە یەکی سەربازیان هەیە لە دژی دەوڵەتی عوسمانی لە وکاتەی دوو لەسەر سێی خاکی ئە رمینیای لە 1882 وە داگیر کردبوو لەگەڵ ئەوەش بەهەموو هێزەوە دژایەتی سە ربەخۆیی ئە رمینایی رۆژئاوای دە کرد ( ئەرمینیای تورکی ) ئەمە لەترسی ئەوەی بە سەربەخۆ بونی ئە رمینیای رۆژئاوا ، ئە و ئە رمینیایەی خۆی داگیری کردوە گەلەکەی هەوڵ بۆ یەکگرتنەوەی لەگەڵ هاو رەگەزەکانیان دەدەن، بەم شێوەیە جۆرێک لە لەیەک تێگە یشتن لە نێوان روسیاو تورکیا لە سەر کێشە ی کوردو ئە رمەن هە یە راستە هەردوکیان دوژمنی یەکتری بوون بەڵام لەسەر ئەم دوو کێشەیە هاورا وهاو بیر بوون بۆیە هیچ هەوڵێک نەدرا بۆ ئەوەی کوشتارگەری ئەرمەنیەکان لە 1894 لە سابۆن روو نەدات ئەمە وێڕای ئەوەی هێزەکانی روسیا ئەو کات لەو ناوچەیە ئامادە بون . هەروەها سەبارەت بە کۆکوژیە دڕندانەییەکەی 1915 ش بە هەمان شێوە ، بەڵام ئەڵمانیا دوای ئە وەی لە 1870 پڕۆژەی یەکیەتی ئەڵمانیا تەواو دەبێ و ( فۆندرۆ گۆلتز ) وەکوو سەرۆکی نێردە ی سەربازی بۆ دوبارە رێکخستنەوەو مەشق پێکردنی سوپای تورک دە نێردرێت بۆ تورکیا وسەردانی ئیمپراتۆریە تی ئە لمانی گیلیۆم (ویلیام ی دووە م) و هاوسەرەکەی بۆ دیداری سوڵتان عە بدولحەمیدی دووە م لە 1889 و چاک بونی پە یوەندیە سیاسی وئابوریە کان وهاوکارە سەربازیەکانی هەردوولایان ، کە لەم رێگەیەوە ژمارەی ئەفسەر و سە ربازو بسپۆرەکانی ئە ڵمانی لەناو سوپای تورک دا گە یشتە زیاتر لە 5000 کەس بە هۆی ئە م هەموو گۆرانانەوە ئەڵمانیا ناوچەی رۆژهەڵاتی خوار وناوەڕاست و باقی ناوچە کانی تری عوسمانی بە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆی دەزانی بە تایبەتی دوای ئەوەی ئیمتیازی هێلی ئاسنینی ( هامبۆرگ – بەغدا) لە 1903 وەدەست دێنێ و توانیی هە ڕەشە بخاتە سەر لایەنگرانی دەوڵەتی بەریتانیا لە رێگەی هیند ولایەنگران ودەسەڵاتی روسی لە ناوەڕاستی ئاسیا .

دواتر توانیی ئیمتیازی هێلی ئاسنینی (حیجاز ) و متمانەی تەواوی سوڵتانیش وەدەست بێنی ئەمەی بە هەل زانی تا بەڕوی رکابەرو کێبڕکێ کانیدا هەلسێتەوە بە تایبەت فرەنسا وروسیا دوای ئەوانیش ئینگلتەرا . هەڵویستەکانی لە مەڕ کێشەی ئەرمەن زۆر لە هەڵوێستەکانی تورکی نزیک بون بە ڕادەیەک کە هەندێک لە بسپۆران وای بۆ دە چن کە بیرۆکەی گواستنەوەی ئەرمەنەکان بیرۆکەیەکی ئەڵمانی بێت گوایە ئەوان ئەم پێشنیارەیان خستۆتە بەردەم تورکەکان . گوایە هۆمەن هە ماهەنگ کاری نێوان ئە ڵمانیا وتورکیا بوو هانی تورکەکانی دابێ بۆ ئۆپەراسیۆنە کۆکوژیەکانی ئەرمەنی هەر ئەویش بوو گڵۆپی سەوزی بۆ تورکەکان داگیرساند بە دەستپێکردنی کارە دڕندەییەکانی کە بەم شێوازە دەری بڕیوە وتویەتی : ( من دەزانم کە ئەرمەن وتورک ناتوانن لە م وڵاتە بەیەکەوە بژین ، دە بێ یەکێکیان کۆچ بکات ، من لۆمە ی تورکەکان ناکەم کە ئەمە بەسەر ئەرمەنەکان دەهێنێت چونکە پێم وایە ئەوان (تورک وئەڵمانەکان ) پاساوی خۆیان بۆ ئە م کردارانە هەیە ، بۆیە ئەرمەنەکان مافی ئەوەیا نیە لێرە بژین سەرەڕای ئەوەی زۆربەی رۆژنامە جیهانیەکان ئەم روداوە نامرۆڤانەیان خستە سەر روپەری رۆژنامەکانیان وەکو رۆژنامەی واشنتۆن پۆست

ونیۆیۆرک تایمز و لەندەن تایمز و سەرەڕای راپۆرتی کۆنسۆل وپیاوە ئاینیە کریستیەکان لە هەموو مە زهەبەکانەوە ئەوانەی بە کاری بڵاوکردنە وەی ئاینی کریستی هە ڵدەستان ، هەروەها وتەو گێڕانەوەی گەلێک لەو شایەدحالانەی کە بە سەرسورمانی لەو کارەساتانە رزگاریان ببو لە گەڵ هە موو ئە مانە ئەوساش ئە ڵمانیا پاکانە ی بۆ تاوانباری ئە م کارە نامرۆڤانەیە دەهێنایەوە ، نەک هەر پاکانە بەڵکو هانی دە وڵەتی عوسمانیشی دە دا بۆ ئە م رەفتارانەی ، سەفیری ئەڵمانیا لە ئەستەنبۆل کە ئەرمەنیەکانی بە زیندەوەر دە شوبهاند دەی وت تورکە کان مافی خۆیانە هەرچیەک بە ئەرمەنەکان بکە ن ، دوای کوشتارگە ری ئەرمەنەکان یاداشتێکی بۆ سە رۆک وەزیرانی تورکیا بە رز کردەوە تیایدا بە ڕاشکاوی پشتگیریی لە دورکردنەوەی ئەرمەنەکان دەکرد بۆ رۆژ هەڵاتی ئەنادۆل.

بسپۆرە ئەڵمانیەکان بوون پێشنیاری گواستنە وەی ئە رمەنەکانیان کردبوو بۆبیابانە کانی سوریاو عێراق ، ئە ڵمانیەکان لە رێگەی بالوێزو ئەفسەر و پەیامنێرەکانیان لە سەرتاسەری ئیمپراتۆریەتی عوسمانیەوە زانیاری تەواویان لەسەر کۆکوژی ئەرمەنەکان هەبوو تەنانەت بیرۆکەی (جیهادی موقە دەس ) یش کە لە سەرەتای جە نگی یە کەمی جیهانی بە رزیان کردبوەوە لە بیرۆکەی ئەڵمانەکان بوە ، چونکە بە بۆچونی ئەوان نانەوەی ئاژاوەی ئاینی لە دەوڵەتە موسلمانەکان سەرکەوتن مسۆگەر دەکەن لە روبەڕو بونەوەی 300 ملیۆن موسلمان لەگەڵ فرەنساو روسیا وئینگلتەرا .

هراج داسناییدیان توێژە ری ئە رمەنی وای بۆ دە چێ کە ( ئەوروپا ناڕاستە وخۆ بۆتە سەرچاوەی هە موو ئە و ئالۆزیانە ی کە بۆ ئە رمەنەکان دە نێندرێنەوە و ئە نجامەکەشی ئە کوشتارگەیە بوو کە روویدا) ، دەنگ هەڵبڕینی بیرمە ندی ئە ڵمانی (هاری ستۆبرمر ) بە روی حکومە تدا باشترین بە ڵگەیە بۆ هە لوێستە شەرمەزریەکانی حکومە تی ئە ڵمانی بەرانبەر بە کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان ، کاتێک دەنگی هەڵدەبڕی و دەیوت : ( ئەم کارەساتە شەرمەزاریە بۆ لە ناوبردنی گە لێکی شارستان و پیشکە وتووئەنجام دە درێ، گە لێک ژمارەیان لە ملیۆنێک و نیو رە ت دەکا کارێکی قە ڵاچۆکردنی درندانەییە لە کاتێک ئەنجام دەدرێ کە ئەڵمانیا مە زنترین دە سەڵات ولایە نگریی لە تورکیادا هە یە ) ئەمە باشترین بەڵگەیە بۆ رۆلی پیلانگێڕی ئەڵمانیا .

ململانێ وکێبڕکێی نێوان دە وڵەتەکان بۆ وە دەست هێنانی گە ورەترین ئیمتیازات ، ناچار دەبن پەنا بۆ دروشمی بریقە دار وگفت وپە یمانی ببەرن ، پە یمان بە میلەتەکانی دەوڵەتی عوسمانی وە کو کورد وعە رەب وئەرمەن و ئاشوریە کان بدە ن ستە م وئازارە کانیان بۆ مەرامە تایبەتیەکانی خۆیان دە قۆستنەوەو بەکاریان دەهێنان بێ گوێدانە بنەماکانی رەوشتی وسیاسی و دادپە روەری ، گە لانی چە وساوەش بە وە هەڵ دە خەلەتێندران کە ئەم گفت وپەیمان ودروشمانە لە دەوڵەتە مەزنەکانەوە دەدرێن ناکرێ بە هەند وەرنەگیرێن و بڕوایان پێ نەکرێ .

رۆڵی وڵاتە زلهێزەکانی تری دونیا لە پشتگیری وپشتیوانی کردنی دە وڵەتری عوسمانی لەم کارە نارەواو شە ڕمەزاریانە لە رۆڵی ئە ڵمانیا کە متر نە بوو ئە مەش لە رێگەی ئە و نێردراوە سیاسی و ئاینی و راگە یاندنانە دە کرا کە ئەوروپا بۆ ئە و ناوچانەی دەناردن بۆ ئەوەی پرۆپاگە ندەی ناڕە وا دژی گە لانی ئە و ناوچە یە بڵاو بکە نەوەو سیاسە تی بە گژ یەکیاندا ببەن و کاری لەسەر بکەن.

ئەم نێردانەش سەرەڵکاریان لەسەر نانەوەی ئاژاوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەکرد دواتر جیاوازیەکانی ئاینی ، چونکە زۆربەی هەرە زۆری نێردەکان نوێنەرایەتی بەرژەوەندی وڵاتەکەیان دەکرد چونکە مەبەست لە ناردنیان کۆکردنەوەی زانیاری وناساندنی پێکهاتەی کۆمەڵانی ئەو ناوچانە بون تا کارئاسانی بۆ وڵاتە کانیان بکەن بەمەبەستی داگیرکردنیان دەتوانین بڵێین زۆربە ی هەرە زۆریان کاری سیخوریان ئە نجام دەدا ، ئەوکات دەرگای دەوڵەتی عوسمانی لە روی دەوڵەتە ئیستعماریەکاندا کراوە بوو بۆیە نێردە لە دوای نێردە بە بیانوی بڵاو کردنەوەی ئاین و پاراستنی بە رژەوەندیە ئاینیەکان رویان لەو ناوچانە دەکرد کە لە ژێر دەوڵەتی عوسمانی دایە ، سەرەتا نێردەکانی فەرەنسی دەهاتن دواتر نێردەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ئینجا دەوڵەتانی تر ، ئەگەر بمانەوێ بزانین ئەمریکا چەند خوێندنگای لەم جۆرەی دامەزراندوە ؟ ئەوا ژمارەیان دەگاتە 675 خوێندنگا ، دە بێ ئەو رۆلە بزانین کە ئەو نێردانە لەو ناوچانە دەیان گێرا کە بریتی بوو لە نانەوەی ئاژاوە لە نێوان پێکهاتەکانی ئەم ناوچانە بەتایبەت کورد وئەرمەن وئاشوری ، لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان گومان لە وە دانیە دەوڵەتە مەزنەکان ئامادە بوون هەموو شێوازێک بگرنە بەر تا بەم مەبەستە بگەن بۆیە ئاسایی بوو نانەوەی فیتنە و ئاژاوەو گێرە شێوێنی لە نێوان گەلانی ئەم ناوچەیە بێئەوەی گوێبدەنە هیچ رێنما ونەریت و بەرژەوەندیەکی گەلەکان ( ئەوان هەموو هەولێکیان دا بۆ ئە وەی پە یوەندیەکانی نێوان گە لان بشێوێنن لە وانە بزوتنەوە نەتەوایەتیەکان ودروست کردنی کە لێن لە نێوان ئاینە جیا جیاکانی ئەو ناوچەیە ودروست کردنی هە ندێک کێشە و بە کار هێنانی هە رچی ئامرازێک کە بە هۆیەوە دوبەرەکی وناکۆکی بکەوێتە نێوانیان بە تایبەت لە کوردستان وئەرمینیا .

ئا بەم شێوەیە هەڵوێستی دەوڵەتە زلهێزەکان بەرانبەر بە کێشەی ئەرمەنەکان لە یەک دەچن بە تایبەت دوای کۆنگرەی سان ستیڤانۆ کە دواتر بە ناوی پەیماننامەی سان ستیڤانۆ هاتە ناسین لە ئەرتیکلی (مادەی) 16 دەڵێ دە بێ هەندێک چاکسازی لە ئەرمینیا ئەنجام بدرێ ( بەهۆی ئەوەی گوایە ئەو ناوچانەی کە بە ئەرمینیای رۆژئاوا دەناسرێ بە پێی ئەم پەیماننامەیە دەبێ روسیا لێی بکشێتەوەو رادەستی تورکیای بکا بۆیە پێویستی بە چاکسازی وخزمەتگوزاری دە بێ چونکە لە ئەنجامی کشانەوەی روسیا دورنیە هەندێک ئالۆزی وپشێوی دروست ببێ و لە ئەنجامدا کاربکاتە سەر پەیوەندیەکانی نێوان هەردوو وڵاتی دۆست بۆیە دەبێ دەوڵەتی عوسمانی پابەندی ئەم بەڵێنانە بێ کە چاکسازی لەم ناوچەیە بە ئەنجام بگەیەندرێ ، ئەمەش بە شێوەیەک بکری لەگەڵ بارو دۆخی ئەم ناوچەیە بێتەوە ( تورکیاش بەدەوری وقۆناغ بە قۆناغ ئەو دەولەتانە ئاگادار بکاتەوە کە ئەرکی چاودێری کردنی ئەم بڕگەیان لە ئەستۆیە ) ئەمەش بەکار هێنان وسوار بونی شە پۆلی نارەزایی گەلانی ئەو ناوچەیە بوو بۆ ئەوەی لەم میانەوە بەرژەوەندیەکانیان مسۆگەر بکەن .

دەسەڵاتدارانی عوسمانی زۆر بەچاکی مەرامی دەوڵەتە مەزنەکانی بۆ رون بوەوە کە هەر دەوڵەتەو بە پێی بەرژەوەندیەکانی خۆی نەخشەی بۆ کارەکان داڕشتوە ، بەڵام دوای ئەوەی لە کۆنگرەی سان ستیڤانۆ لە 1817 کێشەی ئەرمەنەکان دەبێتە کێشەیەکی نێودەوڵەتی ، تورکیا کلر بۆ دارشتنی بە رنامەیەک دەکا کە رێگە لە نەخشەکانی ئەوروپا بگرێ چیتر دەست نەخەنە ناو کارو باری دەوڵەتی عوسمانیەوە ، ئەویش بە داخستنی دۆسیەی کێشەی ئەرمەنەکان ، نە ک هەر داخستنی بە ڵکو حاشا لێکردنیشی و خۆدزینە وەش لە جێبەجێ

کردنی پەیماننامەی سان ستیڤانۆ وبەرلین ( زیاتر لە جارێک سوڵتانی عوسمانی عبدالحمید ی دووەم رایگەیاند کە دەمرێ و ماددەی 61 جێ بەجێ ناکا ) .
بۆیە دەبینین سوڵتان کاری بۆ دابڕانی گە لی ئەرمەنی وجێ بەجێ نەکردنی ئەم مادەیەی دەکرد و دژی هە موو داخو ازیە نەتەوایەتیە کانیشیان دە وەستا کە بریتی بوون لە مافی خۆبەڕێوەبردن وئۆتۆنۆمی ، یا چە ند ووردە چاکسازیەک ، ئە م رێگریە ش لە رێگەی نانەوەی ئاژاوەو چاندنی تۆی دوبەرەکی لە نێوان پێکهاتەکان دەبوو بەتایبەت لە نێوان کورد وئەرمەن ( دەزگ ە کاربەدەستەکانی عوسمانی لە م روە وە باڵادەست بون لە تێکدانی پەیوەندیەکانی نێوان کورد وئە رمەن بە رژەوەندیان هە بوو بۆیە بە هەموو توانایە کیان کاریان لەسەر تێکدانی ریزە کانی ئەوانیان دەکرد ، هە موو کونێکیان دە گرت کە هەوڵی لەیەک نیزککردنەوەی کوردو ئە رمەنی لێ دە هاتە ژوور ، ناوی ئە رمەنیان لای کورد دەزراند هی کوردیش لای ئە رمەن ، لەترسی ئەوەی بزوتنەوەکەیان لای ئە وی تر نە بێتە هێزێکی پالپشت . بۆ عوسمانیەکان ئەمە پێکانی دوو چۆلەکە بوو بەیەک بەرد .
وەکو نمو نە لەسەر ئە م هە لوێستانەی دە سەڵاتی عوسمانی دووە م کارە کۆکوژیەکەی ئەرمەنەکانە کە کۆمەڵەی ئیتحاد وتە رەقی پێی هە ڵسا لەم روەوە فائز غە سین کە شایەد حالێکی ئەم کۆکوژەیە دەڵێ : ( بەرپرسە تورکەکان لاشەی ئەرمەنەکانیان بە جلی کوردی دەپۆشی بۆ ئەوە بیان کا بە کوژراوی کورد وبیان خاتە ئەستۆی ئەرمەنەکانەوە ) واتە بۆ وروژاندنی هەستی نەتەوایەتی ئەوان بوو ، هەروەها دەڵێ دەسەڵاتدارانی تورک زیندانیان لە شوێنەکانی تری وڵات دە هێنا و جلی کوردیان دەکردنە بەر و بەرەو شاری دیار بەکرو ئەرزەرۆمیان دە بردن بۆ بە شداری پێکردن دژی شە ری ئە رمەنەکان بۆئە وەی نیشانی خەڵکی بدە ن کە ئەمە کوردەکانن کۆکوژی ئە رمەنەکان دە کەن هەرچەندە ئەم کارو رەفتارانە هەندێک پشێویان لە نێوان هەردوولادا نایەوە بەڵام سەرکردە کوردو ئەرمەنەکان زۆر لە پیلانەکانیان مە زنتر ووشیار تر بون رێگە یان نە دا ئەم پشێویە درێژە بکێشێ ڕاستی مە رامەکانی تورکیان ئاشکرا کرد ، کە لە رێگەی کرێگرتە و سیخورە کانیان جبەجێدەکردن یان راستەوخۆ لە رێگەی خۆیانەوە ، زۆر لە چاودێرو کونسۆل و بالوێزی وڵاتە بێگانەکان هەستیان بەو لەیەک نزیک بونە وەی کوردو ئە رمەن دەکرد ، بۆ نمونە ئادەمۆڤ کونسۆلی روسیا لە ئەرزەرۆم نامە یەکی نهێنی بۆ بالیۆزی وڵاتە کەی لە ئیستەنبۆل لە سەر پە یوەندیەکانی کورد وئە رمەن دە نوسێ ، لە زاری یە کێک لە سەرکردەکانی ئەرمەن دەگێرێتەوە ( ئەگەر لێرەو لەوێ لەناو تیرەو هۆزە کوردەکان بە تایبەتیش لە هەرێم ی بدلیس کورد ئە رمەن بە دوژمنی خۆیان بزانن بە ڵامکوردەکانی تر هەمویان ئەرمەن بە دۆستی خۆیان دەزانن و ئامادەن دەستیان بخەنە نێو دەستیانەوە ، دواتر سوڵتان عبدالحمیدی دووە م چە ندین تیپی سە ربازیی تایبە تی دروست کرد وناوی نان سوارەی حە میدی کە سەرکردەی زۆربە ی تیر و هۆزە کانی دە وڵەتی لە خۆ گرتبوو ، زۆربەشیان کورد بوون مەبەستی سوڵتان لە دامەزراندنی ئەم تیپانە لێدانی خەباتی رزگاری نیشتمانی گە لانی سە لتەنە بوو لە وانەش خە باتی گە لی کورد وئە رمەن ، لێرە دا پێویستە تێبینی ئەوە بکەین کە بەشداربونی سوارەی حەمیدی لە کۆکوژیەکاندا وەکو هێزێکی نیزامی حکومەت بوون بەشداریەکەشیان وەک بەشدار بونی سەرباز وپۆلیس وابوو ، واتە بەشدار بونیان بە بەشداربونی هە موو گەلی کورد لە و کۆمەلکوژیەدا لە قەڵەم نەدرێت بۆ گە لی ئەرمەنی ، دوای پە یماننامەی بە رلین لە ساڵی 1878 دۆخێک رە خسا کە ئارامی باڵی

بەسەر ناوچەکە دا کێشا دە ەرفەتێکی باش بوو بۆ دامە زراندنی بزوتنە وەی سیاسی کە ڕێبەرایەتی خەباتی گەلی ئەرمەن بکات .
لە ناوچەی وان بزوتنە وەی ئەرمەنکان دواتر پارتی هە نچاک (زەنگ) لە ساڵی 1878 دامەزرا کە دروشمی دامە زراندنی دە وڵەتی ئە رمینیای سە ربەخۆ و ئازادی ویە کیەتیی ئەرمینیای بەرز کردبوەوە ، دوای سێ ساڵ واتە لە ساڵی 1890 پارتی تەشناق ( یەکیەتی ) دامەزرا کە دروشمی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا بە رزکردبوەوە بەڵام دوای ئەوەی گەلی ئەرمەن دڵنیا بوون لە وەی سوڵتانی عوسمانی ئە و چاکسازیە جێبەجێ ناکات کە بەڵێنی لە سەر دابوو واتە دەوڵەت وە ک جارانی پێشو لە سەر جە م بە ڵێن وپەیمانەکانی پاشگەز دەبێتەوە بۆیە دبینین ئەرمەنەکان لە ناوچەی ساسۆن لە ساڵی 1894 شۆڕشیان هەڵگیرساند ، سوڵتان عبدالحمید هە ڵگیرسانی ئەم شۆڕشەی بە هەلێکی گونجاو زانی بۆ جێبە جێ کردنی ئامانج ونە خشەو پلانەکانی کە بریتی بوون لە جینۆسایدی گەلی ئەرمەنی وداخستنی دۆسیە ی چاکسازی ناوە خۆیی بە پاساوی جیاجیا ، لە هەردوو مانگی ئاب وئەیلولی 1894 دا سوڵتانی عوسمانی بەبەرچاوی تەواوی دەوڵەتانەوە کوشتارگەی بۆ ئەرمەنەکان نایە وە زۆر بە دڕندەیی کە وتە گیانیان ویە کەمیان بە م شێوە یە بوو (دوای جەنگی ساسۆن ودە ست گرتن بە سەر ناوچە کەداو لە وەڵامی داخوازی دە وڵەتە ئەوروپیەکان کە ئەنجام دانی چاکسازی بوو لە ئایاری 1895 ساڵتان ئەو سە رباز وجەندرمەو هە ندێک لە و بە کرێگیراوانەی بە کرێی گرتبون بۆ لە ناو بردنی دانیشتوانی ناوچەکە لە ماوەیەکی کورتدا 40 گوندی پێ خاپورکردن ونزیکە ی 10000 دە هەزار کەسیشی پێ بە کوشت دان لە گەورەو بچوکی ناوچەکە، دەسەڵاتدارانی سەلتەنە لە 1895 – 1986 دووەم کوشتارگەیان بۆ ئەرمەنەکان نایەوە کە زۆربەی ئەو ناوچانەی گرتەوە کە ئەرمەن نشین بون ئە م کۆکوژیە گەلێک لە کۆکوژیەکەی ساسۆن توند ترو دڕندانە تر بوو نزیکەی 150000 سەدوو پەنجا هەزا ر کە سی لەناو برد جگە لە روخاندنی هەزاران کەلیساو دێر کە بە ملیۆنەها لیرە ی عوسمانی دە خەملێندرێ ، بە گەیشتنی پارتی یە کیەتی وتەرەقی بۆ سە ر حوکمڕان و ڕە فتار کردنی تاکڕە وانەی لە حوکمڕانی لە 1908 ، بیری تۆرانیزم بۆ دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتێکی تۆرانیی تورکی سە ری هەڵدا کە سنورەکەی لە بەلکانەوە تا مەنگۆلیا بگرێتەوەو گەلەکەشی تۆرانیی تە واو بن نە ک وەکو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بێ چە ندین میلەت لە خۆ بگرێ ( ئەوەبو لە تۆڵەی کاردانەوەی شکستەکانی لەگەڵ ئە وروپا و هە ڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریە تەکەیان دروشمی تۆرانیی بە رز کردە وە لەگەڵ بە تورک کردنی گە لانی ژێر دە ستیان ، بۆیە کاریان لەسەر پاراستنی سنورە کانی ئیمپراتۆریەت دەکرد .
بیری تۆرانیزم لە سەر ئە م بنە مایە رەگەزپەرستیە بنیاد نرا بۆ نمونە لەسەر ئاستی رۆشەنبیری وکۆمە ڵایەتی بانگخوازیی بۆ بوژاندنە وەی نەریتی تۆرانیی – مەغۆلی دەکرد و ستایشی پاڵەوانە کانی تۆرانیەکانی دەکرد وەکو ( جەنگیزخان و تەیموریڤلەنگ وهۆلاکۆ ) بۆ ئەوەی کەشڤو هەوایەکی وابخولقێنن کە خەڵکی شانازیان بە شارستانێتی دوارۆژەوە بکا .
لەسەر ئاستی سیاسیش بانگخوازی دامە زراندنی کیانێکی سیاسیی یە کگرتوی سەربەخۆی دە کرد کە هەموو رەگەزەکانی تۆرانی لە خۆ بگرێ وە کو ( تورک وتەتەر ومەغۆل) سنورەکەی لە مەنگۆلایاوە تا بە لکان بگرێتە وە ئەم ناوچە یەش لە هەموو

رەگەزاکانی ن!ا تۆرانی پاک بکرێتە وە بە بیانوی ئە وەی ئە وان هۆکاری روخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوون ئە وان هاوکاری ئیمپریالیزمیان کردوە و پیلانیان دژی عوسمانیەکان گێڕاوە .

بە بۆچونی تۆرانیە کان ئاینی ئیسلامی هۆکاری لاوازکردن ولە ناو بردنی دە وڵەتی عوسمانی بوو بۆیە دروشمی دەوڵەتی عەلمانیان بەرز کردبوەوە . داواشیان دەکرد سیمای موسلامنێتی لەسەر دەوڵەتی عوسمانی نە مینێ ، لە سەر ئاستی ئابوریش داوایان کرد کە هەموو توانا ئابوریە کان لە خزمەت بە رژەوەندیەکانی دە وڵەت دابێ بۆ ئە وەی پایە ی دەوڵەت بەرز راگیرێ .

ئ ەم هزرانە بە تەواوەتی بەسەر بیرکردنەوەکانی سەرکردەی پارتی تورکیای فەتات ( کە ناونرا بە کۆمەڵەی یەکیەتی و تە رەقی ) دا زاڵ بوون بە تایبەت لەو کاتەی بە تاکرەوانە دەسەڵاتی گرتبوە دەست لە 1909 لە ژێر ناوی شۆڕشی دەستوری ، دکتۆر نازم کە یەکێک بوو لە سەرکردەکانی ئەم پارتە ئامانجەکانی ئەم شۆڕشەی رون کردەوە وتی: (بۆچی ئەم شۆڕشەمان هەلگیرساند ؟ ئامانجمان چی بوو ؟ ئایا مە بەستمان روخانی سوڵتان عبدالحمید وپیاوەکانی بوو تادە ست بە سەر دە سەر لاتدا بگرین؟ نە خێر وا بیر ناکە مەوە چونکە من نامەوێ هیچ کاتێک جگە لە تورک کە سی تر لە سەر ئە م خاکە بژیێ ، با هە موو پێکهاتەکانی تر لەناو بچن هەرچیەک بێ بیرو راو ئاینیان ئەمە گرنگ نیە بۆ من ، بۆیە و لەم روانگەیەوە دەبی ئەم خاکە لە هەموو بێگانەکان پاک بکرێتەوە دەبێ تورکەکان خۆیان ئەم ئاڵایە بگرنە دەست هیچ ئاینێک گرنگ نیە چونکە ئاینی من تۆرانیە .

هەڤاڵەکەشی لە ناو حزب دکتۆر شاکر دە ڵێ : کاتێک یەکێکی زۆربلێی وە کو موساو یەکێکی گەرۆکی وەکو عیسا و ویەکێکی بێیاوک وەکو محەمەد بتوانن لەسەر ئەم خاکە ئەم ئاینە دابمەزرێنن وبڵاوی بکەنەوە بۆچی ئێمەی شۆڕشگێرو بیرمە ندەکانمان ناتوانن ئاینی تۆرانی بڵاوکەینەوە ؟ لە کاتێکا دەسەڵات وپایە بەرزەکانی میللەت بەدەست ئێمە بێ ولە ڕێگەی حکومەتی ئیتحاد و تەرەقیەوە پشتیوانی بکرێین و تاقە ئامانجیشمان درێژە پێدانی ژیانی نەوەکانمان بێ بە خوێنی تورکی ، دە بێ ئە م خاکە لە بێگانەکان پاککەینەوە ئەم بێگانانە وەکو گیای زیانبەخشن دەبێ لە ریشەوە هەڵیان تەکێنین لە ماڵەکانمانیان وەدەر نێین ، ئەمەیە ئامانجی شۆڕشەکەمان .

ئەوە بوو پارتی ئیتحاد وتە رەقی لە میانەی کۆبونەوەکەی ساڵی 1910 بڕیاریان لەسەر چەمکی زاڵ بونی رەگەزی تورکی بەسەر رەگەزەکانی تر دا ، سەرەڕای ئەمەش بڕیاریان لەسەر جێبەجێ کردنی ئەم چەمکە دا بە هەموو شێوازێکەوە .

لە کۆبونەوەکەی ساڵێ 1911 کە بە سەرۆکایەتی تە لعەت پاشا بە سترا و زۆربە ی سەرکردەکانی حزب تیایدا بە شدار بون لە وانە ، ئەنوەر پاشا جە ماڵ پاشا کە بە کۆکوژی ئەرمەنەکانەوە دەناسرا و دکتۆر نازم و بە هاءالدین شاکو وسە عید حلیم پاشا و ئە وانیتر ، لەم کۆبونە وەیە ئەرمەنەکانیان کردە ئامانج بۆ جێ بە جێ کردنی بڕیارە کە کە قۆناغی یەکەمی پرۆژەکەیان جێبەجێ کرد ، بۆیە سەرکردەکانی حزب لە مەلاسی ئەو هەلە دابون تا بۆیان دە رەخسێ وبە م کارە درندەییەوە هەڵسن تا کاتێک جە نگی بە لکان کە لە نێوان ساڵەکانی 1912 و 1913 رویداو تورکە کان لە بەرانبەر یۆنانستان و بولگاریاو سربیاو مۆنتنیگرۆ دا شکستیان خوارد ئیتر ئە وکاتیان بە دەرفەت زانی بۆئە وەی سە رکردەکانی پارتی ئیتحاد وتە رەقی قینی دڵی خۆیان لە و گە لانە دارێژن کە رە گەز تورک نین و ئە و

ناوچەیە بکەن بە پێگەو وڵاتێک بتوانن ئیمپراتۆریە تی تۆرانیی تورکیی تیا دابمە زرێنن کە جگە لە رەگەزی تورک هیچ رەگەزێکی تر لێی نەژیێ .
ئا بەم عەقلیەتە حکومەتی ئیتحاد وتە رەقی کارو باری دە وڵەتی هەڵدەسوڕاند ، لە هەمان کاتیشدا ئە و دروشمانە ی بە رز دە کردنەوە کە لە شۆڕشی فە رەنسیی وە رگرت بوو ( دادپەروەری ، ئازادی ، برایە تی ، یە کسانی ) بۆیە دە بینین لە سەرەتا هەمو بزوتنەوە سیاسیو زۆربەی ئەوانەی بانگخوازیان بۆ چاکسازی دە کرد لە هەمو پێکهاتەو نەتەوەکانی دەوڵەتی عوسمانی پشتگیریان لەم دروشمانە دەکرد لە پێش هەمویان ئەرمەنەکان کە بە نیاز پاکیەوە لەگەڵ ئیتحاد وتە رەقی پێشنیاری یە کیەتی فیدرالیان کرد لە چوارچیوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە نێوان تورک وئەرمەن وکورد وئەلبانەکان (ئەرنائوت) لوبنانی ومەکدۆنی ) ئەمەش لە پێناو رێگە گرتن لەبەردەم ئاژاوە گێری ودامەزراندنی دەوڵەتێکی موئەسسەساتیی هاوچەرخ بەڵام دوای یەک ساڵ لە تاکرەوی سەرکردەکانی ئیتحاد وتەرەقی لە حوکمڕان و جێبەجێ نەکردنی دروشمە بریقەدارەکانیان ، هەلوێستە پشتگیریەکان گۆران بۆ راپەڕین ویاخی بون وشۆڕش لە سەرتاسەری دەوڵەت .
پاش ئەوەی ئەرمەنەکان بۆیان رون بوەوە کە دەوڵەت بەڵێن وپەیمانەکانیان ناگەیەننە جێ و پارت وبزوتنەوە سیاسیەکانی ئەرمەنیش لەو پەڕی بەهێزی و یەکگرتویی دان سیاسەتی ئیتحاد وتەرەقیش بەرەو سیاسەتی پاکتاوکردن و لە ناوبردنی نەتەوە کانی نا تورک هە نگاو دەنێ بە تایبەت دوای جە نگی بەلکان لە ساڵی 1912 – 1913 ، بۆیە ئەرمەنەکان داوای جێبەجێ کردنی مادده ی 61 لە پەیماننامەی بەرلینی 1878 یان کرد بۆئە وەی بەشیک لە مافە نەتەوایەتیەکانیان مسۆگە ر کە ن . بەرانبەر بە داخوازیەکانی میلە ت بۆ چاکسازی وجێبەجێ کردنی گفت وپە یمانەکان بێزاری روی لە زیادی کردو بەم حالەتە سەرکردەکانی ئیتحاد وتە رەقی خۆیان لە بەردەم جە نگی یە کەمی جیهانی بینیە وەو بە ناچاری لە تەک ئەڵمانیا بەشداریان لە جەنگی یەکەمی جیهانی دا کرد وئیتر رێگە لە چاکسازی وداخوازیە ناوەخۆییەکان دگیرێ ولە گێرانەوەی دەسەڵاتە لەدەستدراوەکانی کە لە جەنگی دژ روسیاو فەرەنسا وئینگلتە رای لە دەست دابون بێ ئومێد دە بێ ، هە روەها ناتوانێ بە رپەرچی داخوازیەکانی گە لانی بە لکان و ئە رمەن بداتە وە کە داوای سە ربەخۆییان دە کرد ، بۆیە بریاری دا روبە ڕوی ئە رمەنەکان بێتە وە . نەخشەو بە رنامەی پۆلاینیان دارشتن بۆ چارەسەر کردن وداخستنی دۆسیە ی ئەرمەنەکان بەڵام نەک بە رێگەی ئاشتیانە و دیالۆگ لەگەڵ سەرکردە ئەرمەنەکان بەڵکو بە رێگەی ئاگر وئاسنەوە کە بریتی بوو لە کاولکردن ولەناو بردنی تەواوی گەلێک ، ئەم بەرنامەیەش بە سود وەرگرتن لە بارو دۆخی نائارامی جەنگی یە کەمی جیهانی جێبە جێ کرا ، بیرە بۆگەنە راسیستیەکەیان خستە سەر ئەرزی واقیع ولە رێگەی کۆکوژیە درندەییەکەیان زیاتر لە یەک ملیۆن و نیو کە سی سڤیلی ئەرمەنیان کوشت .
دکتۆر نازم جە ختی لە سەر ئەوە دەکردەوە کە زۆر زە رورە ئەم کۆکوژیە یەکجارەکی وسەرتاسەری بێ دە یوت : ( دەبێ ئەرمەنەکان لە رەگەوە هەڵیان کێشن ، نابێ تە نها تاقە ئەرمەنێک لە سەر خاکە کەمان بە زیندویی بمێنێ دە بێ ناوی ئە رمەنی لە وڵاتەکەمان بسرێتەوە ، ئێمە لە حاڵەتی شەڕداین لەم هە لەمان باشتر بۆ نارە خسێ نابێ چاوە ڕوانی دەرفەتی تر بکەین ئەگەر ئەم کارەمان ئەنجام دا نە کەس دەتوانێ بە هانایانەوە بێ نە گوێش

له رۆژنامەکان ده گرین بۆیه دەبێ ئه م ئۆپه راسیۆنه کۆکوژیه بۆ بن بڕ کردنی یەکجارەکییان بێ )

هەر به راگەیاندنی تورکیا له بەشداری کردنی جه نگی یه کەمی جیهانی ئیتحادیه کان لیژنەی تایبه تیان به سەرۆکایەتی ته لعەت پاشا ی وه زیری جه نگ وئه ندامێتی دکتۆر بهاالدین شاکر و شوکریی وه زیری پەروەردە و دکتۆر نازم پێکهێنا بۆ سه رپەرشتی کردن وئامادە کردنی نەخشەو پیلانی لەناو بردنی ئەرمەنەکان و شێوازی جێبەجێکردنی نەخشەکه .

بۆ نمونه دکتۆری سەربازی رەشید بەگ یان دامەزراند به والیی دیار بەکر که یەکێک بوو له تۆرانیه توندڕەوەکان دەسەڵاتی رەهایان پێ به خشی ، له سایەی دەسەڵاتی ئەویش بوو کۆکوژیەکەی ئەم ویلایەته جێبەجێ کرا ئه ویش له رێگەی هەندێک بەرەڵلای زەلام کوژ وکۆمەلێک له پۆلیس که یارمەتیی پیاوانی ده رەک بده ن بۆ کوشتنی ئه رمەنەکان له ناو خانەی خۆیاندا . ئەم پیلانەش وا داڕێژرا کوشتارگه که به هاوکاری پیاوکوژه زیندانیەکان بکرێ که به دڕندەو پیاو کوژ ناسرابون له زیندانەکانی تورکیا. ئەم زیندانیانه به فەرمانی لیژنەی مەرکەزیی کۆمەڵەی ئیتحاد وتەرەقی ئازاد کرابون سوپایەکی 10 تا 12 هەزاریان لێ پێکهێنابوون به گروپی 40 تا 50 کەسی له سەرە رێگاکان مه لاسیان دابون له و شوێنانەی که کۆچبەرەکان پیایدا تێپەر دەبون له کاتی رەتبونیان دەستیان لێ دەوەشاندن وله ناویان دەبردن .

دوای ئەوەی له هەر ناوچەیەک لیژنەی تایبەتیان بۆپێکهێنابون بۆ لەناو بردنی ئەرمەنەکان له شێوەی کۆکوژیی بی ویژدانانه ، به یاننامەیەکیان دەرکرد که هەرکەسێک هاوکاری ئەرمەنەکان بکات روبه ڕوی مەزنترین سزا ده بێتەوە ، تیایدا هاتبوو هه رکەسێک زاتی ئەوه بکات منداڵێک یا ژنێکی ئەرمەنی یا هەر ئەرمەنیەک له ماڵەکەی خۆیدا حەشار بدا یا بیدۆزێتەوە و پەنهانی بدا ئەوا له تۆڵەی ئەم رەفتارە سزاکەی لەسەر دانانی سەریەتی ).

ئیتر ئەوه بوو بەرپرسانی دەوڵەت له سەروی هەمویانەوە تەلعەت پاشا وه زیری ناوەخۆ بروسکه یەکی نهێنی ده کا ، ده ستپێکردنی نەخشەی لەناوبردنی ئەرمەنەکان بێ بەزەییانه رادەگەیەنێ ، ئەو بروسکەی تەلعەت پاشا وەزیری ناوەخۆ بۆ والیی حەلەب دەنێرێ دەڵێ :

( بەر له ئێستا بڕیارەکەی کۆمەڵه ( کۆمەڵەی ئیتحاد وتەرەقی ) م پێ راگەیاندون که بڕیار دراوه هیچ ئەرمەنێک لەسەر خاکی تورکیا نه مێنێ ه ەمویان له ناوببردرێن ، ئەوەی دژی ئەم بڕیارو فەرمانەش بوەستێ لەسەر کار لادەبردرێ ئەگەر پلەو پایەی هەر چیەک بێ ، چونکه دەبێ کۆتاییک بۆ ئه رمەنەکان دابنرێ .بۆ جێبه جێ کردنی ئه م بڕیاره ش هیچ بەهایەک بۆ ته مەن وره گەز دانه ندرێت .له نامەکەدا هاتبوو ده ڵێ : زانیومه دادگای سەربازی هه ندێک له فەرمانبەرانی ده وڵەتی داوه ته دادگا به تۆمەتی به کارهێنانی توندو تیژی لەگەڵ ئەرمەنەکان ، ئه گەر ئەمجکاره وەکو رەفتارێکی شەکلیش ئەنجام درا بێ بۆ بەرزکردنەوەی ورەی فەرمانبەران به ڵام نابێ رێگه بدرێت کاردانەوەی لەم جۆره روو بدات).

له نامەی دووه میدا بۆ هه مان والیی ناردوه تیایدا وا نیشان ده دەدا که هەندێک له فەرمانبەران هاوسۆزیان بۆ ئازار ومه ینەتەکانی ئه رمەنەکان نواندوه و به و هۆیه وه فەرمانەکانیان جێبەجێ نەکردوه دەڵێ : ( ئەگەر گوێ له گلەیی وداواکاریەکانی ئەرمەنەکان بگیرێ و بەو هۆیەوه بۆ بیابانەکانی سوریا و عێراق بگوازرێنه وه ئەوا له داهاتوو کێشەی

سیاسیمان بۆ دروست دە کەن بۆیە دەبێ فەرمانەکان بە بێ کەم کردنەوە جێبەجێ بکرێن ، ڕێنمایی بدەن بە فەرمانبەرەکان کە گوێ لە داواکاری وگلەییەکانیان نەگرن ).
بۆ چەواشەکردنی رای گشتیی جیهانی حکومە تی عوسمانی بە یاننامەیەکی دەرکرد تیایدا هاتبوو ( ئەرمەنەکان سە رپێچی یاسایان کردبوو و لە چاوەروانی ئە وهەلەدان کە حکومەتێکی سە ربەخۆ دابمە زرێنن ، چە ک وتە قەمەنیی زۆرمان لە دەست ئە وان گرتن دەستیان هەبوو لەکوشتنی موسلمانان لە وان و هاوکاریی سوپای روسیان کرد لە و کاتەی کە حکومەت لە گەڵ فرە نساو ئینگلتە را وروسیادا لە حالەتی جە نگ دابوو نیازی هەلگیرساندنی شۆڕشێکی سەرتاسەریان هەبوو ، بۆ رێگە گرتن لە ئاژاوەو خەراپەکاری حکومەت بڕیاری دا بۆ ولایەتی موسل وسوریا بگوازێتەوە ئەمەش بۆ ئەوەی سەرو ماڵ و ئابڕویان پارێزراو بێ لە و شوێنە ی دەیانگوێزینەوە بۆیە رێنمایی وامان دە رکردوە کە تا ئەو کاتەی شەڕو پێکدادانەکان کۆتاییان پێ دێ ئە وان پارێزراو بن و شوێن حە وانەوەیان خۆش گوزەران بێ.
لەسەر هەمان رێچکە کۆمەڵەی ئیتحاد وتە رەقی یاریی بە هەستی موسلمانەکان دەکرد ، ئەو کاتەی بە بیانوی ئەگەری ئاینەوە بەشداریی لە جەنگی یەکەمی جیهانیی دەکردو سیماو روخسارێکی ئاینیی دە دا بە جەنگەوە ، لە سەر داوای ئە ڵمانیا بە یاننامەیەکی بە ناوی خەلیفەی موسلمانانەوە دەرکرد کە ئەم شە ڕە شەڕی جیهادە ولەسەر هەموو موسلمانێکە بەشداریی تیا بکاو پشتگیری لە برا موسلمانە کانی بکا لە هەرشوێنیک بێت ، بۆ ئە م مەبەستە بە هاوکاریی ئەلمانیا نامیلکەیەکیان بە زمانی عەرەبی دەرکرد تیایدا ئامۆژگاری ورێنمایی ووردیان لە سەر ئە م جە نگە پیرۆزە بڵاو کردە وە تیایدا ئازار وئە شکەنجەکانی موسلمانان لە ئاسیاو ئەفریکا کەبەدەست کریستەکانەوە دەنالێنن ئاماژەی پێ درابوو دەڵێ : ( لە سەر هەموو موسلمانێکە لە هەر سوچێکی ئەم دونیایەبێ بە فەرمی سوێند بخوا کە دەبێ بە لانی کە م سێ تا چوار کریستی بکوژێ هە ر کە سێکیش ئە م پە یامە بگەیەنێتە جێ لە گوناهی سەر دونیا پلک دەبێتەوە .
دوای ئامادە کاریەکی وورد دە ست بە پرۆسەی کۆکوژیی (جینۆساید)ئەرمەنەکان کرا یەکەم قۆناغی لە گەل دەست پێکردنی جە نگی یەکەمی جیهانی دە ستی پێکرد لە 1914 بە کوشتنی 150 هەزار سەربازو ئەفسەری ئەرمەنی لە بەرەکانی جەنگی روسی ، قۆناغی دووەم لە شەوی 24 ی نیسانی 1915 بە دەستگیر کردنی 600 کەسایەتی وسەرکردەی ئەرمەن لە پایتەخت لە ئەستەنبۆل بوو ، کە لە ناویاندا کە سایەتیی ئاینی وسیاسی و پەرلەمانتاری عوسمانی هە بوون هەندێکیان خزمە تی زۆری ئیمپراتۆریە تیان کردبوو وەکو شاعیر ونوسە رو دەرمانساز و مامۆستا ، سە رەتا بۆ ئە نکەرە گواسترانەوە دواتر بۆ شوێنێکی نادیار گواسترانە وە دوای ئەوە بێ سەرو شوێن بوون هاوکات لە گەڵ دە ستگیر کردنی ئەو کەسایەتی و ناودارانە سەربازە جێماوەکان جیا دە کردێنەوەو کاری سە خت و سوکایەتیان پێ دە کرێ وردە وردە کارو رەفتارەکان توندتر دە بن تا کار دە گاتە ئەو ئاستە بەدەستی خۆیان گۆریان پێ هەڵدەکەنن ودەیانخەنە ناویانەوە .
دوای ئەم قۆناغە راگواستنی ئەوانەی ماون لە ئەرمەنەکان دەست پێدەکا بۆ بیا بانەکانی عێراقی وسوری وراوەدونان وتاڵان وکوشتن وبڕین بە بێ سنور و لێپێچانەوە بڵاو دەبێتەوە ئەم حالەتە بەم شێوەیە دەمێنێتەوە لە 24 ی نیسانی 1915 تا ئاگر بەستەکەی مودرس لە 30

ی تشرینی یەکەمی 1918 کە لەو رۆژدا بە نەخشەیەکی داریژراو وریکخراو ئۆپەراسیۆنە کۆکوژیەکە بە کوشتنی ملیۆنێک ونیو کەسی ئەرمەنی روو دەدات .
هەموو ئەرمەنەکانی ئەنازۆل ی رۆژهەڵات ورۆژئاوا و هەرێمی کیلیکیا یان راگواستنەوە ئەوەی کوژرا کوژرا ئە وەیتر تاڵانکراو ئە وەی لە ژن و منداڵە کە مایەوە بەسەرگەردانی لەو چۆلەوانیە لە برسان ولە تینوێتیا مردن لاشە کانیشیان بەبێ ناز وبە فڕێدراوی جێمان .کەڵەکەی لاشەو کەلەی سەرو ئێسقانی مردوە کانی ئەرمەن و کوردو عە رەب بۆ مێژو بوونە شایەدحال بەسەر حوکمڕانی تورکەکانەوە .
بۆئەوەی بچینە سەر رۆلی کورد لەم کۆکوژیە دەبێ جەخت لەسەر وتەکانی دکتۆر کەماڵ مەزهەر ئەمین بکەین کە لە پەرتوکەکەیدا بەناوی کوردستان لە ساڵەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی دا هاتوە دەڵێ : (بە داخێکی زۆرەوە چ کەم چ زۆر لە وشیاریەوە یا لە ناوشیاریەوە و بە هاندان ولە خشتە بردنی لایەنێکەوە کورد بەشداریەکی سوکی لەم کۆکوژیە کردوە ) بەڵام ئەم بەشداریە بەشداریەکی تاکەکەسی بوو ، واتە هەندێک لە کوردەکان ئەگەر کەم ئەگەر زۆر ئەگەر چەند کەسێک بوبن یا چە ند کۆمەڵێک بەشداریەکیان لەم کارە کردوە ، واتە ئەوان نوێنەرایەتی گەلی کورد ناکە ن ، چونکە هەندێکیان ئەوکات نوێنەرو بەشێک بون لە دەسەڵاتی مەرکەزی وەکو تەشکیلاتی سوارە ی حەمیدی چونکە بەشێک بوون لە هێزی عوسمانی وئە وانیش وەکو هێزی پۆلیس و سوپا و اتە ئەوان نوێنەری گەلی کورد نەبوون دواتر ئە وکات هە ندێک لە بەناو پیاوە ئاینیەکانی کوردی کە بەشێک بون لە دەسەڵاتی عوسمانی بە شێک بوون لە دەسەڵاتی سیاسیی دە وڵەت ، یا هە ندێک لە کرێگرتەی دە وڵەت وەکو ئامرازی کوشتن وبڕین بە کار دە هێنران ئەوان بە راسپاردەی دەسەڵاتی حکومەت فەتوایان بۆ موسلمانەکان دەردەکرد بە کوشتنی کریستەکان بێ ئەوەی پشت بە هیچ دەقێکی ئاینی یا شە رعی ببەستن بەڵکو هەر لە خۆیانەوەو لە ژێر فشاری دەسەڵاتی حکومەتەوە بوو ئێستاش دەبێ ئەوانە خۆیان وەکوو تاکەکەس بچنە ژێر باری ئەو بەرپرسیارێتیە نەک گەلی کورد .
دواتر بە شدار بونی هە ندێک لە د هە ژارو نە دارەکان لە پاتار وتاڵان کردنی ماڵی ئەرمەنەکان لە دەست کورتی و پێویستیە وە بوو دەکرێ هەندێکیشیان لە چاوبرسێتی وچاو تێبڕینی ماڵی خەڵکی بوبێ چونکە دەسەڵاتدارانی تورک ئەمەیان بەدڵ نەبو ئەمان فەرمانی ئەوەیان دابون کە ئەرمەنەکان بکوژن ئە وسا ماڵەکەیان بە تاڵان بەرن بە ڵام بردنی ماڵ وپاتارکردنیان رەزامەندیی نەدەدا بە تورکەکان .
ئەگەر کەمێکی کەم لە کوردەکان بەشداریان لە تاڵان وکوشتنی ئە رمەنەکاندا هەبێ بەڵام زۆرینەیان بە هاوتای ئە رمەنەکان دە چەوسێندرانەوەو لە ناودەبردران هە ندێک جار لەوانیش زیاتر . ئەوەی ئەرمەنەکان دەیان چێشت ئە وانیش بە زیادەوە دەیان چێشت ئە و راستیەشیان دە زانی کە نۆرەی ئە وانیش بە رێوەیە و روبە ڕووی هە مان رە فتار دە بنەوە هەروەکو شێخ عبیداللە ی نە هری سەرۆکی شۆڕشی کوردیی 1880 دەڵێ : ( تورک ، ئێمەی کوردی بۆچەوساندنەوەی برا کریستیەکان دەوێ ، ئەوکاتەی ئەوان لە ناودەبا ئەوسا رو لە ئێمەدەکا بۆ لەنا وبردنمان ) .
کوردەکان هاوسۆزی ئەرمەنەکان بوون و لە هەر شوێنێک بۆیان بکرابا یارمە تیان دەدان و دە یان حە واندنەوە و لە دەست تورکە کانیان رزگار دە کردن ، ئە رمەنەکان لە هەموو

شوێنێک دۆستی کوردیان هه بوو ، ئه مه رەوشی ئه وکاتە بوو له کۆتاییەکانی سه دەی نۆزدەهەم و لەمیانەی جەنگی یەکەمی جیهانی .
له زۆر شوێن کورده کان ده ستی یارمه تیان بۆ ئه رمەنەکان درێژ ده کرد وله هەندێک شوێنیش به پراکتیکی به شداریان له بزوتنەوەکەیان وبه رگری کردنیان ده کرد بۆ ئه وەی سنورێک بۆ کۆکوژیەکەیان دابنرێ ئەم حالەته بەتایبەتی له دەرسیم بەدی دەکرا .
چەندین جار هاوشان لەگەڵ ئەرمەنەکان راپەڕین وهەموو شێوه یارمەتی وهاوکاریەکیان پێشکەش به ئەرمەنەکان کردن ده ستی یارمه تیان بۆ لێقه وماوان درێژ ده کرد و له وه نەدەترسان پەیماننامه لەگەڵ ئەرمەنەکان ببەستن . یەکێک له ئەفسەره کوردەکان که ناوی مستەفا وه فا بوو خۆی و سه ربازەکانی چوه پاڵ سوپای روسه وه بۆ ئه وەی دژی عوسمانیەکان بجه نگێ ئه مه یەکێک بوو له رێککەوتنەکانی نێوان کوردو ئه رمەن ، له روێکی تریشەوه کوردەکانی دێرسیم زیاتر له 5 هەزار ئەرمەنیان حەواندنەوەو له مردنیان رزگار کردن .
دکتۆر کەماڵ مەزهەر له زاری عەزیز یاملکی ده گێرێتەوه دەڵێ : ( ئەگەر هەرچەندی ئەرمەن له ئەنادۆل مابن وله مردن رزگاریان بوبێ ئه وا سێ له سەر چواریان به هۆی کورەدوه رزگاریان بوه .)
هەزاران ئەرمەنی له گوندو خێمەو حەشارگەکانی کوردان خۆیان شاردبوه وه دوای تەواو بوونی جه نگی یه کەمی جیهانی ژماره یەکی زۆری ئه رمەن دۆزرایەوه له کوردستان که توانیبویان ده رباز ببن ، دو ای ئاگر به ستی مودرس له 30 ی تشرینی 1918 وخۆ وەدەست دانی ده وڵەتی عوسمانی نوێنه ری کورده کان سه ردانی نوێنه ری ده سەڵاتی بەریتانیان کرد له حەلەب نامه یەکی تایبه تیان سه بارەت به و ئه رمەنانه پێدان که لەلای خۆیان حه شاریان دابوون تیایدا نوس یبویان : له گوند وخیوه تگا که ماندا زیاتر له 600 ئەرمەنی هه یه که زۆربەیان ژن ومنداڵن ، له گوندو خیوه تگەی دراوسێشمان 3500 ئەرمەنی تر هەن له ناوچەکانی رۆژهەڵاتیشمان که ناتوانین پێیان بگەین 6800 ئەرمەنی هەن ، ئێمه پێیانەوه ماندو بوین و به خێومان کردون نامانەوێ ئەو ماندو بونەمان به فیرۆ بچێ ئامادەین ئێستاش به دوای ئەرمەنەکانی تردا لەناوچەکانی دەورو بەرماندا بگەرێین و کۆیان کەینەوه ئامادەین هەرچی هاوکاری ویارمەتیەکی بیانەوه بیان گەیەنینێ .

ئەرمەنەکانی گوندی ( خاتسۆ باس لەو کاته دەکەن که عوسمانیەکان هێرشیان دەکەنه سەر بۆ کوشتن وراگواستنیان ، چۆن خه ڵکی تیره ی مه حەمەد ئاغا به رگریان لێدەکەن ده ست دەدەنه چەکەکانیان و سنگ له سوپای عوسمانی ده گرن رێگەیان پێ نادە بیان گوازنەوەو تخونیان کەون ، دەگێرنەوه چۆن نانه رەقەیان لەگەڵ پارچه دەکردن وکەل و پەلەکانیان بۆ دەفرۆشتن وبه نانیان دەدا .

هەروەها ئه و ئه رمەنانەی له ناوچەکانی تیره ی مه للی دەژیان له سایەی خه ڵکەکه بەوپەری ئارامی وئاسودەیی ژیاون به سەربەستی له ناوچەکانی ئەم تیرەیه له شاری وێران شەهرەوه هامشۆی گوند و رەشماڵەکانیان دەکرد و دەچونه شاری وێران شه هری پایتەختی ئیبراهیم پاشا ی مه للی . ئەو کاته ی هەواڵی دادپەروەری ئبراهیم پاشا له ناوچەکه بڵاو بوەوه ئەرمەنەکان به ئازادی وئا سودەیی کۆچیان ده کرده وێران شه هرو ده ورو به ری

ئیبراهیم پاشاش هانی کلد وئه رمەنەکانی دەدا بێنە ژێر سێبەری ودەی پاراستن ، لە کاتی هێرشە کۆکژیەکەی ساسۆن لە 1894 کە سوڵتان عبدالحمید پێی هە ڵسا ئیبراهیم پاشا کە بەهێز ترین فە رماندەی سوارە ی ح ەمیدیە بوو توانیی دە یان هە زار ئە رمەنی لە مردن رزگار کات . عبدالاه خلیل پاشا نە وەی ئیبراهیم پاشا دە گێرێتەوە دەڵێ : ( کۆمەڵێک لە ئەرمەنەکان لە ناو هاوپەیمانیەکەی مەللی دا بوون وەکو کەسێکی تیرەکە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا ، لە کاتی کۆکوژیەکەی 1915 توانیان چەندین ئەرمەن رزگار کە ن منداڵە کانیان لەخۆگرتن و بە پەروەردەو بڕوای ئاینی خۆیانە وە بەخێویان کردن ، بە ڵام هاوسەرگیریی بۆ نەکردن ، ئیبراهیم پاشا کاروانی ئە رمەنەکانی دەکڕدینەوە و ئازادی دە کردن ئەمە لەو شوێانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی ئیبراهیم پاشادا نەبون بەڵام ئەو شوێنانەی لە ژێر دەسەڵاتی ئەو دابون هیچ جۆرە ئازارێکیان پێ نەگەیشتبو .

------------------------------------

ناوەڕۆک

-------------

پانۆڕامای مێژووی ئەرمەنی
پەیوەندیە مێژوویی ەکانی کوردی – ئەرمەنی
پەیوەندیەکانی نێوان هەردوو لایەن، لە سەدەی بیستەم
پەیوەندیەکان لە میانی کۆنگرەی ئاشتەوایی لە پاریس
پەیوەندیەکانی نێوان پارتی تاشناق و پارتی خۆیبون و شۆڕشی ئاگری
پەیوەندیەکانی کوردو ئەرمەن لە ڕاگەیاندن ورۆژنامەکاندا
کوردو کوشتارگەری ئەرمەنەکان

{...} نوسینی ناو دوکەوانەی لەم جۆرەو بە خواروخێچی و بەم رەنگە = پەراوێزە..(ژێر نوسە)

**وەرگیرا لەچەند دێرێکدا**



www.serben.com

khalidherki@chello.nl

خالید عومەر میکائیل ناسراو بە ( خالید هەرکی)

- لە پایزی 1954 لە هاوینە هەواری سەلاحەدین ( سەربەن ، پیرمام ) لە دایک بوە .
- خوێندنی سەرەتایی وناوەندیی لە وێ تەواو کردوە بۆ خوێندنی ئامادەیی چۆتە هەولێر وکشتوکالی هەولێری لە خەبات لە 974 – 975 تەواو کردوە .
- لە مایسی 1977 ئەوکاتەی فەرمانبەری بانکی کشتوکالی شەقلاوە بوە بەهۆی ئاشکرا بونی ڕێکخستنە کانیان دەگیرێ وبە 10 سال زیندانی دەکرێ ماوەی کەمتر لە 3 سال لە زیندانی ئەبو غرێب دەمێنێتەوە دواتر بەر لێبوردنە گشتیەکەی 979 دەکەوێ .
- دوای ئازاد بونی بۆ چەند ساڵێک ڕو لە شاخ دەکا ودەبێتە پ.م .
- لە 996 وەوە لە دەرەوەی وڵات لە هۆلەندا دەژیێ ، ماوەی 5 ساڵێکە گەڕاوەتەوە کوردستان .
- باری کۆمەڵایەتیی ، خێزاندارەو خاوەنی 2 کچ و3 کوڕە .
- یەکەم نوسینی لە 973 بوە لە ڕۆژنامەی برایەتی و تائێستا دەنوسێ بە چەندین نوسین و وتاری ڕەخنەو شیکردنەوە بەشداریی لە ڕۆژنامەگەریی کوردی کردوە لە مالپەڕو ڕۆژنامەکاندا .
- لەبواری چاپکردن دا خاوەنی 4 پەرتوکی وەرگێڕانە 1/ مێژوی هاوچەرخ ئەورووپا لە شۆڕشی فەرەنسیەوە تا جەنگی دووەمی جیهانی 2/ بیرەوەریەکانی دیگۆل . 3/ ترۆتسکی . 4/ کوردو ئەرمەن ، پەیوەندیەکانی مێژویی ....... لە ژێرچاپیش پەرتوکی (کوردستان و کورد) ی هەیە .